الله
رسول
محمد

هارون یەحیا

# تیرۆر

و - ماهر بشیر بکر

2010

...ستراتیژیەتی بنەڕەتی تیرۆر بریتیە لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقان و دڵەڕاوکێ، وە بەهۆی ئەمەشەوە دەتواندرێت کاریگەری دروست بکات و ئامانجەکەی بەدەست بهێنێت. لەجیاتی ئەوەی ڕێگا و ئامرازی ئاشتیانە و یاسایی بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەو ئاواتانەی، کەچی گرووپە تیرۆریستیەکان ڕوو لە ڕێگاکانی توندوتیژی دەکەن، کە بە کاریگەرترین ڕێگای دەزانن. ..

... ئەو کەسەی وەکو داروینیزم بڕوای بەو بیرۆکە پڕوپووچ و بێمانایانە هەبێت، ئەوە بە کاریگەریەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سێو و پرتەقاڵ و گژوگیاو ترێ و گندۆرە و شفتی و گەڵاژ و هەڵووژە و خۆخ و قەیسی و گوڵەباخ و گوڵی لیلاک و ڕووەک و وەنەوشە و داروردەخ و گوڵی قەنەفە و پشیلە و مامز و پڵینگ و کەروێشک و سمۆرە و کەری کێوی و زەڕافە و هەموو بوونەوەرەکانی تری ئەم جیهانە، بگرە هەتا ئەندازیار و پزیشک و پرۆفیسۆر و مامۆستا ئەکادیمیەکان و هونەرمەند و سیاسەتمەدارەکان و هەر کەسێکی تری ئەم جیهانە، ئەمانە هەمووی بە ڕێکەوت هەر لە خۆیەوە هاتۆتە کایەوە و دروست بوون !!!؟

## نووسەر لە چەند دێرێکدا...



هارون یەحیا ئەو نووسەرەیە کە بەم نازناوە بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنقەرە-تورکیا- هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لەم شارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی میمار سینان ئادابی خوێندووە و لە زانکۆی ئەستەنبۆڵیش زانستی فەلسەفە فێربووە. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە بوارەکانی سیاسەت، ئیمان و باوەڕ وەهەروەها بوارەکانی تری زانست.

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

# بۆ خوێنەری بەڕێز

لە سەرجەم پەرتووکەکانی نوسەردا، بابەتی پەیوەندیدار بەباوەڕو ئیمان تیشکی خراوەتە سەر لە ژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و هەروەها بانگێشەی خەڵك کراوە بۆ فێربونی ووشەو ووتە جوانەکانی پەروەردگار تاوەکو بیانکەنە دەستوری ژیانی رۆژانەیان. هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ئایەتەکانی خوا، زۆر بە ڕێك و پێکی لێکدانەوەی بۆ گراوە کە هیچ جۆرە گومان و دڵەڕاوکێیەکی بەجێنەهێشتووە لە بیروهۆشی خوێنەردا. لە شیکردنەوەکاندا، شێوازی ڕاست گۆیی و سادەیی و پاراوی بەکارهێندراوە کە تواناو لێهاتویی تێگەیشتن لەو پەرتوکانە دەبەخشێت بە هەر تاکێك، جا لەهەر تەمەنێكدا بێت، یاخود گروپ و دەستەیەکی کۆمەلایەتی بێت. بۆیە ئەم شێوازە کاریگەر و ئاشکرایانە یارمەتی هەموو تاکەکەسێك دەدات کە بەتەنها خۆی بتوانێت بیان خوێنێتەوە،هەتا ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بە توندی رۆحانیەت- ئایین- ڕەت دەکەنەوە ئەوە کاریگەری ڕاستی و بەڵگەکان ئاماژەیان بۆ کراوە لەو پەرتوکانەدا کە بە هیچ شێوازو ڕێگایەك ناتواندرێت نکۆلی لە ڕاستی و درەستی ناوەرۆکیاندا بکرێت.

ئەم پەرتووکەو هەموو پەرتووکەکانی تری دانەر،دەتواندرێت بە تەنها یاخود گروپ گروپ و بەکۆمەڵ بخوێندرێنەوە و گفتوگۆ و لێکدانەوەیان لەسەر ئە نجام بدرێت. ئەو خوێنەرانەی کە پەرۆشن بۆ خوێندنەوە و سوود وەرگرتن لەو پەرتووکانە، دەتوانن دەرك بەوە بکەن کە ئەم جۆرە گفتوگۆیانە زۆر سودبەخشە بۆیان چونکە هێزو توانایان پێدەبەخشێت کە بیر و بۆچونی ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆیان بۆ یەکتری بگێرنەوە.

سەرەرای ئەوەی کە خوێدنەوە و پێشکەش کردنی ئەو پەرتووکانە خزمەتێکی گەورە بە ئایین دەکات، کە مەبەست و ئامانج لە نووسینیاندا تەنها نزیك بونەوەیە لە خۆشەویستی پەروەردگار.سەرجەم پەرتووکەکانی نووسەر بەتەواوی متمانەوە و باوەڕ بە خوێنەر دەبەخشن، بۆیە هەموو ئەو کەسانەی کە ئاوات دەخوازن و نیازیان وایە کە ئایین تێکەلاوی خەڵکی بکەن، ئەوە کاریگەرترین و باشترین ڕێگا ئەوەیە کە هانیان بدەن بۆ خوێدنەوەی ئەو پەرتووکانە.

هیوادارم خوێنەران بتوانن دەرفەتێك بۆخۆیان بڕەخسێنن بۆ خوێندنەوەو پێداچوونەوەی پەرتووکەکانی تری نووسەر کەلە دوا لاپەڕەی ئەم پەرتووکەدا بەشێکیان ئاماژەی بۆ کراوە، وەهەروەها بە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی بزانن بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە بیرو باوەڕ، کە خوێدنەوەیان دەبێتە مایەی سوود بەخشی و بەختەوەری بۆیان.

دەرك ناکەی لەو پەرتووکانەدا، وەك لە هەندێك پەرتووکی تر دەبیندرێت ، کە نووسەر باس لە ڕاوبۆچون و لێکدانەوەی خۆیی-کەسی- بکات،کە ئەو ڕاو سەرنجانەش لەسەر بنەمای سەرچاوە و شێوازی گومان لێکراو دامەزراون کە ڕێز لە بابەتە پیرۆز و موقەدەسەکان ناگرن وهەروەها گومان و نائومێدی و ڕەشبینی دروست دەکەن کە دڵەکان توشی لادان و سەرەرۆیی دەکەن.

ناوی کتێب : تیرۆر

بابەت : سیاسی

نووسینی : هارون یەحیا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە : ماهر بشیر بکر

تیراژ : ١٠٠٠ دانە

نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم - ساڵی : ٢٠١٠

شوێنی چاپ : چاپخانەی پەروەردە – هەولێر

شوێنی بڵاوکردنەوە : کتێبخانەی تەفسیر – هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی « ١١٣ » ساڵی « ٢٠١٠ » ی پێدراوە

# دەربارەی نووسەر

هارون یەحیا ئەو نوسرەیە کە ناوی ڕاستەقینەی ( عـدنان ئۆکتـار )ە بـەلام بـەم نازنـاوە بەرهەمـەکانی بـلاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٥٦ لە ئەنقەرە-تورکیا- هاتۆتە دنیاوە. خوێندنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی هـەر لـەم شـارە تەواو کردووە. پاشان لە زانکۆی میمار سینان کـۆلیجی ئـادابی تـەواوکردووە و لـە زانکـۆی ئەسـتەنبۆلیش زانسـتی فەلسەفەی خوێندووە. لە سەرەتای سـالی ١٩٨٠وە دەسـتی کـردووە بـە بلاوکردنـەوەی بەرهەمـەکانی لـە بوارەکـانی ڕامیاری، ئایینی وەهەروەها بابەتەکانی تری زانستیدا. هارون یەحیا بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە پەرتووکی سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخ دەنوسێت دەربارەی دڕکاندنی بیردۆزی گەشە پێدان و پوچەڵ کردنی و تێکشکاندنی بانگەشـەکانی، وەهەروەها پەیوەندی گومڕایی نێوان داروینیزم و بیروباوەڕە نەفرەتیەکەی ، وەك فاشیزم و کۆمیۆنیزم.

ئەو نازناوەی کە نووسەر پێی دەنوسێت ماناکەی وەرگیراوە لە "هارون " و " یەحیا"، ئەمەش لەبەر بەرز ڕاگـرتن و بیرەوەری ئەو دوو پێغەمبەرە بەڕێزەیە کـە لـە دژی بـێ باوەڕیـدا تێیـان دەکۆشـا . هـەروەها مـۆری پێغەمبـەریش لکێندراوە لەسەر هەموو پەرتووکەکاندا وەك نیشانەو ڕەمزێك کە پەیوەندی بە نـاوەڕۆکی پەرتووکەکانـەوە هەیـە. ئەمەش مانای وایە کە ئەو پەرتووکانە وەسفی قورئان دەکەن، کە دواین پەرتووکـە، وەهـەروەها وەسـفی پێغەمبـەر محمد ( صلی الله علیه وسلم ) دەکەن کە دوایین پێغەمبەری خوایە. نووسەر لە ژێر تیشکی قورئان و سوننەدا مەبەسـت و ئاما نجەکانی دیاری دەکات بۆ بەدرۆخستنەوەی هەریەك لە بنچینە و بنەماکانی بیردۆزی ئایینی بـێ خـوا و بـیردۆزی "دوا ووشە" بۆ ئەوەی بە تەواوی بێدەنگیان بکات بەرامبەر ئەو مەبەست و ئاما نجانەی کە لە ئاییندا هەڵقولاوون. مۆری دوایین پێغەمبەر ، کەخاوەنی خورەوشتێکی تەواو و ژیریـەکی بـێ هاوتـا بـوو، بەکارهێنـدراوە وەکـو بەڵگـەو نیشانەیەك بۆ دوایین فەرمودەکانی.

هەموو بەرهەمەکانی نووسەر لە دەوری یەك مەبەستدا کۆدەبێتەوە، ئەویش گواسـتنەوەی پـەیامی قورئانـە بـۆ خەڵك، تاکو هانیان بدات بۆ تێفکرین و بیرکردنەوە لە بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە باوەڕ و دین، وەك بوونی خوا و ڕۆژی قیامەت، وەهەروەها بەدیارخستنی لاوازی و ناماقووڵی بـیردۆزو سیسـتەمەکانی بیروبـاوەڕی بـێ دینـی( بـێ خوایی ).

هارون یەحیا پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و فراوانی هەیە لەگەڵ زۆربەی وولاتانی جیهاندا، هەر لە هیندسانەوە بۆ ئەمەریکا، لە ئینگلتەڕەوە بۆ ئەندەنوسیا، لە پۆڵەنـدەوە بـۆ بۆسـنیا، لـە ئیسـپانیاوە بـۆ بـەڕازیل. بەشـێك لـە پەرتووکەکانی دانەر وەرگێردراون بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، ئیتاڵی، پورتوگالی، ئۆردۆ، عەرەبی، ئەلبانی، بۆسنی، ڕووسی، پۆڵەندی، مالیزی و ئەندەنووسی. لـە سەرتاسـەری جیهانـدا خوێنـەران سوود لە خوێندنەوەیان وەردەگرن.

لەهەموو لایەکەوە دەست خۆشی و سوپاس گوزاری لە نوسینی ئەو پەرتوکانە دەکرێت. هەموو بەرهـەم وکارەکـانی نووسەر، لەلایەك بوونەتە ئامرازێك بۆ ڕاستکردنەوە و نوێکردنەوەی بیروباوەڕی خـەڵك بـە پـەروەردگار، لەلایـەکی تریشەوە وورد و قووڵ بوونەتەوە لەو بیروباوەڕەدا. پەیڕەوکردنی شێوازی ڕاست گۆیی و ژیری و سادەیی بۆ تێگەیشتن، وایان لەو پەرتوکانە کردووە کە کاریگەری بەرچاو ڕاستەوخۆیان هەبێت لەسـەر خوێنەرانـدا. ئـەو پەرتوکانـە زۆر بەهێز و پتەون بۆ ئەوانەی کە بەرهەڵستی لە ئایین دەکەن. هەروەها پەرتوکەکان بەوە جیادەکرێنـەوە کـە سـیفەتی کارتێکردن و دەرئە نجامی بـاش و بەڵگەدارن. ئەو پەرتوکانە، وەك هەندێك پەرتوکی دیکە نین، کاتێك هەر کەسـێك دەیان خوێنێتەوە ئەوە بیروباوەڕی پتەویان پێدەبەخشێت کە دەتوانن هەمیشە و ڕاستگۆیانە پشتیان پێ ببەستێت لـە

بەرامبەر فەلسەفەکانی ماتریالیستیك-ماددی گەری- و بێ دینی ، یاخود بەرامبەر هەر فەلسەفە و ئایدۆلیجیایەکی تردا. هەتا ئەو پەرتووکانە بەردەوام بن، ئەوە هەردەم بەبەڵگەوە سوورن لەسەر تێکشکاندن و بەدرۆ خستنەوەی ئەو ئایدۆلیجیایانە لە ڕەگ و ڕیشەیانەوە. هەموو بزوتنەوە نکۆڵیکەرەکانی هاوچەرخ، لە بیروباوەڕەوە تێکیاندەشکێنێت و دەیان بەزێنێت. دەست خۆشی دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی ئەو پەرتوکانە کە لەلایەن هارون یەحیاوە نوسراون.

گومان لەوە دانیە، کە سیفەتەکانی ئەو پەرتوکانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و ڕوون و ئاشکرایی قورئانی پیرۆزەوە. لە بڵاوکردنەوەی ئەو پەرتوکانەشدا، نووسەر بەبێ فیزیەوە ئارەزو دەکات خزمەتێك پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات تاوەکو ڕێگای ڕاستی پەروەردگار بدۆزێتەوە، نەوەك بەدەستهێنانی پارەو پول.

ئەو ڕاستیە بێنە پێش چاوی خۆت، کە ئەوانەی خەڵك هاندەدەن بۆ خوێدنەوەی ئەو پەرتوکانە کە دڵ و دەرونیان ڕۆشن دەکاتەوە و ڕێنموییان دەکات بۆ بوون بە بەندەی پەروەردگار، ئەوە بە خێرو چاکەیەکی زۆر و بێ هاوتا دادەندرێت بۆیان.

لەهەمان کاتدا، خوێدنەوەی هەندێك پەرتووکی دیکە، لەوانەیە تەنها پڕوپاگەندە و بەسەربردنی کات بێت، کە بیروباوەری خەڵك تێکدەدەن و سەری لێدەشێوێنن و مرۆڤەکان بەرەو ئاژاوە و نیگەرانی ئایدەلۆجیایان دەبەن، سەرئە نجامیش هیچ کاریگەریەکی دروست و بەهێزیان نابێت لەسەرئەو دوو دڵی و بێزاریەی کە لەناو ناخی خەلکدا گەلاڵە بووە. بۆیە ئەو جۆرە پەرتوکانە تەنها ئەزمونی تاریکی پێشوتر دوبارە دەکەنەوە. ئەمەش بە ئاشکرا دەری دەخەن ئەو پەرتوکانەی کە داکۆکی لەسەر هێزی ئەدەبی نووسەر دەکەنەوە زیاتر لە مەبەست و ئاما نجە زێرینەکەی، هەرگیز ناتوانن مرۆڤ ڕزگار بکەن لەوەی کە بیرو باوەڕەکەی لەدەست نەدات و کاریگەری زۆری هەبێت لەسەریاندا. ئەو کەسانەی ئەو گومانەیان هەیە، دەتوانن هەست بکەن کە تەنها مەبەست لە پەرتوکەکانی هارون یەحیا بریتیە لە زاڵبوون بەسەر بێباوەڕان و پیشاندانی بەهاو خوڕەوشتە بەرزەکانی قورئان. خوێنەریش دەتوانێت بڕیار لەسەر ڕازیبوون و سەرکەوتنی ئەو کارو خزمەتانە بدات.

خاڵێکی تری گرنگتر ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکیە بۆ بەردەوام بوونی ناکۆکی و ململانێ و توندوتیژی و ئازارو میحنەتی زۆربەی خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی ئایدەلۆجیای بێباوەڕی. ئەم بارودۆخەش تەنها بە تێکشکاندنی ئەو ئایدەلۆجیایە کۆتایی پێدێت، وەهەروەها بەهۆی تێگەیشتن لە مەبەست و ئاما نجی دروست بوون لەم ژیانەدا و هەلگرتنی پەیام و خوڕەوشتی قورئانی پیرۆز بۆ ئەوەی خەڵك بیکەنە پێوەری ژیانیان و پێوەی بژین. گەر ئەمرۆ سەیری بارودۆخی جیهان بکەین، دەبینین خەڵك بەدەست کۆمەلێك گیروگرفت دەناڵێنن وەك ئەو توندوتیژی و خراپەکاری و ململانێیانەی کە هەن، هەر ئەم هۆکارانەش وایان کردووە کە بە شێوەیەکی خێراتر و کاریگەرتر ئەو پەرتووکانە پێشکەش بە خوێنەران بکرێت تاکو کات زۆر درەنگ نەبووە.

زێدەڕۆیی نیە گەر بڵێین پەرتووکەکانی هاڕون یەحیا ڕۆلی بەرچاو و پێشەنگیان گێڕاوە لەو بوارانەدا، بەهەوڵ و پشتیوانی پەروەردگار، بلاوکردنەوەی ئەو پەرتووکانە لەسەدەی ( ٢١ ) دا دەبنە ئامرازێك بۆ خەڵك بەمەبەستی بەدیهێنانی داد پەروەری و یەکسانی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا پەیمانی پێدراوە.

بەمەبەستی خوێندەوە و ئاشنابوونی سەرجەم کار و بەرهەمەکانی نووسەر، دەتوانن سەردانی سایتی فەرمی نووسەر بکەن بەم نانیشانەی خوارەوە:

www.harunyahya.com

# پێشەکی وەرگێڕ

وەرگێڕانی ئەم پەرتووکە لە زمانی ئینگلیزیەوە یەکێکە لە بەرهەمەکانی نووسەر هارون یەحیا
کە بۆ چەندەها زمانی جۆراوجۆری تر وەرگێردراوە، بۆیە لەبەر گرنگی و پڕبایەخی ناوەڕۆکەکەی،
بە پێویستم زانی وەری بگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی تاوەکو سوودێك بە خوێنەری کوردی ببەخشێت.
لە شیکردنەوەی بابەتەکانی ئەم پەرتووکەدا، پشت بەستراوە بە بەڵگە و ئایەتەکانی قورئانی
پیرۆز وەهەروەها فەرمووده بەرز و بە نرخەکانی پێغەمبەر محمد (د.خ)، بۆیە دەقی تەفسیری ئایەت و
فەرمودەکان بە زمانی کوردی نوسراونەتەوە،ئەمەش بواری تێگەیشتن ئاسان و سادە دەکات لەلای خوێنەران.
لە کاتی وەرگێرانی بابەتەکانیشدا،تارادەیەکی زۆر پشتم بەستووە بە وەرگێڕانی دەقی زیاتر
لە وەرگێڕانی پیتی، بە مانایەکی تر، هەوڵم داوە مانایەکی تەواوی کوردی بە کورتی و پوختی
بدۆزمەوە بۆ هەر دێرێك لە دێرەکانی وەرگێردراو بۆئەوەی مانای تەواو بدات بەدەستەوە و تێگەیشتنی
ئاسان بکات،بۆیە بە پێی توانا خۆم دوورخستۆتەوە لە وەرگێڕانی ووشە بە ووشە تاکو ڕستەی
داڕێژراو مانای ڕاستەقینەی ببەخشێت لەلای خوێنەردا.
بەهەوڵ و پشتیوانی پەروەردگار بەردەوام دەبم لەسەر وەرگێرانی زنجیرە پەرتووکەکانی تری نووسەر
کە گرنگ و بایەخی بۆ خوێنەری کوردی هەیە. بۆیە ، لەبارەی هەبوونی هەر سەرنجێك یاخود ڕەخنەو
پێشنیارێك، تکا دەکەم ئاگادارم بکەنەوە لە ڕێگای ئەم ناونیشانەی خوارەوە:

maheerbbc@yahoo.com

# پێرست


- دەجال ................................. ١٢
- داروینیزم................................. ١٥
- تیرۆر – نەریتی دەجالە – ................. ٥٧
- تیرۆری ڕەگەزپەرستی.................. ٦٨
- شەیتان پەرستی........................ ٨٩
- کۆتایی................................ ١٠٦
- سەرچاوەکان........................... ١٠٧

# پێشەکی

هەموو کەسێك لە ماوەی ژیانیدا لە بەرەی جەنگێکدایە بەرامبەر دوژمنێکیدا، هەرچەندە ئەو کەسانەش زۆر بەهێزو کاریگەر بن ئەوە لەوانەیە تووشی شکست هێنان بن لەو جەنگەیاندا. گرنگترین خەسڵەتی ئەو دوژمنەشی بریتیە لە بلیمەتی و ووردبینی. ئەو دوژمنەش هەمیشەو بەردەوام بانگێشتی ئادەمیزاد دەکات بۆ ئەنجامدانی کاروکردەوەی خەراپ. زۆربەی ئەو کەسانەش کە بەکاریان دەهێنێت لەو کاروکردەوە خەراپانەدا لە ئەنجامی بێ ئاگایی و هۆشیار نەبوونی ئەو کەسانەیە. ئەو کەسانەش بەردەوام لە ململانێ و ناکۆکیدان لەگەڵ کەسانی تردا، هەموو کات بڕوایان وایە کە توندوتیژی دەبێت وەلآمیان بێت. چێژو خۆشی وەردەگرن لە دڕندەیی و کوشتن و ئاژاوە نانەوەو گێرەشێوێنی. بە کورتی، ئەو جۆرە کەسانەی کە ئاشتی و ئاسایشی جیهان تێکدەدەن، ئەوانەن کە جەنگەکەیان دۆڕاندووە لە بەرامبەر دوژمنەکانیان. هەرچەندیشە نازانن کە هەست بەو شکستەیان دەکەن یاخود نا، ئەوە توانای خۆڕاگرتنیان نەماوەو ناتوانن کۆنترۆلی خۆیان بکەن. ئەو دۆژمنە سەرسەخت و ترسناکەشیان شەیتانە، کە هەموو شێوەو بوارەکانی بۆمان ڕوونکراوەتەوە لە قورئانی پیرۆزدا لەلایەن پەروەردگارەوە. شەیتان ئەو هێزو توانایەیە کە هەر لەسەردەمی پێغەمبەر ئادەمەوە هەموو توانای خۆی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی وا لە ئادەمیزاد بکات کە ڕووی لە پەروەردگار وەربگێڕێت و لێی دووربکەوێتەوە. یەکێك لە هەڵە کوشندەکانی مرۆڤیش ئەوەیە کە ناتوانێت ئەو شەیتانە بە باشی بناسێت و هەڵیبسەنگێنێت، ئەو شەیتانەی کە هانیان دەدات بۆ توندوتیژی وە بەرەو ئاگری دۆزەخیان دەبات. لە ڕاستیدا هەرچەندە ئەو شەیتانە تاوان و گوناه دەڕازێنێتەوەو ئامادەی دەکات بۆ ئادەمیزاد، بەلآم لە هەمان کاتیشدا نەیاری خۆی دەربڕیوە بەرامبەری. پەروەردگار لە ئایەتێکدا دەفەرموێت :

" إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ لَكُمۡ عَدُوّٞ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّاۚ إِنَّمَا يَدۡعُواْ حِزۡبَهُۥ لِيَكُونُواْ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ٦

﴿ س – فاطر – ٦ - ﴾. واتە : " شەیتان دوژمنتانە کەوایە ئێوەش بە دوژمنی خۆتان دابنێن، بێگومان بانگی تاقم و داروودەستەی خۆی دەکات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجێی دۆزەخ " .

یەکێك لە ترسناکترین باروودۆخ کە شەیتان دایدەڕێژێت بۆ مرۆڤ بریتیە لە ئاژاوەنانەوەو تیرۆرو گێرەشێوێنی.

پەروەردگار لە ئایەتێکدا ئاماژەی بۆ ئەم باروودۆخە کردووە کە " إِنَّ ٱلشَّيۡطَٰنَ يَنزَغُ بَيۡنَهُمۡۚ ٥٣

﴿ س – الاسراء - ٥٣ -﴾، واتە : " شەیتان دەیەوێت نێوانیان تێك بدات " ئەمەش بە تێکدانی هەستی دۆستایەتی و ئەمن و ئاسایش و متمانە لە نێوان خەڵکیدا، هەروەها هانیان دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی، ئەمانە هەمووی ئامانج و پیلانی شەیتانن. بەلأم لێرەدا خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە شەیتان وا دەردەکەوێت کە دروستکراوێکە لە زۆر لاوە دەتوانێت کاربکات و کاریگەری هەبێت، بەلأم لە ڕاستیدا شەیتان لە ژێر دەسەلأتی پەروەردگار دایەو ناتوانێت هەموو کارێك بکات. شەیتان ئەوە دەزانێت کە پەروەردگار تا ڕۆژی قیامەت دەرفەتی پێداوە، ئەوسا کە ئەو ڕۆژە داهات ئەوە دەبێت باجی تاوانەکانی خۆی بدات. ئەو بەڵێنانەی کە شەیتان بە درۆ بە خەڵکی دەیدات و هانیان دەدات بۆ چوونە پاڵی و ئەو پیلانانەی کە دایان دەڕێژێت بە کرداری، ئەمانە هەمووی بەشێکن لە پیلانی شەیتان بۆ گومڕاکردن و سەرلێشێواندن. پەروەردگار باس لە ڕاستی ئەو شەیتانەمان بۆ دەکات :

" كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦

﴿ س – الحشر – ١٦ - ﴾ واتە : " (دووڕووەکان لەگەڵ جوولەکان) وەك شەیتان وان کە هانی ئادەمیزاد دەدات لە ڕێی خەیاڵ و وەسوەسەوە پێی دەڵێت : وەرە کافر بە ( بە جوانکردنی هەموو جۆرە تاوانێك کە خوا پێی ناخۆشە ) جا کاتێك کە کافر بوو ( ئەو کارانەی کرد کە شەیتان پێی خۆشە ) پێی دەڵێت : بەڕاستی من بەریم لە تۆ، من لە خوای جیهان دەترسم !!! ".

سەرەرای ئەمانەش، شەیتان دەتوانێت کاریگەری بکاتە سەر هەندێك خەڵکی دیاریکراو ( بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە پەروەردگار نیە، یان ئەوانەی کە هێشتا ئیمان بە تەواوەتی نەچووەتە دڵەکانیانەوە و لە خوا ناترسن ). ڕێژەی ئەو کاریگەریەش لەسەر جۆرو شێوازی باروودۆخەکەدا دەوەستێت. هەموو کات شەیتان دەستی هەیە لە پشت ئەو ڕووداو ناکۆکیانەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو کارەسات و تێکدان دەبات، سەرئە نجامیش دەبێتە مایەی ئازارو میحنەت بۆ خەڵکە بێتاوانەکان. بێگومان یەکێك لە سەرچاوە یاخود فاکتەرە گرنگەکانی ئازارو ڕەشبینی کە بەهۆی کاریگەری شەیتانەوە دروست بووە لە کاتی ئێستاماندا، بریتیە لە تیرۆریزم.

هەروەها لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ئاماژە بەوە کراوە کە لە ساتە وەختی کۆتایی دنیادا، هێزو توانای شەیتانەکان ئاشکرا دەکرێت. یەکێك لە گرنگترین سیفەتەکانی ئەو شەیتانە ئەوەیە کە ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەشێوێنێت و فەرمان بە خەڵکیش دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەوکاتەش زوربەی خەڵك بەبێ گوێپێدانیەوە دەچنە پاڵ ئەو هێزەو خۆیانی پێوە دەبەستنەوە کە ناسراوە بە دەجال ( کە دژی ئایینی مەسیحیشە ) . هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە زۆربەی خەڵك زانیاری تەواویان نیە لەسەر ئەو شەیتانە ( دەجال )، یانیش هەرگیز گوێبیستی نەبوونە لە ژیانیاندا. بەلاّم لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا بابەتی دەجال زۆر بە ڕوونی شیکراوەتەوە کە بەڵگەو نیشانەیە لەسەر نزیك بوونەوەی ڕۆژی قیامەت، وەهەروەها ئاماژە بەوەش دەکەن کە کۆمەڵێك زانیاری گرنگ لەسەر ئەو دەجالە بلاّوکراوەتەوە. ئامانجی ئەم پەرتووکە بریتیە لە باس کردن و وەسف کردنی خەسڵەتەکانی دەجالی درۆزن کە یەکێکە لە کۆبیلە سەرەکیەکانی شەیتان لەسەر ڕووی زەویدا، هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها ئامانجێکی تری ئەم پەرتووکە بریتیە لە بەخشینی دەرفەت بە خوێنەران بۆ ئەوەی هۆشیاری زۆریان هەبێت لەسەر هێزو تواناکانی شەیتان، ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئێمەی لێ ئاگادارکردۆتەوە.

لە ڕوانگەی ئەو فەرمودانەدا، هەموو کەسێك دەبێت بیر لەو شەیتانە بکاتەوە وەکو کەسێکی ئاسایی، وەکو کەسێك کە دەتوانێت لەڕووی بیرو هەستەوە هەنگاو بهاوێژێت بۆ توندوتیژی و دڕندەیی و هەبوونی خەسڵەتی شەیتانی کە ئازارو ناخۆشی بەسەر ئادەمیزادا دێنێت، لە دوا بەشی ئەم پەرتووکەدا باس لەو بوارانەدا دەکات، هەروەها ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە دەجال بزوتنەوەیەکی مەزهەبی گومڕاکەرە کە کاریگەری زۆری دەبێت لە جیهاندا. ئەو بزوتنەوەیە، سەرەرای ئەوەی کە جادووە ( فێڵە ) پڕوپوچەکانیان بە ئاشکرا دەردەکەوێت وە تەنها تیرەو نەتەوەی تایبەتی خۆیان لەگەڵیاندان،کەچی هەموو کۆمەڵگایەك دەخاتە ژێر ڕکێفی دەسەلاّتی خۆیەوە بەهۆی ئەو جادوو فێلاّنەوە سەرنجی لایەنگرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

هەروەها بابەتێکی تری گرنگتر کەلەم پەرتووکەدا بایەخی پێدراوە ئەوەیە کە ڕێبازی ئەو بزوتنەوەیە خەڵکی تووشی ترس و نیگەرانی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاژاوەو گێرەشێوێنی و تێکدانی باری ئەمن و ئاسایش تاوەکو دەسەلاّتی بەسەر هەموو جیهاندا بسەپێنێت و بەهێز بێت. یەکێك لەو ڕێگایانەی کەبە زۆری بەکادەهێندرێت لەلایەن ئەو بزوتنەوەیە ئەوەیە کەلە پێناو بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجەکەیدا، کاری توندوتیژی و تیرۆریستی ئەنجام دەدات وە خەڵکی بێتاوانیش دەکاتە ئامانجەکانی. بە مانایەکی تر، تیرۆر بە دیارترین ڕەگەزو ڕێبازی دەجالییەکان دادەندرێت. ئەو ڕێگایەش کە لەلایەن لایەنگرو شوێنکەوتوانی ئەو بزوتنەوەیە بەکاردەهێندرێت بریتیە لە تووڕەیی و دەمارگیری، هەروەك ئەوە وایە کەلە بۆنەیەکی پیرۆز دابن.

شەڕو ئاژاوەو، ململانێی و بەربەرکانی، کاری تیرۆریستی دڕندەیی و، سەربڕین و جینۆسایدکردن، ئەمانە تاکو ئەمڕۆش لە چەندەها شوێنی ئەم جیهانە ئەنجام دەدرێت، هەمووی کاری دەجالە، ڕێبازو ڕێسای هێزی شەیتانیش بەردەوام دەبێت تاکو کۆتایی ئەم دنیایە. ئامانجی سەرەکی ئەو بزوتنەوەیەش بریتیە لە هەڵگەڕاندنەوەی خەڵك و دوورخستنەوەیان لە بیروباوەڕی ئایینی و بەها بەرزو پیرۆزەکان و ڕۆحانیەت (گیانی لێبوردن ) و خۆشەویستی و هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانی تردا، کە دەیەوێت و هەوڵ دەدات ئەمانە هەمووی بگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی شەڕاوی و بێبەزەیی کە چێژ لە کاری توندوتیژی و دڕندەیی وەردەگرێت، بەم جۆرەش هەموو جیهان دەخاتە ناو بەرەی جەنگەوە. بەلاّم دەبێت ئەوە لە یاد نەکرێت کە ئەو پیلانە سەرناگرێت و سەرناکەوێت، ئەو بزوتنەوە دەجالییە چارەنووسی هەر لەناوچوون و نەمانە. هەرچەند ڕێژەی ئەو توندوتیژی و شەڕو ئاژاوە زۆر بیت، ئەوە چارەنووسی ئەو بزوتنەوە مەزهەبیە هەر تێکشکانو لەناوچوونو کۆتایی پێهێنانی یەکجارەکیە بە پێی یاساو دەستوری پەروەردگار، پەروەردگار بە هێزو توانای خۆی تێکیان دەشکێنێت و لەناویان دەبات، ئەمەش لە ڕێگای هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ڕوو لەوان دەکەن و بەڕاست گۆیی و دڵسۆزیەوە خەبات دەکەن بۆ گێڕانەوەی باها جوانەکان لە سەرتاسەری دنیادا. ئەمەش ئەو بەڵێنەیە کە خوا بە باوەڕدارانی داوە. لەم ئایەتەی خوارەوەدا، پەروەردگار دەفەرموێت لە کۆتاییدا حەق و ڕاستی سەردەکەوێت و ناپاکی و گومڕاییش تێك دەشکێندرێت :

"وَقُلْ جَآءَ ٱلْحَقُّ وَزَهَقَ ٱلْبَـٰطِلُ ۚ إِنَّ ٱلْبَـٰطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴿٨١﴾ ﴿ س – الاسراء - ٨١ - ﴾. واته

: " بڵێ : تازە ئیتر حەق و ڕاستی هاتووە و ناحەق و ناپاکیش تەفرو توونا بووە، بەڕاستی ناحەق هەر تیاچووەو بەزیووە ".




# دەجـــال

دەجالووشەیەکی عەرەبیە بە چەندەها مانا دێت، وەك درۆزن و فێلباز و جادووکەر ، ئەو کەسەیە درۆ دەکات و لایەنگران و شوێنکەوتوانی لەهەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا بڵاوبونەتەوە و ڕاستیی و ئایین دەگۆڕن بۆ بێباوەڕی. لە زۆربەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە باس لە کۆتایی هاتنی دنیادا دەکات، چەختی لەسەر کراوەتەوە وەکو یەکێك لە نیشانەو بەڵگە هەرە گرنگەکانی هاتنی ڕۆژی قیامەت. ئەو بارودۆخەی ئێستای جیهانیش پیشانی دەدات وەکو ئەو بارودۆخ و سەردەمەیە کە لەلایەن پێغەمبەرەوە وەسفی بۆ کراوە. لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ئاماژە بەوە کراوە کە سەردەمێك دادێت شەڕو ئاژاوە و( فیتنە ) گێرەشێوێنی و توندوتیژی لە دوور و نزیکەوە تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە، ئەو کاتەش ئاشتی و سەقامگیری لە دنیادا نامێنێت، ئەوسا خەڵکی دووچاری جەنگی شەیتان دەبنەوە وەك برسێتی و هەژاری و قاتی قڕی، ئەو کاتەش چەوساندنەوەی خەلکی بڵاودەبێتەوە.( بۆ زانیاری زیاتر، سەیری پەرتووکی هاڕون یەحیا بکە لەبارەی - نیشانەکانی ڕۆژی دوایی – ٢٠٠١ ). دەجال ئەو کەسە تێکدەرە خەراپەیە کە دەبێتە هۆکاری هەڵگیرسانی ئاژاوەو پشێوی، هانی خەڵك دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری بەدڕەوشتی و شەڕو خەراپەکاری، سەرکۆنەو ڕیسوای هەر کۆمەڵگەیەك دەکات کە بیروباوەڕەکەی ڕەت دەکەنەوەو ڕادەپەڕن لە دژیدا، سەرەرای ئەمەش، دەجال سەرچاوەی سەرەکی و یەکەمی تیرۆریزم و توووندوتیژیە. دەجال بێ ڕەوشتی بڵاو دەکاتەوە بەهۆی پیشاندانی خەراپە وەکو چاکە و چاکەش وەکو خەراپە. یەکێك لە فەرمودەکانی پێغەمبەر لەم بارەیەوە دەفەرموێت :



فعن حذيفة بن اليمان رضي الله عنه أنه سمع رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: "إن مع الدجال إذا خرج ماء ونارا، فأما الذي يرى الناس أنه نار فماء بارد، وأما الذي يرى الناس أنه ماء فنار تحرق، فمن أدرك ذلك منكم فليقع في الذي يرى أنه نار، فإنه ماء عذب بارد" رواه البخاري. **واتە : "كاتێك كە دەجال دەردەكەوێت، ئەوە هەمیشە ئاوو ئاگری پێیە. جا ئەوەی خەڵكی بە ئاگری دادەنێن، ئەوە دەبێتە ئاو، وئەو ئاوەی كە خەڵكی بە ئاوی سازگاری دادەنێن، كەچی دەبێتە ئاگر بۆیان و دەیان سووتێنێت، كەوایە، ئەگەر هەر یەكێكتان تووشی ئەو ڕۆژە هات و بەو سەردەمەدا تێپەڕی، ئەوە دەكەوێتە ناو شتێكەوە وەكو ئاگر وایە بۆی،كەچی ئەو وادەزانێت كە ئەمە ئاوێكی سازگارە بۆی " ٢**

**لە فەرمودەكانی پێغەمبەردا** (صلى الله عليه وسلم) **ئاماژە كراوە كە بەدڵنیایەوە تەوژم و بیروباوەڕی دەجال پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت دەردەكەوێت و سەرهەڵدەدات، وباس و وەسفی ئەو بارودۆخەشی كراوە كە دەبێتە هۆی دەركەوتنی. ئەو كات و سەردەمەی كە ئەو دەجالەی تێدا دەردەكەوێت ئەو سەردەمەیە كە خەڵكی واز لەو خووڕەوشت و بەهایانە دێنن كەلەلایەن ئایینی ئیسلامەوە فێری بوون، ئەو كاتەیە كە خەڵكی بەئاشكرا بوونی پەروەردگار ڕەتدەكەنەوە، سەردەمێكە بەدڕەوشتی و ئاژاوەو شەڕو ململانێ لە هەموو شوێنێكدا بڵاودەبێتەوە، هەروەها تیرۆریزم و كوشتن و بڕین و توندوتیژی دەبنە كارێكی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەدا. هەرچەندە بە درێژایی مێژوودا سەردەمانێك هەبووە كە ئاژاوەو شەڕو دەمارگیری تێدا ڕویداوە ، بەڵام ئەو ئاژاوەو گێرەشێوێنینەی كە لەلایەن دەجالییەكانەوە بەرپادەكرێت و بڵاودەكرێتەوە، نەخشەو پیلانێكە كە هەرگیز ئاژاوەو ناسەقامگیری وا پێشتر ڕووی نەداوە لە مێژوودا.**


SERVICE

**پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمودەیەکدا ئەو ڕاستیەی دووپات کردۆتەوە :**

عمران بن حصين رضي الله عنه قال : سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول : " مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ خَلْقٌ أَكْبَرُ مِنْ الدَّجَّالِ " رواه مسلم. واتە : " لە دروست بوونی ئادەمەوە تا هاتنی ڕۆژی قیامەت، هیچ دروست کراوێک نەوەندە ( بە گیروگرفت و ناخۆشی و تەنگوچەڵەمەتر نیە ) وەکو دەجاڵ کەبەسەر خەڵکی دێنێت " ٣ .

## داروینیزم – ئایینی دەجال –

**لە زۆربەی فەرمودەکانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژە بەو خەسڵەتانە کراوە کە وەسفکردنی دەجال زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبێت کاتێك وەکو بیروباوەڕێك سەیر دەکرێت. هەموو پەیرەو پرۆگرامی ئەو دەجالە فریودەرەش ئەوەیە کە هانی خەڵکی دەدات بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی خوا، هەروەها ڕوو وەرگێران و دوورکەوتنەوە لە بەهاو خووڕەوشتی ئایینی و هاندانی خەڵك بۆ کاری توندوتیژی و ئاژاوە نانەوە لە نێوان خۆیاندا، ئەمانە هەمووی بەرنامەی کاری دەجالن.**

**ڕێبازی ماددی گەری و تیۆر و بزووتنەوە جۆربەجۆرەکانی تر کە ئەمڕۆ بوونیان هەیەو لە ئارادان، بە بەشێکی سەرەکی و گرنگ دادەندرێن لە بەشداربوون لەو گەندەڵیەی کە ئەمڕۆ جیهانی گرتۆتەوە و باوە. هەموو ئەو بزووتنەوانەش، بە کاریگەریەوە، بەڵگەو پاساوە زانستیەکانیان لەیەك سەرچاوە وەردەگرن و بەهەمان ڕێساو بنەماش بلاوی دەکەنەوە، وەك داروینیزم. هەر لەو کاتەی کە داروینیزم یەکەم هەنگاوی نا بۆ پێشەوەو پێشکەوت، ئەو هەنگاونانەی بۆتە بنەماو پاسایەکی بەڵگەدار بۆ لایەنگرانی ڕێبازی ماددی گەریی و خاوەن بیروباوەڕە دەجالیکان و بزووتنەوەکانی تر، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاوەکو داروینیزم تیۆرەکەی بەرزو پیرۆز ڕابگرێت بەرامبەر ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە بیرۆکەکەی دەکەن. زانای بەناوبانگی ئیسلام ( بدیع زەمان ) دەفەرموێت ( نێرسی ) دووپاتی کردۆتەوە کەلە کۆتایی دنیادا داروینیزم دەبێتە ئاینی دژە مەسیەحیەت دەڵێت :**

**" ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە فەلسەفەی ( بیروباوەڕی ) ماددی گەری و سروشت پەرستان بەرپای دەکەن لە کاتی ئێستادا،لە کۆتایی دنیادا بەرە بەرە بەهێز دەبێت و بڵاودەبێتەوە لە ڕێگای ئەو فەلسەفە ماددی گەریەوە کە دەگاتە ئاستێکی وا نکۆڵی لە بوونی خوادا دەکات " ٤ .**

**هەروەك بدیع زەمان ڕوونی کردۆتەوە بەو دەستەواژەیەی " ئەو زوڵم و زۆرداریەی کە فەلسەفەی ماددی گەریی و سروشت پەرستی دروستی کردووە " ، ئەوە داروینیزم بریتیە لە پیلان و بەرنامەیەك کە بەشداری دەکات لە هێزێکی سەربەخۆ لە سروشتدا، داروینیزم لێرەدا ڕەخە دەگرێت و دەڵێت :**

" ژیان دروست نەکراوە، بەڵکو بە ڕێکەوت هەڵکەوتووە و هاتۆتە کایەوە " ، هەروەها داروینیزم هەوڵدەدات ئادەمیزاد دووربخاتەوە لە باوەڕهێنان بە پەروەردگار. لە پەرتووکی ( تيسير الوصول الاعجمى أصول ) کە فەرمودە کۆکراوەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە خۆوەی گرتووە، هەموو ئەو بیروبۆچون و لێدوانانەی کەلەسەر فەرمودەکاندا هەیە تێیدا کۆکراوەتەوەو باس کراوە، لە نێوانیاندا ئەم بابەتەش بەم شێوەی خوارەوە لێکدراوەتەوە :

" لە گرنگترین و دیارترین سیفەتەکانی ململانێی کۆتایی دنیادا ئەوەیە کە دەجال گەشەدەکات و بلاّودەبێتەوە و دژی ئایین ڕادەوەستێت. بیروبۆچون و بەهاکانی ئادەمیزاد لەو کاتەدا لە ناکاو دەردەکەوێت و بلاّودەبێتەوە، کە هەوڵدەدرێت ئەو بیروبۆچونانە شوێنی ئایین بگرێتەوە. ئەو بیروباوەڕ و ئایینە نوێیەش لەسەر بنەمای نکۆڵیکردن ( لە پەروەردگار ) دامەزراوە بۆ ئەوەی هەموو شێوەکانی ئایینی ئاسمانی بەدرۆ بخاتەوە کە بۆ ئادەمیزاد ڕەوانەکراوەو هاتووە... ئەو بیروباوەڕەش ئایینێکە کە دژی ئایینی خواو پەرستنی خوایە کە بریتیە لە ماددی گەری و مرۆیی " ٥.

ئەو بیروبۆچونە مرۆییەی کەلە سەرەوەدا ئاماژەی بۆکراوە، بێگومان لەسەردەمی ئەمرۆدا وەکو لایەنێکی ئایین وەردەگیرێت و پەیڕەودەکرێت. ئادەمیزادی ئەمرۆش ئایینەکەی بۆتە بێ باوەڕی و بێ دینیەکی ئاوا کە بوونی پەروەردگار ڕەتدەکاتەوە و نکۆڵی لێدەکات، ئەو ئادەمیزادەش بە شێوەیەکی نهێنی ڕێز لەو ئایینەی (ئایینی داروینیزم ) دەگرێت و دەیپەرستێت. کاتێك هەر یەکێك بە ووردی سەیری بلاّوکراوەکانی و بیروبۆچونەکانی ئادەمیزاد دەکات، ئەوە بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو بیروبۆچونە دنیاییە بە تەواوەتی لەسەر بیردۆزی گەشەکردن دامەزراون ( بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری پەرتووکی – کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی- بکە کە لەلایەن هارون یەحیا نوسراوە ساڵی ٢٠٠٢، ئەستەنبۆڵ ) .

ڕێکەوتی کوێر، ئەو بیردۆزە سەرەکیەیە کە لەلایەن داروینیزمەوە بەکاردێت تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ژیان بەبێ هەبوونی هیچ خەسڵەتێکی ژیانی هاتۆتە کایەوە و بەهۆی پرۆسەی گەشەکردنەوە پەرەی سەندووەو پێشکەوتووە. بە پێی ئەو بیردۆزە خەیاڵیە هەموو بونەوەرە زیندووەکان بە ڕێکەوت لەیەك خانەوە دروست بووینە، بە مانایەکی تر، لەیەك باب و باپیرانی هاوبەش هاتوونەتە کایەوە و دروست بووینە، دواتر بەهۆی تێپەربوونی کات گەشەیان سەند و گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. ئەمەش بە تەواوەتی بە ڕێکەوت بووە. ئەو بیردۆزە هیچ بنەمایەکی زانستی یاخود ژیری تێدا نیە، تەنها شتێکی خەیاڵاوی و گومڕاکەرە،کەچی لەسەردەمی داروینیزمدا زۆر بە فراوانی قبووڵ کراوە کە ئەوکات حساب بۆ ئاستی زانستی سەرەتایی و بارودۆخی کۆمەلاّیەتی دەکرا. بەلاّم لە ئەنجامی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیادا، دەرکەوت ئەو بیردۆزە هەموو شتێکی پڕوپوچ و بێمانایە. دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە سەرەڕای بێمانایی و نامافوولی ئەو بیردۆزە، کەچی تاکو ئەمڕۆش خەڵکانێك هەن ناتوانن دەست لەو بیردۆزە هەڵبگرن و وازی لێبێنن.







بیردۆزی گەشەکردن ئەو بیردۆزەیە کە دەڵێت ژیان بەرهەمی ڕێکەوتە ( واتە بە ڕێکەوت ژیان دروست بووە ) ئەم ژیانە لە ناکاو توخمەکانی دیارکەوتوون لە ئەنجامی فاکتەرە سروشتیەکانەوە کەلە سەرەتای دنیادا ڕوویان داوە- کە بە پێچەوانەی خەملاندنەکان وێنەی بۆ کێشراوە- کەواتە، ژیان لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتەدا گەشەی کردووە بۆ ناو شتە زیندووە بێخەوشەکان کە ئەمڕۆ ئێمە لە دەوروبەری خۆماندا دەیان بینین. ئەو بیرۆکەیەش بە تەواوەتی ناماقووڵە چونکە لەلایەن هیچ کەسێکی ژیر قبووڵ ناکرێت.



هەر لەوکاتەوەی کە بۆ یەکەمین جار بیردۆزی داروینیزم پێشکەوت و پەرەی سەند، بووبە بەڵگەیەکی تیۆری گرنگ بۆ ئایدیۆلۆجیای ماددی گەری و دژە ئایینی و بزوتنەوەکانی تر، هەروەها بەرزو پیرۆز ڕاگیرا لەلایەن لایەنگرانی لە ئە نجامی نزیك بوونەوەی لە بارودۆخی مەزهەبیدا.

کاتێك پرسیار لەوکەسانە دەکرێت کە باوەڕیان بەو بیردۆزە پڕوپووچە هەیە دەربارەی دروست بوون و هاتنە کایەوەی ژیان لە سەرەتادا، ئەوە لە وەلآمدا دەڵێن : " شتە زیندووەکان بە هۆی ڕێکەوتەوە هاتوونەتە کایەوە ". لە ڕاستیدا، هەرچەندە کە ڕێکەوت ناتواندرێت کۆنترۆڵ بکرێت، کەچی هێزێکی بێمانا و بێ هۆکاریشە. پەروەردگار هەموو شتێکی بە پلان و نەخشە دروست کردووە پاشان ڕێکی خستوون بە شێوازێکی دیاریکراو و ژیری. کاتێك یەکێك بە ووردی سەیری دروستکراوێك دەکات، تێدەگات کە ئەو دروستکراوە بەشێکە لە نەخشەدانان کە بە هۆشیاری و زیرەکیەکی تەواوە دروست کراوە.



جگە لەمەش، ئەو دروستکراوە دوا کار نیە کە پێویستی بە بیروباوەڕێکی پتەو هەبێت بۆ ئەوەی بڕوای پێبکرێت، بەلکو شتێکی ئاشکراو ڕوونە. بۆ نمونە، کاتێك کەسێك دەچێتە ژورێکەوە، چاوی بە کۆمەڵێك کەلوپەل دەکەوێت وەك کورسی و مێزو کاتژمێرو تەلەزیۆن،ئەو کەسە دەزانێت کە ئەمانە هەمووی لەلایەن یەکێکەوە دروستکراون و لەو ژوورەدا داندراوون و بە جوانیش ڕێکی خستوون. بێگومان ئەو کەسە هەرگیز باوەڕ ناکات کە ئەو کەل وپەلانە لە خۆیانەوە دروست بووبن یان هەر لە خۆیانەوە هاتبن بۆ ئەو ژوورە و بە خۆیان لەو شوێنەدا داندرابن کە پێیان خۆشە. ئەگەر هەر کەسێك باوەڕ بەم جۆرە کارانە بکات ئەوە دیارە بیروباوەڕی ئەو کەسە دەبێتە جێگای پرسیار.

بەهەمان شێوە، ئەو کەسەی وەکو داروینیزم بڕوای بەو بیرۆکە پڕوپووچ و بێمانایانە هەبێت، ئەوە بە کاریگەریەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سێو و پرتەقاڵ و گژوگیاو ترێ و گندۆرە و شفتی و گەلاژ و هەڵووژە و خۆخ و قەیسی و گوڵەباخ و گوڵی لیلاك و ڕووەك و وەنەوشە و دارودرەخ و گوڵی قەنەفە و پشیلە و مامز و پڵینگ و کەروێشك و سمۆرە و کەری کێوی و زەڕافە و هەموو بوونەوەرەکانی تری ئەم جیهانە، بگرە هەتا ئەندازیار و پزیشك و پرۆفیسۆر و مامۆستا ئەکادیمیەکان و هونەرمەند و سیاسە تمەدارەکان و هەر کەسێکی تری ئەم جیهانە، ئەمانە هەمووی بە ڕێکەوت هەر لە خۆیەوە هاتۆتە کایەوە و دروست بوون. با ئەو بیرۆکەیە بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژینەوە، ئەو جۆرە کەسانە باوەڕیان وایە هەموو ئەو شتانەی کەلە دەوروبەریاندایە و دەیان بینن، ئەوە دەرئە نجامی ڕێکەوتە.

ئەوەش مانای وایە کە " ڕێکەوت " خوای ئەو کەسەیە. بەلاّم ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین دەبینین کە ئەوەی ناوی ناوە بە خوا، ئەوە جۆرە کەسێکە کە هیچ جۆرە هێزو توانایەکی بەسەر شتەکاندا نیە، بەم پێیەش خوایە زۆر زاناو ژیرەکەی ئەندێشەو خەیاڵە. ئەو " خوایەی " ئەوەندە بێئاگایە هەتا ئاگای لە بوونی خۆشیدا نیە، هەروەها بێئاگاشە لەو شتانەی کە دروستی کردوون .



لەبارەی دەجالەوە، پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێت : " دەجال کوێرە ... " ٦. هەندێك لە زانایانی ئیسلام ئەم فەرمودەیە بەو شێوە لێکدەدەنەوە کە " چاوی دڵی دەجال کوێرە" ٧، ئەو لێکدانەوەیە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەو ڕاستیانە بگەین کەلەسەرەوەدا ئاماژەیان بۆکراوە. بەهەمان شێوەش، چاوی دڵی ئەو کەسەش کوێرە کە خوایەك دروست دەکات و دەیپەرستێت بە ڕێکەوتی کوێر، هەروەك چاوەکانی هۆکاری ئەمەن. ئەو جۆرە کەسانە زوو ڕەخنە دەگرن و ئەو بیروبۆچونانە ڕەتدەکەنەوە کە دەڵێت : " پەروەردگار بە لێزانی لێهاتووی خۆیەوە هەموو گەردوونی دروست کردووە و ڕێکی خستووە و نەخشەی بۆ کێشاوە "، بەڵام کاتێك کە دەگوترێت " هەموو شتێك دەرئە نجامی ڕێکەوتی کوێرە "، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە پێیان وایە کە ئەو بیروبۆچوونە زۆر ژیرو ماقووڵە. لە جیاتی دروستکەرو ( خوایەکی ) زاناو ژیرو هۆشیار، ئەو بیروبۆچونە ناماقووڵەیان پێ باشترە کە ڕێکەوتی کوێرە، سەرەرای ئەوەی کەلە هەموو توانایەکی دروستکردن و داهێنان و ژیریدا بێبەشە، کەچی ئەو بیروبۆچونە بە دروستکەری هەموو شتێك دادەنێن و بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەری ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوینی تێدا هەبێت. بۆیە، داروینیزم بە بیروباوەڕێکی پڕوپوچ و ناماقووڵ دادەندرێت لە مێژووی جیهاندا. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو داروینیزمیان بە ئایینی خۆیان داناوە، کەچی بەئاشکراش دیارە کە ئەو ئایینە بێمانا و درۆیە. پرۆفیسۆرەکان و مامۆستایان و سیاسە تمەداران و پارێزەران و بگرە پزیشکەکانیش ڕێگا بە خۆیان دەدەن کە باوەڕ بەو شتە پڕوپووچانە بکەن. ئەمەش دەیسەلمێنێت و پیشانی دەدات کە تا چەند بیرباوەڕی دەجال قووڵ بۆتەوە بۆناو ژیانی خەڵکیدا وەکو ئایینێکی سەرنج ڕاکێش و درۆیینە.

کەواتە، ئەو بیروبۆچون و ئایینە هەندێك خەڵك هاندەدات بۆ باوەڕهێنان بە بانگەشە ناماقووڵ و بێماناکەیان، نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو زۆر بە دڕندەییەوە بەرگری لێ دەکەن.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت تیشکی بخەینە سەر ئەو هەڵمەتە پڕوپاگەندە زۆرەیە کە بە مەبەستی بلاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی دەجال دەکرێت لە کاتو سەردەمێکدا کە پێش ئەوەی ڕۆژی دوایی دابێت. جا بۆ ئەوەی بتواندرێت ئەو هەڵمەت و بانگەشانە کاریگەری زۆریان هەبێت، ئەوە خەڵکی بۆمباران دەکرێن بە مێشك شوشتن لە ماوەی ژیانیاندا. بەم جۆرەش، بەتێپەربوونی کات زۆریان لێ دەکرێت بۆ گرتنەبەری ئەو ئایینە لوولپێچە. ئەو مێشك شوشتنەی کە خەڵکی هەر لەسەردەمی منداڵیەوە ڕادەهێندرێت، لە چەند قۆناغێکی جیاواز پێك دێت، کە لە هەریەك لەو قۆناغانەدا خەڵکی هەنگاوی زیاتر دەنێن بەرەو ئاراستەی جیهانی تاریکی دەجالی فریودەر. و کاریگەرترین ڕێگاش بۆ پاراستنی خەڵك لەو هێرش و بۆمبارانکردنەدا ئەوەیە کە دەبێت بە هۆشیاری و وریایەوە گوێ لەو بانگەشانە بگرن و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە بە هۆی میهرەبانی پەروەردگارەوە، هەست و ویژدانەکانمان ڕێنمایکەرو ڕێپیشاندەرمانن کە دڵنیامان دەکەنەوە لە دەست گرتن بە ڕێگای ڕاستەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، داروینیزم بەتەواوەتی لە ڕووی زانستەوە تووشی تێکشکان و لەناوچونی تیۆرەکەی بۆتەوە، لەو سەردەمەدا تاکە بەرگریکاری بیرۆکەکەی، ئەو قسە بێمانا و ناماقوولانەیە کە دەیلێن، ئەمەش نەك تەنها دەتواندرێت بە بەڵگە زانستیەکان تێکبشکێندرێت، بەلکو بەگوێگرتن لە دەنگی ویژدانی خەڵکیشدا لەناو دەچێت.

جا لە پێناو پاراستنی کەسێك لەو مێشك شوشتنە بەردەوامەدا، و لە پێناو ئاشنا بوون بەو کارانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێت، پێویستە بە ووردی بە قۆناغە جیاوازەکانی ئەو مێشك شوشتنەدا بچینەوەو باسیان لێوە بکەین.

## قۆناغی یەکەم :

### خەڵك بەدرۆ وا فێرکراوون کە

### " ژیان بریتیە لە کاری ڕێکەوت "

منداڵان وا تێدەگەندرێن و هەڵدەسەنگێندرێن کە ئەوەی لە دەوروبەریاندا ڕوودەدات جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی کە تەمەن گەورەن. منداڵان هەمیشە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك پرسیار دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەو شتانەیە کەلە دەورەبەریدا ڕوودەدەن، پرسیارەکانیش ئەمانەن: ئایا ئەو شتانە لە کوێوە هاتوون ؟ چۆن دەتوانن ئاخاوتن بکەن ؟ چۆن بونەوەرەکانی تر لە سروشتدا هاتونەتە کایەوە ؟ کێ ڕووەك و دارودرەختەکانی دروست کردووە ؟ کێ خۆر هەڵدێنێت و ئاواشی دەکات ؟ چۆن مانگ لە ئاسماندا ڕادەوەستێت ؟ دەیان پرسیاری دیکە لەسەر ئەو شتانەدا. بێگومان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە تەنها یەك وەڵامی ڕاست هەیە کە دەبێت بەو منداڵانە بگوترێت. کەچی خەڵکی دەیانەوێت دوو جۆر وەڵام بدەن بۆ ئەو پرسیارانە. وەڵامی یەکەم کە وەڵامە ڕاستەکەیە ئەوەیە کە هەر تەنیا پەروەردگارە هەموو شتێکی دروست کردووە،خەڵکیش بەرامبەری بەرپرسیارن، پەروەردگار هەموو شتێکی لە نەبوونەوە دروست کردووەو پاشان گەورەی کردوون و وایانی لێکردوون کە بتوانن خواردن و خۆراك بخۆن و هەناسە بکێشن، هەر ئەو خوایەش دەیانپارێزێت.





پەروەردگار بە هێزو توانای خۆیەوە تەواوی گەردوونی کۆنترۆڵ کردووە، پەروەردگار لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە ( بوونی خوای پەروەردگار لە هەموو شوێنێکدا ئەوەیە کە بە زانست و توانا و دەسەڵاتی لەو شوێنەیە، ئەگینا شوێنی خوای گەورە دیارە، کەوا لەسەر عەڕشی خۆیەتی بەو شێوەی کە لایەق بە خۆیەتی بەبێ پرسیارکردن و چۆنیەتی دەبێت ئیمانمان پێی هەبێت – الرحمن على العرش استوى – نووسینگەی تەفسیر ) و هەموو شتێکیش دەبینێت و گوێبیست دەبێت. بەڵام هەندێك خەڵك هەن وەڵامی ڕاست بە منداڵەکانیان ناڵێن دەربارەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە. لەوانەیە پێیان بڵێن کە پەروەردگار هەموو شتێکی دروست کردووە، بەڵام پێیان ناڵێن کە خوا دەسەڵاتدارەو فەرمانڕەوایی هەموو شتێك دەکات، و پێیان ناڵێن کە هەموو ئەو کارانەی کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن بەهۆی هێزو تواناو ویستی پەروەردگارە. خەڵکانێکی تریش هەن سەر لە منداڵەکانیان دەشێوێنن و گومڕایان دەکەن بە خەراپترین شێوە. وەڵامی هەڵەیان پێدەڵێن کە تەواوی گەردوون دەرئەنجامی بێئاگایی و ڕێکەوتی کوێرە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەبەر ئەوە خۆیان ئاوا فێرکراون و ڕێنمایی کراوون لەلایەن باب و باپیر و مامۆستاکانیانەوە، بۆیە بەو وەڵامەش ڕوو لە منداڵەکانیان دەکەن و هەمان وەڵامیان پێدەڵێنەوە. ئەو جۆرە خەڵکانە هەمیشەو بەردەوام لە قوتابخانە و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکاندا مێشکیان دەشۆرێتەوە لە نکۆڵیکردن لە بوونی پەروەردگاردا. ئەو سەرلێشێواندنەش بە تێپەربوونی کات بۆتە بەشێکی گرنگ و سەرەکی لە هەڵویست و بیروبۆچونی ئەو کەسانەدا.

هەروەها ئەو مێشك شوشتنە بۆتە هۆی ڕێگای بیرکردنەوەی بیروبۆچونێکی وا کە خەڵك سەرەرای هەبوونی ژمارەیەکی زۆری موعجیزەی دروست بوون، کەچی هەمیشە فەرامۆشی ئەو موعجیزانە دەکەن کە بە چاوەکانیان دەیان بینن و تەنها باوەڕ بە هەست و ویژدانی خۆیان دەکەن و دانی پیادا دەنێن. لە ڕاستیدا هەموو ئەو بارودۆخانە خۆی لە خۆیدا موعجیزەیەکی دیکەی دروست بوونە بۆیان. ڕاستی ئەمەش بەو شێوەیەیە کە خەڵکی نکۆڵی لە زۆربەی ئەو موعجیزانەدا دەکەن کە بە ڕوون و ئاشکرایەوە دەتوانرێت بە چاوەکانیان بیان بینن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا موعجیزەیە، ئەم بابەتەش لە قورئاندا بۆمان باسکراوە. لەم ئایەتەی خوارەوەدا، پەروەردگار بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن هەندێك خەڵك هەمیشە نکۆڵی لە موعجیزە جۆراوجۆرەکان دەکەن کە بۆ ئەوە دروستکراون تاوەکو بە چاوەکانیان بیان بینن و ببنە شاهێد :

" ۞ وَلَوۡ أَنَّنَا نَزَّلۡنَآ إِلَيۡهِمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ ٱلۡمَوۡتَىٰ وَحَشَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ كُلَّ شَيۡءٖ قُبُلٗا مَّا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ يَجۡهَلُونَ ﴿١١١﴾ ﴿س – الانعام – ١١١ - ﴾. " خۆ ئەگەر ئێمە فریشتەمان دابەزاندبایە بۆ لایان و مردووەکان قسەیان لەگەڵدا بکردبایە، هەموو شتێکیشمان لەبەر دەمیاندا کۆبکردایەتەوە، نەدەبوون بە بڕوادار و باوەڕیان نەدەهێنا، مەگەر خوا بیەوێت، لە ڕاستیدا ئەوانە زۆربەیان نەزان و نەفامن " .

ئەو جۆرە بیروباوەڕانەی کە ئەو خەڵکانە فێری منداڵەکانیان دەکەن بیروباوەڕی دەجالییەکانە چونکە خۆیان باوەڕیان پێ هەیە. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك ئەو ئایینە بەرز و پیرۆز ڕادەگرن. هەر لەسەرەتای تەمەنیانەوە ( لە منداڵیەوە ) باوەڕ دەکەن کە هەموو شتێك دەرئە نجامی ڕێکەوتە وبە ڕێکەوت دروست بووە، هەرگیز لە پەروەردگار و کاروکردەوە هونەریەکانی ناکەنەوە کە دروستی کردوون. هەندێك خەڵکیش هیچ زانیاریەك لەسەر ئبابەتە بە منداڵەکانیان نادەن، لەو کاتەی ئەو منداڵانانە ڕووبەڕووی ئەو بابەتە دەبنەوە لە تەلەفزیۆن و فیلم و ڕۆژنامە و پەرتووکەکاندا.






## قۆناغی دووەم :

### خەڵک بە درۆ وا فێرکراوون کە

" ئەم ژیانە بریتیە لە ململانێیەک کە لەسەر توندوتیژی دامەزراوە "


ئەو کەسەی کە باوەڕی بەوە هەیە ئەم ژیانە دەرئەنجامی ڕێکەوتە، هەتا ئەگەر لە سەرەتای ژیانیشیدا بە تەواوەتی لەو بیروباوەڕە تێنەگات، ئەوە باوەڕکردن بەو بابەتە بە دڵنیاییەوە لەلای دروست دەبێت. ئەم قۆناغەش بە تەواوەتی بە سەرەتای دەست پێکردنی مێشك شوشتنی ئەو کەسە دادەندرێت، لە ئەنجامیشدا، ئەو جۆرە کەلتور و بارودۆخەی کە ئەو کەسانەی تێدا پەروەردە دەکرێت بە پڕوپاگەندەو هەڵخەڵەتاندن، زۆرینەی خەڵکی گرتۆتەوە و ژمارەشیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆربوون دایە. بیروبۆچونێکی تری گرنگتر هەیە کە دەڵێت چەقاندنی ڕەگ و ڕیشەی ئەو باوەڕە لە مێشکی منداڵدا وا دەکات ئەو منداڵە بتوانێت کە " بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژیاندا بمێنێتەوە لەو کاتەی کە بە هێزو خۆویست دەبێت " .

ئەم بیروبۆچونەش یەکەمجار لەلایەن خێزانەوە دەست پێدەکرێت و پاشان بە هێزو فراوان دەبێت و شوێن پێی خۆی دەگرێت لەو کاتەی کە ئەو منداڵە دەست بە خوێندن دەکات و دەچێتە قوتابخانە.




ئەو مێشك شوشتنەی کە ئەو منداڵە لەلایەن خێزانەکەی و دەوروبەریدا فێردەکرێت و وەری دەگرێت، لەلایەن هەموو بیردۆزە نازانستیەکانەوە بەهێز دەکرێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ئەو بیردۆزانە بەوە وەسفکراون کە لەلایەن زانستەوە گەمارۆدراوون، بۆ ماوەیەکی زۆریشە لەسەر ئەو هێڵە دەڕۆن کە ( باب و باپیرانی مرۆڤ لە کۆندا گیانەوەر بووینە، لەبەر ئەم هۆیەش پەیوەندیەکانی نێوان گیانەوەران دەتواندرێت جێبەجێبکرێت لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤدا )، بەم جۆرەش دەست دەکرێت بە فێرکردنی منداڵ بە درۆ کە هەمیشە بارودۆخێکی ململانێ هەیە لە نێوان تاکەکەسەکاندا بۆ ئەوەی بە شێوەیەك هەڵسووکەوت بکەن تاوەکو بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژیاندا بمێننەوە. بە پێی ئەو ڕێساو بنەمایەش، ئەو پەندو وانە گرنگانەی کە دەبێت خەڵکی هەرگیز لەبیری نەکەن ئەوەیە کە ئەو هێز و توندوتیژی و گومڕاکردنە دەتوانرێت بەکاربهێندرێت ئەگەر هاتوو پێویستی کرد و زەروری بوو بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنێتەوە.

ئەو مێشك شوشتنەش لە سیستەمی پەروەردەکردندا سنوردارنەکراوە. منداڵان بەردەوامن لەسەر وەرگرتنی مێشك شوشتنی خەستی دارووینیزمی کۆمەڵایەتی لەو هۆندراوە گۆرانیانەی کە گوێی لێ دەگرن و لەو فلیم و پرۆگرام و رێکلام و ڤیدیۆ و یاریە کۆمپیوتەریانەی کە سەیری دەکەن، بە کورتی لەسەرجەم بوارەکانی تری ژیاندا. لە ئەنجامی خەستی ئەو مێشك شوشتنەشدا، ئەو منداڵانە لەسەر بنەمای ماددیی گەریدا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کەسانی تر دادەمەزرێنێت. ئەمەش مانای وایە کە بێ بەزەیی و خۆویستی و بەرژەوەندی کەسی و فێڵ، کۆنترۆڵی هەموو چرکەیەکی ئەو منداڵانە دەکەن. ئەنجامی ئەو جۆرە بیرکردنەوەش ئەوەیە کە ئەو منداڵانە دووردەکەونەوە لە بەها جوانە ڕاستیەکان و هاندەدرێن بەرەو جیهانێکی تاریکی و خراپەکاری.



بەلاّم ئەو خوورەوشت و بەهایانەی کە قورئان بە ژیانی (مرۆڤی) بەخشیووە، بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو شێواز و ڕێگایانەی داروینیزمن. لە قورئاندا، بانگێشەی خەڵك کراوە بۆ ئاشتی و سەقامگری. ئەوکۆمەڵگایانەی کە دەستیان بە خوورەوشت و بەها بەرزەکانی قورئان گرتووە، بەوە جیادەکرێنەوە کە سیفەتی خۆشەویستی و میهرەبانی و لێبووردەیی و ڕاستگۆیی و خۆبەخت کردن و گیانی مرۆڤایەتی تێیدا بلاّوبۆتەوە. ئەو بەهاو خوورەوشتە جوانانەی کە پەروەردگار فەرمانی داوە دەستی پێوە بگیرێت، لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە :

" وَيُطۡعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ مِسۡكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا ﴿٨﴾ إِنَّمَا نُطۡعِمُكُمۡ لِوَجۡهِ ٱللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمۡ جَزَآءً وَلَا شُكُورًا ﴿٩﴾ إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسًا قَمۡطَرِيرًا ﴿١٠﴾ فَوَقَىٰهُمُ ٱللَّهُ شَرَّ ذَٰلِكَ ٱلۡيَوۡمِ وَلَقَّىٰهُمۡ نَضۡرَةً وَسُرُورًا ﴿١١﴾ ﴾ س – الانسان – ٨ – ١١ ﴿. واتە : " (پیاوچاکان) نان و خۆراك دەبەخشن، ئەگەر چی خۆشەویستیش بێت لایان، بە هەژارو هەتیوو دیلەکان. دەڵێن : بێگومان ئێمە ئەم خۆراکەتان هەر لەبەر خوا و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو پێدەبەخشین، نە پاداشتمان دەوێت نە سوپاس. هەروەها دەڵێن : ئەم کارە بۆیە دەکەین چونکە لە ڕۆژێکی تاڵ و گرژو ڕەش و تاریک دەترسین، کە پەروەردگارمان پێشی دەهێنێت. جا خوای گەورەش لە شەڕو ناخۆشی و نەهامەتی ئەو ڕۆژە پاراستنی و ڕووی گەش و شادمانی پێبەخشین " .



## قۆناغی سێیەم :

### خەڵک وا فێرکراوون کە

### " بەرپرسیارەتی هیچ کەسێکی تر هەڵنەگرن "

ئەو منداڵەی کە وەڵامێکی داروینیزمیانە و ماددی گەریانەی پێدەدرێت بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەیکات،ئەم وەڵامە بە دڵنیاییەوە دەبێت بە بیروبۆچونی ئەو منداڵە لە داهاتوودا. جا ئەگەر بێتو ئەو منداڵە لە کاتی ئێستادا توانای لێکدانەوەیانی نەبێت بەتەواوەتی، ئەوە لە داهتوودا خۆی و ئەو کەسانەی کەلە دەوروبەریدان وەکو بوونەوەرێکی ئاژەڵی گەورەدەبن و پێی پەروەردە دەبن.

بەڵام قۆناغێکی تری گرنگتر هەیە کەلە ژیانی فێربوونی ئەو منداڵەدا دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئەو فێرکردنە چەواشەکاری و درۆیینە جگە لەو منداڵە خۆی هیچ کەسی تر لێی بەرپرسیار نیە. بەپێی ئەو بیروباوەڕە پڕوپووچانەش، ئەگەر ئەو شتانەی کە دروست بوون و بە بەردەوامی دروست دەبن، و ئەگەر ژیان تەنها بەرهەمی رێکەوت بێت و مردنیش دوابڕان و فرکردنی یەکجارەکی بێت، ئەوە تەنها ئەو شتەی کە گرنگە ئەو سوودو قازا نجە ماددیەیە کە بایەخی پێدەدرێت لەم جیهانەدا، بەها ڕۆحیەکانیش شوێنیان نەماوە. کاتێکیش باروودۆخ وای لێهات، ئەوە تەنها شتێك کە خەڵکی بیری لێدەکەنەوە، بەدەستهێنانی حەزو و ئارەزووە کەسیەکانیانە جا بەهەر ڕێگاو شێوازێك بێت. بەپێی ئەو ئایەتەی قورئانیش کە دەڵێت : " أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَـٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ ﴿ س – المؤمنون – ١١٥ - ﴾ واتە : " ئایا گومانتان وا دەبرد کە ئێمە ئێوەمان بەبێ هودە دروست کردووە و ئێوە بۆلای ئێمە ناگەڕێنینەوە ؟ "، پەروەردگار بە ئاشکرا ئاماژە بە هەڵوێستی شێواوی ئەو خەڵکە نەزانانە دەکات.


ئەو کەسانەی کە لە سەرەتاوە باوەڕیان وایە دەتوانن لە ژیانێکی بێسنوردا بژین، ئەو ژیانەی کەلە کۆتاییدا تەنها دەتوانن دەست بە بوونی خۆیانەوە بگرن، ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە. ئێمەی ئادەمیزاد بەرپرسیارین بەرامبەر پەروەردگارمان، ئەو پەروەردگارەی کە ئێمەی لە نەبوونەوە دروست کردووە. ئەو خوایەی کە دروستکەری مرۆڤە و چارەنوسیشی بۆ دیاریکردووە. ئەو خوایەی کە هەموو شتێك دەزانێت دەربارەی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ئەو مرۆڤە. ئەو خوایەی کە لە دوای مردندا دووبارە بانگی ئەو مرۆڤە دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە لەو کاروکردەوانەی کە ئە نجامی داوون، بەپێی ئەو کاروکردەوانەش پاداشت و سزای ئامادەکردووە. ئادەمیزاد وەك ئاژەڵ نیە، پەروەردگار دروستی کردووە و بیروهۆش و ویستی ( إرادە ) سەربەخۆ و هەستەوەری پێ بەخشیووە.


بە مانایەکی تر، هەتا ئەگەر بێتو کەسێك هەست بە فریودانێکی زەق بکات لە بارودۆخێکی دیاریکراودا، ئەوە وا دیارە بە خەسڵەتێکی تایبەتی و گرنگ دروستکراوە تاوەکو قەدەغەی بکات لە ئەنجامدانی کاری تاوان و خراپەکاریدا.


ئەو کەسەی بێ ئاگایە یان نەزانە لەو ڕاستیانەدا، ئەوە بێگومان دەبێتە جێگای مەترسی لەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژی و ئەندامە لێی. بۆ نمونە، ئەو کەسەی بێزارو توورە کراوە بەو کارانەی کە ڕوو یداوە، ئەوە ئەو کەسە بە شێوەیەکی دڕندانە هەڵسووکەوت دەکات و ئازاری کەسانی دیکەش دەدات بەبێ بیرکردنەوە و هەستکردن بە بەرپرسیارەتی. هەروەها هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان ئەو کەسانەدا ناکات کە ئاخۆ بێ تاوانن یان نا. هەموو هەڵسوکەوتەکانیشی بریتین لە دەربڕینی بێزاری و توڕەیی. بەڵام ئەو کەسەی هەست دەکات و دەزانێت خاوەنی ڕۆحێکە کە لە لایەن خواوە پێی بەخشراوە و بە ویژدان و بەرپرسیاریەوە دەڕوانێتە کاروکردەوەکانی خۆی، ئەوە ئەو کەسە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەستی تورەیی و بێزاری خۆی بکات. هەمیشەو بەردەوام لە بارودۆخی کۆنترۆڵکردنی خوود (نەفس) و ویژدانیدا دەمێنێتەوە. ئەو جۆرە کەسانە ناتوانن نزیکی بچوکترین تاوانیش ببنەوە کە ببێتە مایەی سزادانیان لەلایەن پەروەردگارەوە. ئەگەر بێتو تووشی گوناهو تاوانێکیش بێن، ئەوە تۆبە دەکەن و تاوانەکانیشیان ڕاست دەکەنەوە.


ئەمەش دەیسەلمێنێت کە پەروەردگار چۆن بیری ئەو کەسانە دەخاتەوە کە پێیان وایە سەربەست و ئازادن لەو بەربەستانەی کە بۆی داندراوون و دواتریش پاش مردنیان دووبارە زیندوو دەکرێنەوە :


" أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾ أَلَمْ يَكُ نُطْفَةً مِّن مَّنِيٍّ يُمْنَىٰ ﴿٣٧﴾ ثُمَّ كَانَ عَلَقَةً فَخَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴿٣٨﴾ فَجَعَلَ مِنْهُ ٱلزَّوْجَيْنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلْأُنثَىٰٓ ﴿٣٩﴾ أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يُحْـِۧىَ ٱلْمَوْتَىٰ ﴿٤٠﴾ » س – القيامة – ٣٦ – ٤٠ «. واتە : " ئایا ئادەمیزاد وا دەزانێت هەروا وازی لێدەهێندرێت بە خۆڕایی لێپرسینەوەی نابێت ؟ ئایا کاتی خۆی نوتفەیەک نەبووە لە مەنی کە دەڕژێندرایە شوێنی خۆی ( کە منداڵدانی دایکە ) ؟ پاشان خۆهەڵواسەرێک بوو گەشەی کردوو ڕۆح و دەزگاکانی دەرەوە و ناوەوەی بە ڕێکوپێکی پێبەخشی. ئینجا هەر لەو مەنیە هەردوو جووت نێرو مێی دروست کردووە. ئایا ئەو زاتەی ئەوە بکات ناتوانێت مردووەکان زیندوو بکاتەوە ؟! "












ئەو کەسانەی کە مێشکیان شۆردراوە بە پەروەدەکردنی بیروباوەڕی داروینیزمی ماددی گەری، پێیان وایە کە گرنگی دان بە مادده هەموو شتێکە لەم ژیانەدا. بۆیە باوەڕیان وایە کە ئەوان بەرپرسی هیچ کەسێك نین و هەرگیز حساب بۆ کاروکردەوەکانیان ناکەن. هەر کارێکی خەرا پەش خۆشی زیاتریان پێ دەبەخشێت کە بە بەڵگەوە دەیکەن. ئەمەش بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی لە سەردەکی ئەمرۆدا بۆ تێکچونی خوڕەوشت و رەفتارەکان.

لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار دەفەرموێت ئادەمیزاد توانای خراپەکاری و شەیتانی تێدا هەیە، هەروەها توانای خۆڕاگریشی تێدا هەیە لە بەرامبەر هەر مەیل و ئارەزویەکی خراپەکاریدا ﴿ س – الشمس – ٧ – ١٠ ﴾. هۆکاری سەرەکە ئەمەش، کە بۆ ئەو کەسانە توشی لادان و سەرەڕۆیی و تاوان دەبن، ئەوەیە کە باوەڕیان بە پەروەردگار نیە، بیر لەوە ناکەنەوە کە لە لایەن پەروەردگارەوە تووشی لێپرسینەوە دەبنەوە لەسەر ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن، بۆیە ئەو کەسانە لە خوا ناترسێن. بەلاّم لە ڕاستیدا مەبەستێك هەیە لە دروست بوونی ئادەمیزادا، لە ئایەتێکدا ئاماژە بەو مەبەستە کراوە وەکو فەرمانی سوژدە بردن بۆ خوا " وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴿ س – الذاريات – ٥٦ ﴾. واتە : " من..... ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆئەوە نەبێت کە من بپەرستێت " ئادەمیزاد لەم ژیانەدا تاقیدەکرێتەوە، جا ئەگەر بێتو نەتوانێت ئەو بەرپرسیاریەتەی سەرشانی بەجێ بگەیێنێت، ئەوە بێگومان تووشی لێپرسینەوە دەبێتەوە لەسەریدا.

بەشێك لەو بەرپرسیاریەتیە لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆکراوە :

وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُواْ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ وَيُقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ ۚ وَذَٰلِكَ دِينُ ٱلْقَيِّمَةِ ﴿٥﴾ " ﴿ س – البينة – ٥ - ﴾ . واتە :" فەرمانیان پێنەدرابوو جگە لەوەی کە خوا پەرستی بکەن و بە پاکی و دڵسۆزی ملکەچی فەرمانبەرداری ئایین و بەرنامەکە بن، نوێژیش بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەن، زەکاتیش بدەن، ئەوەیە ئایینی ڕاست و بەنرخی خوا " .





ئاییني ڕاستەقینە ئاییني پەروەردگارە، بەڵام بەهۆی ئەو مێشك شوشتنەی کە خەڵکی دووچاری بوونەتەوە، زۆربەی ئەو خەڵکانە پشتی خۆیان لەو ئایینە کردووە و لێی دوورکەوتونەتەوە. ئەو کەسەی کە بەناو قۆناغە جیاوازەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی داروینیزمدا تێپەڕیووە، ئەوە هەڵبژاردنێکی (بەدیلێکی) زۆر کەمی لەبەردەمدا ماوە ( واتە لە جیاتی ئاییني خوا، ئاییني داروینیزم گرتووە). بیروبۆچونەکانی دەربارەی ژیان و مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە لەژێر تیشکی بیروبۆچونی داروینیزمی ماددی گەریدا. جا ئەو کەسانە تەنها بۆخۆیان هەوڵ دەدەن و ململانێ دەکەن بۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی ڕوودانی توندوتیژی و چەوساندنەوە و سەرلێشێواندن، هەموو ڕێگاو هۆکارێکیش دەگرێتە بەر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی، ئەمەش هەڵدەقولێت لە پێشێل کردنی بەها بەرزو پیرۆزەکان یەك لە دوای یەکەوە، خەونیان پێ دەبینێت و سەرئەنجامیش خۆشی لەدەست دەدات. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ شتێکیش نیە قەدەغەی بکات لە ئەنجامدانی ئەو کارانەدا. کۆمەڵێك خەڵك هەن هەمیشە بە دوای ناکۆکی و ململانێدا دەگەڕێن، زۆر بە توندوتیژی هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ئەوانەی کە بێتاوانن و بێدەسەلات و لاوازەکانیش دەچەوسێننەوە و مافەکانیان پێشێل دەکەن و چێژ لەو توندوتیژیەیان وەردەگرن، ئازار و ئەشکەنجەی کەسانی تر بە خۆشی و شادی خۆیان دادەنێن. بە کورتی، هەموو هەستێکە مرۆڤایەتیان لەدەست داوە، ئەو هەستەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەبێت لە لایان.

هۆکاری سەرەکی ئەمانەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیە ترسێنەرەی کە لە لایەن ئاییني دژە مەسیحیەتەوە فێرکراوون کە بەرنامە و پیلانی داڕشتووە بۆی کە ڕاستی (حەقیقەتی) ژیان بوونی نیە.

## بەشەکانی بیروباوەڕی دەجال


لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا ئاماژە بەوە کراوە کە چۆن دەجال تۆوی بەربەرەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا دەچێنێت. بەڵگەو نیشانەکانی ئەمەش ئەوەیە کە ئەو ڕێگاو بەرنامەیەی خەڵکی گرتوویانەتە بەر لە هەموو ئایین و نەتەوە و بیروباوەڕێکدا،ئەوە بەرنامەی دەجالییە. هەر لەو کاتەوەی کە ئەو ململانێ و ناکۆکیانە زۆر بوونە و لەهەموو شوێنێکیشدا بلاّو بوونەتەوە، زۆربەی خەڵك، جا بە ئەنقەست بێت یان نا، کەوتوونەتە ناو داویەوە و لەسەر ئەو ژیانە دەڕۆن کە لە لایەن دەجالیەکانەوە هاندراوە. بە مانایەکی تر، ئەو خەڵکانەی لایان گرنگ نیە کە کام بیروبۆچوونی دنیایان هەیە، ئەمانە ئەو کەسانەن کە ئاژاوە دەنێننەوە و پشتیوانیشی لێدەکەن، ئەمانە ئەو کەسانەن کە توندوتیژی ئەنجام دەدەن و پشتگیریشی لێدەکەن، یان ئەو جۆرە کردەوانە ئەنجام دەدەن کە زیان بە ئاشتی و سەقامگیری دەگەیێنێت. لە ڕاستیدا ئەو کارانە لەلایەن بیروباوەڕی دەجالەوە پاڵپشتی دەکرێت.

بیروباوەڕی دەجال پێدەچێت دابەش بکرێت بۆ چەند بەشێکی تردا. ئەگەر بێتو چاو بە سەردەمەکانی ڕابردوودا بخشێنینەوە، ئەوە کاریگەری ترسناکی تێکدانی ئەو دوو بیروباوەڕەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە داروینیزمەوە پەیدابوون ئەوانیش کۆمیۆنیزم ( شیوعیەت ) و فاشیزمن.

ئەو دوو ئایدۆلۆجیایانە بە دوو بەشی گرنگ دادەندرێن لە بیروباوەڕی دەجالدا. دامەزرێنەر و سەرکردە سەرەکیەکانی ئەو دوو ئایدۆلۆجیایانەش پشتگیریان لە داروینیزم دەکرد، کە فەلسەفەی بنەڕەتیان دەگەڕێتەوە بۆ دەجال. هەروەها ئەو دوو بزاوتە زۆر بە توندی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریەکانی داروینیزم. ئەو دوو گرووپانە ناخۆشی و ناهەمەتیەکی بێژماریان بەسەر ئەم جیهانەدا هێنا کە لە ئەنجامدا بووە هۆی هەڵگەڕانەوەی بۆناو گۆڕەپانێکی فراوانی جەنگدا. هەروەها کاتێك بە ووردی و لە نزیکەوە سەیری ئەو دوو ئایدۆلۆجیایانە دەکەین، دیمەنێکی گرنگمان بۆ دەردەکەوێت. گرنگ نیە تا چەند ئەو دوو ئایدۆلۆجیایانە پێچەوانەی یەکترن، بەڵکو ئەوە گرنگە کە هەردووکیان لە کۆمەڵێك خاڵدا هاوبەشن ئەگینا دانیان پێدانەدەندرا. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە چۆن ئەو دوو ئایدۆلۆجیایە لە هەمان سەرچاوەدا بیروباوەڕ خۆیانیان وەرگرتووە و پێیان بەخشراوە کە ئەویش داروینیزمە ( بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لەسەر ئەم بابەتەدا، سەیری پەرتووکی هارون یەحیا بکەن دەربارەی " ئەو کارەساتانەی کە داروینیزم بەسەر مرۆڤایەتیدا هێنای " – ٢٠٠٠ ) .بیروباوەڕە سەرەکیەکانی داروینیزم و بنچینەی خاڵە هاوبەشەکانی ئەمانەی خوارەوەن :

## داروینیزم


- خاڵی دەستپێکردنی داروینیزم بریتیە لە ڕەتکردنەوەی تەواوی دروستکراوەکان ( مخلوقات ). ئامانجی ئەم بنەمایەش ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەك دروست بکات تێیدا خەڵکی بە تەواوەتی پشت لە ئایین بکەن و هەڵی بوەشێنێتەوە. داروینیزم بە کاریگەریەوە بۆتە ئایینێکی وا کە خواوەندەکەی بریتیە لە ڕێکەوت.
- ئایینی داروینیزم ئاماژە بەوە دەکات کە دەبێت " خەبات و ململانێ بکەیت لە پێناو مانەوە لە ژیاندا " لە بنەڕەتیشدا هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە دەبێت بێڕەحمی بڵاوبکرێتەوە. بە پێی ئەو بیرۆکەیەش، ئەو خەباتە بێڕەحمیەی کە لە نێوان شتە زیندووەکاندا ڕوودەدات، دەبێت لە نێوان مرۆڤەکانیشدا ڕووبدات و لەسەریان جێبەجێ بکرێت. لەم جۆرە ژینگەو بارودۆخەشدا هەموو کەسێك سەیری ئەوانی تر دەکەن وەکو دوژمن و نەیاری، ئەو هەستەش کە زۆر کات ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتیە لە هەستی تووڕەیی و شەراوی و ڕق و قین لێبوونەوە.
- هیچ شوێن و جێگایەك نەماوە بۆ گیانی لێبوردەیی و بەزەیی و گفتوگۆکردن بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخەدا. مەگەر بە هێزو خاوەن دەسەڵاتەکان بتوانن ڕزگار بن، ئەگینا گیانی لێبوردەیی و بەزەیی و گفتوگۆکردن دواهەمین شت دەبێت کە خەڵکی پشتی پێ دەبەستن.
- لە ڕاستیدا داروینیزم سەرلێشێواندنێکی زۆر گەورەیە. هەموو بانگەشە و بیروباوەڕەکانی بەدرۆ خراوەتەوە لەلایەن زانستی پێشکەوتوودا.



# کۆمیۆنیزم

- کۆمیۆنیزم بەو بیروباوەڕە وەسف دەکرێت کە دەرمانێکی بێهۆشکەری خەڵکە. لە هەموو کۆمەڵگایەکدا کە دەسەلات وەردەگرێت، یەکەم هەوڵ و تەقەلای ئەوەیە کە دژی بیروباوەڕە ئاینییەکان ڕادەوەستێت.
- هەروەك لینین پەیرەوی کردووە بەو بانگەشانەی کە " پێشکەوتن بریتیە لە خەبات و ململانێی بەرهەڵستکاری "٨، کۆمیونیزم ئاماژە بەوە دەکات کە پێشکەوتن تەنها بە ڕێگای توندوتیژی بەدەست دەهێندرێت. باوەڕی وایە کە ناتواندرێت پەرەسەندن و پێشکەوتن بەدەست بهێندرێت تەنها بە خوێن ڕشتن نەبێت.
- شۆرش و ڕا پەڕینە چەکداریەکان ڕەگەزی سەرەکی کۆمیونیزمن. بە پێی ئەو بنەما درۆیینەش، ڕق و تووڕەیی بەرامبەر چینەکانی تری ناو کۆمەڵگەدا و بەزەیی پێنەکردنیان دەبێتە حەزو ئارەزویان بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە لێیان.
- کۆمیونیزم بە کەللەڕەقیەوە دژی هەموو بەرهەڵستی و جیاوازیەك دەوەستێت. جیاوازیەکانیش تەنها یەك مانای هەیە بۆیان ئەویش شەڕو ململانێ کردنە. لە ڕژێمی کۆمیۆنیزمدا دەبێت تەنها یەك جۆر شت هەبێت لە هەموو شتێکدا، لە نێوان ئەو شتانەشدا مرۆڤەکانن. هەموو شتێك کە داوای دەکات ئەوەیە کە دژی ئەو گونجاندنە بوەستێت، وەکو دوژمنی ڕژێمەکەشی سەیری دەکات، لە هەمان کاتیشدا ڕێگایەکی توندوتیژی گرتۆتە بەر لە دژیدا. لەو جۆرە بارودۆخەشدا هیچ لێبوردەیی و دەرفەتێك نیە بۆ گفتوگۆکردن و لێك تێگەیشتن.

*لینین بیروباوەڕی کۆمیۆنیزمی بەرجەستە کرد لە ئەنجامی شۆرشی ساڵی ١٩١٧ دا، لەو کاتەدا خۆی سەرکردایەتی خەڵکی دەکرد لە هەموو خوێن ڕشتن و کوشتن و تۆقاندنێکدا. لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ئەو شۆرشەدا، ئەو ڕژێمە زۆردارە هاتەکایەوە و دامەزرا کە دڕندەیی تەواوی کۆمیۆنیزمی دەرخست لە سەرتاسەری جیهاندا.*




- له بواری پراكتیكیدا، جێبەجێكردنی بیرۆكەكانی كۆمیۆنیزم بۆتە دەرئەنجام و ئاماژەیەكی ڕوون و ئاشكرا كە چۆن بیرۆكەكانی بوونەتە گومڕاكەر و خەیاڵاوی وەك یەكسانی و داد پەروەری كۆمەڵایەتی و ئازادی كە كۆمیۆنیزم بەرگریان لێ دەكات بۆ ئەوەی سەرنجی لایەنگرانی بۆلای خۆی ڕابكێشێت. لە ڕاستیدا ئەو بیرۆكانەشی تەنها لە ئامرازی پڕوپاگەندەی شیوعیەت نەبێت هیچی تر نین، كە ڕژێمێكی دیكتاتۆری و زۆرداریە.

## فاشیـزم

- فاشیزم وبە سەرجەم ڕێگاكانیشیەوە بە تەواوەتی پێچەوانەو دژی خوڕەوشت و بەها ئایینیەكانن. یەكێك لە سیفەتە دیارو جیاوازەكانی فاشیزم ئەوەیە كە لە ژێر ناوی بەها پیرۆزەكاندا خولیاو ئارەزووی بۆ كوشتنی هەزارەها خەڵكی بێتاوان هەیە، وپێی وایە كە ئەو كوشتن و قڕكردنەش كارێكی باش و موفەددەسە. هەر لەبەر ئەمەشە كە شەر و توندوتیژی ناتواندرێت جیابكرێنەوە لە فاشیزم.
- ئەو ڕق و كینەیەی (واتە ڕەگەزپەرستی) كە ئاراستە كراوە بۆ خەڵكی نەتەوە جۆربەجۆرەكان، جۆرێكی دیكەن لە ڕەگەزە سەرەكیەكانی فاشیزم. ئەو ڕەگەز پەرستیەش بۆتە دروستكردنی ژمارەیەكی زۆر لە شەر و ململانێ و كوشتنی نەتەوە پەرستی.
- بنەماكانی توندوتیژی بەشی سەرەكی ڕژێمی فاشستەكانە. هەموو ئەو بیروباوەڕانەش لەناو دەبات كە دژی توندوتیژین. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی هیتلەردا هەزارەها پەرتووك سوتێندران چونكە ئەو پەرتووكانە " بیروباوەری ئەڵمانیەكان "ی لە خۆ نەگرتبوو، ئەمەش سادەترین نمونەیە لە بیرۆكەی فاشستەكاددندا.

- بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر بیروباوەڕی خەڵكیدا، فاشیزم ئەو بیرۆكەیە لە بیرو هزری خەڵكدا دەچێنێت كە هەر نەتەوەیەك ڕەگەز و پێكهاتەكەی باشترو بەرزترو پیرۆزترە لە هەموو نەتەوەكانی تردا. ئامانجی سەرەكیشی لەم كارەدا دروستكردن و چەسپاندنی سیستەمێكە كە سەرچاوەی بگرێت لە بیرۆكەی ڕەگەز پەرستیدا. ئەمەش بە ئاشكرا دەری دەخات كەلە بارۆدۆخێكی ئاوادا كە هەر نەتەوەو پێكهاتەیەك تێیدا وا بیربكاتەوە كە باشترو بەرزترو پیرۆزترە لەوانی دیكە، ئەوە هەرگیز شەڕو توندوتیژی لەناویاندا كۆتایی پێنایێت. ئەو كارەساتەی كە دیكتاتۆرە فاشستیەكانی وەكو هیتلەر و مۆسۆلینی بەسەر نەتەوەكانیادا چەسپاندیان، بەڵگەو نیشانەیەكی ئاشكرایە كە ئەو بیرۆكەیەی فاشیزم پشتگیری لێ دەكات جگە لە گومڕایی هیچ شتێكی تر نیە.



ئەو سیفەتانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ کرا تەنها چەند نمونەیەکی کەمن کە زانیاری گشتی بە تۆی خوێنەر دەبەخشێت لەسەر ئەو بیروباوەڕانەدا. کاتێك یەکێك بیر لەو ڕێگایانە دەکاتەوە کە ئەو جۆرە بیروباوەڕانەی لەسەر جێبەجێکراوە، ئەوە زۆر بە ئاشکرایی بۆی دەردەکەوێت کە ئەو بیروباوەڕانە تا چ ڕادەیەك توونددوتیژ و دڕندەن. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە تێبینی بکرێت ڕێگای دژە مەسیحیەت و ئەو بیروباوەڕانەیە کە پەیوەستن بەو، ئەمانە دەتواندرێت لە هەموو بەشێکی کۆمەڵگادا پەیرەو بکرێت و کۆمەڵگاکەش وەربگێڕن، ئەمە جگە لەو هەموو کاولکاریە ترسناکانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا دەیهێنن. لەبەر ئەم فاکتەرەشە کە دەبێت بە گرنگیەوە سەیری ئەو ڕێگایە بکرێت کە ڕژێمی دژە مەسیحیەت دەیهێنێت بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بخاتە ژێر دەسەلآت و کۆنترۆلی خۆیەوە. بۆ جێبەجێکردنی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارەش یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە هەوڵبدرێت شەری ئەو بیروباوەڕە هەڵبگیرسێت لە دژی ئەو سیستەمەدا. ئەمەش مانای وایە کە خەڵکی لە ناکاو تەنها لە شەو و ڕۆژێکدا نابن بە کەسێکی خۆپەرست و دوژمنکار و بێ ڕەحم هەتا وەکو ڕق و کینەیان هەڵنەستێت و تێنوی تۆڵە سەندنەوە نەبن. هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد لەسەرەوە کە دەتواندرێت بە تێپەربوونی کات قۆناغ بە قۆناغ ئەو خەڵکانە ئاشنا بکرێن بە سیستەمی دژە مەسیحیەت. ئەو پیلان و پرۆسەیەش لەو کاتەدا دەست پێدەکات کە خەڵکی هەست دەکەن و هۆشیار دەبنەوە کە چی لە دەوروبەریاندا ڕوودەدات لە دەسپێکی فێربوونی ئەو پرۆسەیەدا، و بەردەوام دەبن لەسەر ئەو پرۆسەیە بە درێژایی ژیانیان. ئەو مێشك شوشتنەش بەوە دەست پێدەکات کە خەڵك هەڵبگێڕێتەوەو دووریان بخاتەوە لە باوەڕهێنان بە پەروەردگار.

وا بیر لە نەتەوە سەرەکیەکانی ئێمە دەکرێتەوە کە لە چەندەها گرووپ و پێکهاتەی جیاواز دروست بوون. لە دوا بەشەکانی ئەم پەرتووکودا تیشك دەخەینە سەر پەیوەندیەکانی نێوان دەجال و تیرۆریزم لەلایەك و ئەو گرووپ و پێهاتانەش لەلایەکی دیکەوە. بەلآم لە سەرەتادا وا باشترە ئاماژە بەوە بکەین کە چۆن دەجال لە قورئاندا باسکراوە و تیشکی خراوەتە سەر.

***دکتاتۆرە فاشستەکانی وەك هیتلەر و مۆسۆلین و فرانکۆ بوونە هۆی کوشتنی هەزارەها خەڵك و ئازاردانی ملیۆنەهای تر، هەموو ئەمانەش تەنها لە پێناو بیروباوەڕە فاشستیەکەیان بوو.***

# سروشت و سیفەتی دەجال لە قورئاندا باسکراوە

ئەو وەسفانەی کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ دەجالی کردوون لە فەرموودەکاندا هەمان ئەو وەسفانەن کە لە قورئاندا هاتوون بۆ تاوانباران. ئەو نموونە خەراپانەی کە لە قورئاندا باسکراوون وەك درۆکردن و ناداد پەروەری و دڕندەیی و توندی و دڵ ڕەقی و هاندانی خەڵکی بۆ کاری توندووتیژی و شەراوی، هەروەها ئەوەی کە بێباوەڕان هەوڵی بۆ دەدەن بۆ شێواندنی خووڕەوشت بۆ ئەوەی خەڵك وەربگێڕن و دووری بخەنەوە لە ئایین، ئەمانە هەمووی بریتین لە بنەماکانی سیفەتی ئایدیۆلۆجیای بێباوەڕی داروینیزم.

ئەو کەسانەی کە پەروەردگار لە قورئاندا بە " تاوانکاران " ناویانی بردووە ، ئەوانەن کە گێرەشێوێنی و تیرۆر لە جیهاندا بلاّو دەکەنەوە، ئەو کەسانە پیلانی جۆراوجۆریان داناوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە شانبەشانی شەیتان. ئەو جۆرە کەسانە سنورەکانی پەروەردگار ڕەت دەکەنەوە، هەروەها ڕەتی خوورەوشت و بەها پیرۆزەکانی ئایینیش دەکەنەوە، و ئارەزووی ئەنجامدانی کاری تاوانکاری و توونددوتیژی دەکەن. لەم بارەیەوە پەروەردگار دەفەرموێت :

" إِنَّ ٱلۡمُجۡرِمِينَ فِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٖ ﴿٤٧﴾ ﴿ س – القمر – ٤٧ ﴾. واتە : " بەڕاستی تاوانبار و تاوانکاران لە گومڕایی و شێتیەکی زۆردا ڕۆچوون " .

ئەو ڕێگایەی کە ئەو جۆرە کەسانە گرتوویانەتە بەر لەو جۆرە خووڕەوشتانەدا، ڕێگایەکی لادەر و دەرچوونە لەو خورەوشتانەدا. جۆرەها سیفەتی ئەو تاوانکارانە لە قورئاندا باسکراوە، هەروەها ئێمە ئاگادارکراینەوە کە دەبێت ببین بە پاسەوان لە دژی ئەو سیفەتانەدا.

" فَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوۡ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿١٧﴾ ﴿ س – يونس – ١٧ ﴾. واتە : " کێ لەوە ستەمکارترە کە درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت یاخود ئایەتەکانی بە درۆ بزانێت و بڕوای پێی نەبێت ؟ بەڕاستی تاوانباران سەرکەوتوو سەرفراز نابن ".

" وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا ٱلۡقُرُونَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَمَّا ظَلَمُواْ وَجَآءَتۡهُمۡ رُسُلُهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَمَا كَانُواْ لِيُؤۡمِنُواْۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ﴿١٣﴾ ﴿ س - يونس – ١٣ ﴾. واتە : " بێگومان ئێمە لە سەدەکانی پێش ئێوەدا خەڵکێکی زۆرمان لەناو بردووە کاتێک ستەمیان کردوو و ڕۆچوون تیایدا، لە کاتێکیشدا پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەی زۆرەوە بۆ هات و باوەڕیشیان هەرگیز پێنەهێنان، ئا بەو شێوەیە تۆڵە لە تاوانباران دەکەینەوە ".

ئەگەر بێتو سەیر بکەین، ئەوە ڕاستیەکە بەم شێوەیەیە کە یەکێك لە سیفەتە جیاواز و دیارەکانی ئایدەلۆجیای ماددی گەری وەك کۆمیۆنیزم و فاشیزم، کە لەلایەن داروینیزمەوە دامەزرێندراوون، تێکدانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و هۆکاری سەرلێشێواویە، ئینجا بە ئاشکرا ڕوون دەبێتەوە کە ئەوانەی ئەو جۆرە بیروباوەڕانەیان هەیە و داوای زیاتری سیستەمی لەو شێوەیەدا دەکەن، ئەوە خەڵکانێکی تاوانکارن هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا باسیان لێوەکراوە. پەروەدگار لە ئایەتێکدا دەفەرموێت :

" وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٍ أَكَٰبِرَ مُجۡرِمِيهَا لِيَمۡكُرُواْ فِيهَاۖ وَمَا يَمۡكُرُونَ إِلَّا بِأَنفُسِهِمۡ وَمَا يَشۡعُرُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴿ س – الانعام – ١٢٣ ﴾. واتە : " ئا بەو شێوەیە لە ناو هەموو شار و شارۆچکەیەکدا گەورەترینی تاوانبارانمان باڵا دەست کردووە تا پیلان و تەڵە بگێڕن تیایدا (بێ ئەوەی بزانن) کە هیچ فێڵ و تەڵەکیش ناکەن بەزیانی خۆیان تەواو نەبێت. لە کاتێکدا هەست بەوە ناکەن کە پیلان دژی خۆیان دەگێڕن و بەسەر خۆیاندا دەشکێتەوە، بەڵام هەستی پێناکەن ".

هەروەك لەم ئایەتەی سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کرا، ئەو جۆرە کەسانە پیلان دادەڕێژن بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆیان بلاوبکەنەوە و بیچەسپێنن. ئەگەر هاتوو بارودۆخەکەش وای لێهات کە ئاشتی و سەقامگیری شوێنی توندووتیژی و ناسەقامگیری و شەرو ئاژاوە بگرێتەوە، ئەوە زۆر گرنگە بیروباوەڕی شەڕ و توووندوتیژی دژی ئەو جۆرە

کەسانە و ئەوانەی کە داوای زیاتری ئەو جۆرە سیستەمانە دەکەن بەرپا بکرێت، مەگەر چالاکی و جموجۆلەکانی ئەو کەسانەی کە بەشداری لە کاری شەراوی و تاواندا دەکەن قەدەغەبکرێت. بە پێچەوانەشەوە، دەتواندرێت ئەو کارە بکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو ئایدەلۆجیایەی کە بیروباوەڕی ئەو خەڵکانەی لەسەر دروست کراوە تێك بچێت و پاشان لەناو ببردرێت. ئەنجامدانی ئەوکارەش تەنها بە باوەڕداران دەکرێت و دەتوانن بەرپرسیاریەتیەکەی هەڵبگرن، چونکە هەر لەو کاتەی کە توندوتیژی بلاّو بۆتەوە بەهۆی بیروباوەڕی دەجالدا، ئەوە هەرگیز نەیتوانیووە کاریگەری لەسەر باوەڕدارە ڕاستەقینەکان هەبێت. ئیمان و باوەڕی ئەو کەسانە زۆر بە توندی ڕەتی دەکەنەوە کە بیرکردنەوە و خووڕەوشتی تاوانکارەکان وەربگرن، هەروەها ڕێگاش بە خۆیان نادەن ببنە کەسێکی تێکدەر جا بۆ بچووکترین شتیش بێت. ئەمەش دەیسەلمێنێت کە چۆن پەروەردگار باس لە بەرپرسیاریەتی قەدەغەکردنی توندوتیژی کرووە کە دەکەوێتە سەرشانی باوەڕداران :

"فَلَوْلَا كَانَ مِنَ ٱلْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْفَسَادِ فِي ٱلْأَرْضِ إِلَّا قَلِيلاً مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ ﴿١١٦﴾ س –

هود – ١١٦ ﴾. واتە : " بۆ لەناو خەڵکی زەمانی پێش ئێوەدا کەسانی ژیرو دیندار نەبوو کە بەرگریان لە خراپە و تاواندا بکردایە لە زەویدا، مەگەر کەمێک نەبێت لەوانەی کە ڕزگارمان کردن لێیان چونکە زۆربەیان لە سنووری فەرمانی خوا دەرچوون و شوێن ڕابواردنی دنیا و ئارەزوو کەوتن، ئیتر بەو کردەوە ناشرینەیان چوونە ڕیزی تاوانبار و خراپەکارانەوە " .

## ڕێگا و بیروباوەڕی دەجال لەسەر شێوازێکی نەرم و خۆشیدا دامەزراوە

یەکێك لە سیفەتەکانی تاوانکاران ئەوەیە، لە جیاتی وەرگرتنی بەهاو خووڕەوشتەکانی قورئاندا، کەچی هەڵخەلەتێندراوون بە هۆی حەزو ئارەزووە تاکەکەسیەکان و هەست وسۆزە بەهێزەکانیانەوە. بەڵام زاڵبوون بەسەر خود (نفسی) کەسێکدا، ئەوە لەدەستدانی کابووسی ترسێنەری ئەو کەسەیە. کاتێك یەکێك هەڵسووکەوت دەکات بەخۆسازدان لەگەڵ بێباوەڕی (نەفس نزمی)خۆیەوە، ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی نەخۆشی بیری (عەقلی) لەو کەسەدا و بەتەواوەتی تووشی نەبوونی خۆڕاگری دەکات. لە جیاتی ئەوەی بیروهۆشی لەسەرخۆو ئارام بێت کە لە ئەنجامی گوێگرتن لە دەنگی ویژدانیەوە بۆی دێت، ئەوە تووشی نا ئارامی و نیگەرانی و خەم و بێزاری دەبێت. هەروەك پەروەردگار لە قورئاندا لەم بارەیەوە پێمانی ڕاگەیاندووە کە " إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّىٓ ﴿٥٣﴾ ﴿ س – یوسف – ٥٣ ﴾. واتە : " ... بەڕاستی نەفس زۆر فەرماندەرە بە گوناه و هەڵەو تاوان، مەگەر نەفسێک کە پەروەردگارم بەزەیی پێ کردبێت..." بێباوەڕی یاخود (نەفس) هەمیشە مرۆڤ هاندەدات بۆ کاری توندوتیژی و خەراپەکاری، ئەو نەفسە بەبەردەوامی هانی دەدات بۆ چاوچنۆکی و ئێرەیی (حەسوودی) و توندوتیژی و ڕق و کینەو بێهەستی و دڕندەیی و بێڕێزی و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی و هەروەها نمونەکانی تری خووڕەوشتی خەراپەکاری. مرۆڤی باوەڕدار گوێ لە دەنگی ویژدانی خۆی دەگرێت نەك لە نەفس نزمی خۆیدا، بۆیە ئەو جۆرە باوەڕدارانە هێزی ویستی (ئیرادەی) سەربەخۆیی بەکاردێنێت و خووڕەوشتی باش و دڵخۆشکەر بەدەست دەهێنێت. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە قورئاندا پەروەردگار فەرمانی بە ئادەمیزاد کردووە کە دووربکرێتەوە لە پەرستنی نەفس نزمی خۆی. فەرمایشتێك کە ئێمە دەبێت گوێڕایەل و پابەندی بین بۆ ئەوەی وامان لێبکات کە ئاگاداری نەفسی خۆمان بین. بە مانایەکی تر، لەو کاتەی کە هەست دەکەین و دەزانین کە کام کردەوە باشەو کامەش خەراپە، ئەوە هەر لەو کاتەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن خۆمانی لێ بپارێزین و دووربکەوینەوە لێی. ئەم ڕاستیەش لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە :

" وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّىٰهَا ﴿٧﴾ فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَىٰهَا ﴿٨﴾ قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّىٰهَا ﴿٩﴾ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ﴿١٠﴾ ﴿ س – الشمس – ٧-١٠ ﴾. واتە : " سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێك و پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خەراپەو چاکەو خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە. بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاك و پووختە کردووە و ئیمان و ترسی خوای تیادا ڕواندووە. بێگومان نا ئومێد بوو ئەو کەسەی نەفسی خۆی نا پووخت کردو ئالودەی گوناه و تاوان و خەراپەکاری کرد " .

هەروەها، ژمارەیەکی زۆری خەڵك ویژدانی خۆیانیان فەرامۆش و دەمکووت کردووە، ڕێگا بە خۆیان دەدەن کە نەفسیان فەرمانڕەواییان بکات. جیاوازیەکی یەکجار زەق هەیە لە نێوان ئەو کەسەی کە لە لایەن نەفسیەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە لەلایەن نەفسیەوە فەرمانڕەوایی ناکرێت. ئەو کەسەی کە گوێ لە دەنگی ویژدانی (نەفسی) خۆی دەگرێت، ئەوە بە شێوەیەکی لەسەرخۆو ئارام هەڵسووکەوت دەکات و دەتوانێت کۆنترۆڵی تووڕەیی خۆی بکات لەو کاتەی کە تووشی بارودۆخێکی تاقیکردنەوەیی دەبێت. بۆیە ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی ویژدانی خۆی دەبێت، ئەوە دووری دەخاتەوە لە تووڕەیی وە بەجۆرێك هەڵسووکەوت دەکات کە دوورە لە هەستی ڕق لێبوونەوە و تۆڵەسەندنەوە. هەروەها، کاتێك کەسێك تاقیدەکرێتەوە بە نادادپەروەری کە گوێ لە دەنگی دەروونی خۆی دەگرێت، ئەو کەسە دەزانێت کە دەبێت وەڵامی ئەو نادادپەروەریە بە دادپەروەری بداتەوە، بگرە دەستی هاوکاریشی بۆ درێژ دەکات، بە پێچەوانەوە، نەك ئەو کەسە نادادپەروەری زیاتر بکات. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو کەسەی کە بەدوای حەز و ئارەزووە خۆویستەکانی دەکەوێت، ئەوە ئەو کەسە دەیەوێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە لەو کەسەی کە نادادپەروەری بەرامبەری ئەنجامداوە. بۆیە، ئەو کەسەی کە گوێ لە دەنگی ویژدانی خۆی دەگرێت، ئەوە کەسێکی میهرەبان و لێبووردە و ئارام و خۆبەختکەرە. بەڵام ئەو کەسەی کە گوێ لە ویژدانی خۆی ناگرێت، ئەوە کەسێکی تووندوتیژ و درندە و تووڕە و خۆویستە. بۆیە، مەحاڵە باس لە بارودۆخی ئاشتی و ئارامی بکرێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەگەر هاتوو لەو کۆمەڵگایەدا کەسانێك هەبوون کە تەنها گوێ لە خودی نەفسی خۆیانیان دەگرت وئەوانەش زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایەیان پێك دەهێنا. لە ڕاستیدا، پەروەردگار ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاشتی و سەقامگیری لە جیهاندا نامێنێت مادام خەڵکی گوێ لە دەنگی خۆویستی خۆیاندا دەگرن :

" وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ بَلۡ أَتَيۡنَٰهُم بِذِكۡرِهِمۡ فَهُمۡ عَن ذِكۡرِهِم مُّعۡرِضُونَ ﴿٧١﴾ ﴿ س – المؤمنون – ٧١ ﴾. واتە : " ئەگەر حەق و ڕاستی شوێنی ئارەزووی ئەوان بکەوێت، ئەوە ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی تیایاندایە دەشێواو تیا دەچوون سەرگەردان دەبوو، نەخێر (حەق وانیە ڕقیان لێ بێت)، چونکە ئێمە قورئانێکمان بۆ هێناون (کە یادی هەموو چاکەیەکیان بخاتەوە، کەچی ئەوان لە بەرامبەر ئەو یادخەرەوانەدا سەرکەش و یاخین و پشتی تێدەکەن) .

ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بۆچی دژە مەسیحیەت ئایین و بەها ڕۆحیەکانی کردۆتە ئامانجی خۆی. بەهاوو خووڕەوشتە ئاینیەکان بانگێشەی خەڵك دەکەن کە گوێ لە دەنگی ویژدانیان بگرن و دوور بکەونەوە لە حەزو ئارەزووە شەڕاوی و تووندوتیژیەکان کە لە وانەیە تووڕە و بێزاریان بکات. بەڵام بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیای دەجال داوای پێچەوانە ئەمە لە خەڵکی دەکات، ، هەر لەبەر ئەمەشە کە زەرەرو زیان بە زۆربەی ئەو توخم و ڕەگەزانە دەگەیێنێت کە خەڵکی پێکەوە دەبەستێتەوە و دڵنیای یەکبوونی کۆمەڵایەتیەیان دەکاتەوە (لە گرنگترین ئەو توخمانەش بەهاوو خووڕەوشتە ئایینیەکانن لەگەڵ ئەو بەها ڕۆحیانەی کە لە ئایینەوە هەڵدەقولێن)، )، هەروەها هانی خەڵك دەدات

بۆ جیاوازی و دووبەرەکی و ململانێ و توندوتیژی. لە فەرموودەیەکدا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بەوە داوە کە دەبێت جیهان چۆن بێت لە سیستم و ڕژێمێکدا کە لەسەر بنەمای دەجال دامەزراوە، لەو سیستەمەدا کە خەڵکی بە حەزو ئارەزووەکانیانەوە دەوره دراوون:

" ململانێ و دووبەرەکی و ناکۆکی کۆتایی هاتنی دنیا ئەوەندە ترسناک دەبێت کە هیچ کەس ناتوانێت خۆی لەبەردا ڕابگرێت " ٩.

لە شیکردنەوەی ئەم فەرموودەی سەرەوەدا، زانایانی ئیسلام بەو جۆرە لێکیان داوەتەوە کە دەجال بانگی خەڵك دەکات بۆ ئەوەی بە دوای هەست و سۆز و حەزو ئارەزووەکانیدا بکەون، بەجۆرێك بۆیان ڕووندەکاتەوە کە ئەمانە شتی باش و چاکن. (بدیع زەمان) لە (نێرسی) گێڕاییتیەوە کە : " ئەو مرۆڤەی.....بەهۆی ڕۆحە غەریزە تێکشکاوو بەزێنداراوەکەیەوە کەتۆتە ناو خۆشیە بێهۆشەکانیەوە، ئەوە فڕێدەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخ و لەناویدا دەسوتێندرێت. (ناکۆکیەکانی کۆتایی هاتنی دنیا و دووبەرەکیەکانی دەجال) سەرنجی ئەوانە ڕادەکێشن کە بەدوای خۆشی و ڕابواردنەکانیانەوە کەوتوون بۆ لای خۆی وەکو پەپولەی بێگەرد سەرخۆشیان دەکات " ١٠

## دەجال خەراپەکاری لە هەموو جیهاندا بلاَودەکاتەوە

بە ئازارترین بواری بیروباوەڕی دەجال ئەوەیە کە لەسەر بلاَوکردنەوەی خەرا پەکاری و تێکدانی باروودۆخی ئەمنی و یاسا دامەزراوە. پێناسەی بیروباوەڕی دەجال ئەوەیە کە هانی کاری تیرۆرستی و ئاژاوە نانەوە دەدات بەمەبەستی بلاَوکردنەوەی خەرا پەکاری. بەرنامە و وانەکانی خەرا پەکاریش زۆر بەر بلاَوبۆتەوە ومەحال نین، ئەو بەرنامانەش کۆمەڵێك بواری گرتۆتەوە وەك تۆقاندنی خەڵك و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری و تێکدانی بواری ئەمن و ئاساییش. شەڕو ململانێی بێ پاساوی نێوان نەتەوە و وولاَتان و توندوتیژی و بەربەرەکانیەکانی ناوخۆ کە پڕشکەئاگری بەهۆی فاکتەرە دەستکردەکانەوە بەرپا دەبێت و هێرشە تیرۆرستیەکان کە خەڵکی بێتاوانیان کردۆتە ئامانجی خۆیان و کارەکانی تری توندوتیژی ڕۆژانە، ئەمانە هەر هەموویان بە بوارەکانی کاری خەرا پەکاری دادەندرێن. لە کاتی ئێستاشدا، زۆربوونی شەڕ و ململانێکان بە پێی بیروباوەڕی ئاراستەکراو بۆ خەرا پەکاری دەجال گرنگن.

لە قورئانی پیرۆزدا خەرا پەکاری بە یەکێك لە ترسناکترین کارەکان داندراوە کە خەڵکی پێویستە خۆیانی لێ بەدوور بگرن. پەروەردگار خەڵکی قەدەغە کردووە کە بین بە هۆکاری خەرا پەکاری، و ئاماژەی بەوە کردووە کە

پەروەردگار ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە ئەم جۆرە کاروکردەوانە ئەنجام دەدەن. ئەم ئایەتەی خوارەوەش دەری دەخات کە چۆن ئەو کەسانەی هەمیشە نکۆڵی لە پەروەردگار دەکەن، ئەوانە هەوڵ دەدەن بە بڵاوکردنەوەی تۆوی خەرا پەکاری و توندوتیژی و بەربەرەکانی شەر و ئاژاوەنانەوە :

" ... مَّآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ طُغۡيَٰنٗا وَكُفۡرٗاۚ وَأَلۡقَيۡنَا بَيۡنَهُمُ ٱلۡعَدَٰوَةَ وَٱلۡبَغۡضَآءَ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ كُلَّمَآ أَوۡقَدُواْ نَارٗا لِّلۡحَرۡبِ أَطۡفَأَهَا ٱللَّهُۚ وَيَسۡعَوۡنَ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَسَادٗاۚ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٦٤﴾ ﴿ س – المائدة – ٦٤ ﴾. واتە : " ... ئەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆت کە قورئانە لەلای پەروەردگارتەوە یاخی بوون و ستەمیان زیاد دەکات و ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لە نێوانیاندا بەرپاکردووە، هەر کاتێک دەیانەوێت جەنگ بەرپا بکەن و شەڕ هەڵبگیرسێنن، خوا دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێت تەشەنە بکات، ئەوانە زۆر بە پەلە و بە گەرمی هەوڵی بڵاوبونەوەی گەندەڵی و فەساد و تاوان دەدەن لە زەویدا، خواش ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە گەندەڵ و تۆوی خەراپە دەچێنن ".

هەروەك لەم ئایەتەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن ئەو جۆرە خەڵکانە هەردەم هەوڵدەدەن بۆ پەرپاکردنی شەڕ و ناخۆشی. کاروکردەوەکانی دڕندەیی وەکو شەڕو توندوتیژی و تیرۆر، ئەم کارانەن کە بەزۆری و هەمیشە لەلایەن دەجالەوە پەنای بۆ دەبردرێت. لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بە جۆری بیرکردنەوەی دەجال کراوە بەم شێوەیە :

" ٱلَّذِينَ يَنقُضُونَ عَهۡدَ ٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ مِيثَٰقِهِۦ وَيَقۡطَعُونَ مَآ أَمَرَ ٱللَّهُ بِهِۦٓ أَن يُوصَلَ وَيُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿٢٧﴾ ﴿ س – البقرة – ٢٧ ﴾. واتە :

" ئەوانەی پەیمانی خوا هەڵدەوەشێننەوە و پەیرەوی ناکەن لە دوای بەهێز و پتەوبوونی، ئەو پەیوەندیانەش دەپچڕێنن کە خوا فەرمانی گەیاندنی داوە، لە زەویشدا تاوان و خەراپە دەچێنن، ئا ئەوانە خۆیان زەرەرمەند و خەسارەتمەندن ".

لە لەلایەکی دیکەشەوە، قورئانی پیرۆز هانی ئاشتی و ئارامی دەدات و پشتگیری لێدەکات. ئاماجیشی لەمە، هەروەك لە قورئاندا ئاماژەی بۆکراوە، بریتیە لە پێشخستن و هێنانەکایەوەی باروودۆخێکی وا کە خەڵکی بەهەموو نەتەوە و ئایینێکەوە بتوانن بە خۆشی و ئاشتی پێکەوە بژین. ناکۆکی و گیروگرفتەکانی ئەم جیهانە تەنها دەتواندرێت بە هۆی دەستگرتن و پەیرەوکردنی خووڕەوشتەکانی ئایینەوە ئارام بکرێتەوە و کۆتاییان پێ بهێندرێت و هەروەها بەهۆی گوێگرتنی خەڵك لە هەست و ویژدانیان. لەم بارەیەوە قورئانی پیرۆز فەرمانمان پێدەدات کە :

" وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَـٰحِهَا وَٱدْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا ۚ إِنَّ رَحْمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٌ مِّنَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٥٦﴾ ﴿ س – الاعراف – ٥٦ ﴾. واته : " (خەڵكینە) خەراپەكاری و گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لە زەویدا دوای ئەوەی چاكەكاری ڕەنگی گرتووە، بەردەوام هاناو هاوار بۆ خوا ببەن لە ترسی سزای دۆزەخ و بە ئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەراستی ڕەحمەتی خوا نزیكە لە چاكەكاران و چاكەخوازان ".

## خەراپەكاری دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی

ئەو كەسانەی كە دەبنە هۆكاری خەرا پەكاری، لە جیاتی ئەوەی لێبووردەیی و بەزەیی لە دڵ و دەروونیاندا هەبێت، هەستی ڕق و كینەو تۆڵە شوێنی گرتۆتەوە. ئەوانەی كە دەبنە هۆكاری ململانێ و توندوتیژی و كاری تیرۆرستی، هیچ سنورێكیان بەجێنەهێشتووە بۆ لێك تێگەیشتن یاخود پەیرەوكردنی یاساكانی دادپەروەری، بەڵكو ئەمانە بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیەكانیان ڕێگای توندوتیژی بە چاك دەزانن لە جیاتی گفتوگۆو دانووستان، دەست بە بیروباوەڕی دەجالەوە دەگرن بۆ مەبەستی كاری توندوتیژی لە جیاتی سازشكردندا. ئەو ئارەزوویان هانی هەستەكانی ڕق و كینەو توورەیی و نەیاریان دەدات كە دەبێتە هۆی دروستبوونی كەلتورێك خەڵكی لە خشتە دەبات و دەیانكات بە دوژمنی یەكتری. لە فەرموودەكانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەكراوە بەوەی كە دەجال لە كات و سەردەمێكدا پەیدا دەبێت كە ڕق و كینەو تورەیی و توونوتیژی زۆر بەربلاوبۆتەوە، هەندێك لەو فەرمودانەی كە ئاماژە بەو بارودۆخە دەكەن ئەمانەی خوارەوەن :

" دەجال لە كاتێكدا دەردەكەوێت كە ئایین لەلای خەڵكی لاواز بووە و زانست و زانیاریش كەم بۆتەوە " ١١.

" ئەمانە لە ڕۆژێكدا ڕوودەدەن كە بیروهۆش سەریان لێشێواوە و تێك چوون. ئەمەش كاتێكە كە خەڵكی یەكتری دەكوژن. لەم بارودۆخەشدا، ئەو خەڵكانە دراوسێ و خزم و كەسوكاری خۆی دەكوژێت. بكوژ نازانێت بۆچی ئەوانە دەكوژێت، تەنانەت كوژراویش نازانێت لەسەرچی كوژراوە " ١٢.

بێگومان ئەو كاروكردەوانە لە سیفەتەكانی شەیتانن. شەیتان هەروەك ئەو خەڵكە لە دین هەڵگەراوەتەوە و دژی سازشكردنەو هەردەم تووڕەو ڕق لەدەرە، مەبەست و ئاما نجیشی هاندانی خەڵكە بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیانیان لەسەر هێڵی ئەو كاروكردەوە خەرا پانە بمێننەوە و بڕۆن. هەر لەبەر ئەمەشە كە شەیتان هەموو كات هەوڵ دەدات بێتە نێوان خەڵكی بۆ ئەوەی ناكۆكیی و بەربەرەكانیان لە نێواندا بەرپا بكات.خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاگادارمانی كردۆتەوە لەو مەترسیەدا :

" وَقُل لِّعِبَادِى يَقُولُواْ ٱلَّتِى هِىَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ ۚ إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ كَانَ لِلْإِنسَـٰنِ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿٥٣﴾ ﴿ س – الاسراء - ٥٣ ﴾. واته : " ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە بەندەکانم بڵێ چاکترین گوفتار بڵێن (جوانترین گوفتار بنووسن) چونکە شەیتان دەیەوێت نێوانیان تێکبدات ، بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای مرۆڤە " .

ئەو کەسانەی دەکەونە ژێر کاریگەریەکانی شەیتانەوە، ئەوە بە زۆری ئەو کاروو کردەوە خەرا پانە ئە نجام دەدەن و بە باشتری دەزانن لە کەمێك هەستی لێبوردەیی. ئەمانە بە هەستی تووڕەیی و ڕق و کینەوە وەڵامی هەموو شتێك دەدەنەوە کە حەزی لێناکەن و لەگەڵ بیروبۆچوونەکانیاندا یەکناگرێتەوە. بەهۆی هەستی تووڕەیانەوە ئەمانە ڕادەمالێن و لەناودەچن، نە دەتوانن بە باشی بیربکەنەوە نە کاروو کردەوەکانیشیان بە چاکی ئە نجام دەدەن. شەیتان ئەو کەسانە بۆ خۆی بەکاردێنێت کە ناتوانن بەباشی بیربکەنەوە و سەرئە نجامیش لە خشتەیان دەبات و دەیان کات بە خولیاکەرانی تاوان کردن. شەیتان مێشکی ئەو کەسانە دەشواتەوە بەو بیرۆکەیەی کە ئەمانە ناتوانن هەرگیز بە ئاشتی بژین مادام ئارەزووە تووڕەییەکانیان تێرنەکەن و نەیهێننەدی.

ئەو چیرۆکەی کە لە قورئاندا باس کراوە دەربارەی ئەو تاوانەی کە ڕوویدا لە نێوان کورەکانی پێغەمبەر ئادەمدا نمونەیەکی زۆر گرنگە لەوەی کە چۆن کەسانێك کاروکردەوەکانیان ئە نجام دەدەن لە ژێر کاریگەریەکانی شەیتان کە دەیان کات بە کەسانێکی سنووربەزێن و دوژمنکار :


" ۞ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْـَٔاخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ ۖ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿٢٧﴾ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَىَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِى مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٍ يَدِىَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ إِنِّىٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثْمِى وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلنَّارِ ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٢٩﴾ فَطَوَّعَتْ لَهُۥ نَفْسُهُۥ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُۥ فَأَصْبَحَ مِنَ ٱلْخَـٰسِرِينَ ﴿٣٠﴾ ﴿ س – المائدة – ٢٧ – ٣٠ ﴾. واتە : : " بەسەرهاتوو ڕووداوی دوو کوڕەکەی ئادەم بۆ ئەو خەڵکە بگێڕەوە کە بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوەبوو کاتێك هەردووکیان قوربانیان کرد، لە یەکێکیان وەرگیرا و لەوی تریان وەرنەگیرا بە براکەی ووت : هەردەتکوژم ئەویش لە وەڵامی هەڕەشەکەیدا ووتی : خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت. سوێند بە خوا ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ من بۆ ئەوەی بمکوژیت، من دەست درێژ ناکەم بۆتۆ بۆ ئەوەی بتکوژم، چونکە من لە سزاو تۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم. (من بەو دەست درێژی نەکردنەم) دەمەوێت بە گوناهی من و گوناهی خۆیشتەوە بگەڕێیتەوە، ئەوجا دەبیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە

پاداشتی ستەمکاران. سەرئەنجام نەفسی سەرکەشی هانیداو کوشتنی براکەی لا سادەو ئاسان کردو کوشتی، ئیتر خۆی خستە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە ".

لەم ئایەتەی سەرەوەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەو برایەی (قابیل) کە بە دوای نەفسی نزمی خۆی و پێشنیاری شەیتان کەوت، بە تووڕەیی و ئیرەییەوە ڕەفتاری کردو سەرئەنجامیش براکەی خۆی کوشت. کەچی بە پێچەوانەوە برا کوژراوەکەی (هابیل) کە خووڕەوشتی مرۆڤی باوەڕداری پیشاندا، هێمنی و ئارامی خۆی لە دەست نەدا. هەرچەندە (هابیل) ڕووبەڕووی بۆچونی دوژمنکاری و هەڵوێستێکی ناڕاست بۆوە لەلایەن براکەیەوە (قابیل)، بەلاّم بە جوانترین خووڕەوشت مامەڵەی لەگەڵدا کرد.

هەروەها بەهەمان شێوە براکانی پێغەمبەر یوسف (صلى الله عليه وسلم و على نبينا) پیلانیان دارشت بۆ کوشتنی یوسف بەهۆی ئیرەیی و تووڕەیانەوە بوو لێی کە پەروەردگار ئەم سیفەتانەی لە دڵی پێغەمبەر یوسفدا نەهێشتبوو. کاتێکیش پێغەمبەر یوسف دووبارە چاووی بە براکانی کەوتەوە، لێیان خۆشبوو. بەڕاستی ئەمە بەرزترین خووڕەوشتە کە پەروەردگار فەرمانی داوە کە دەستی پێوە بگرین. جوانترین خووڕەوشتی مرۆڤی موسڵمان لەم ئایەتەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆ کراوە :

" ٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي ٱلسَّرَّآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَٱلْكَـٰظِمِينَ ٱلْغَيْظَ وَٱلْعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٣٤﴾ ﴿ س – آل عمران – ١٣٤ ﴾. واتە : " ئەوانەی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە هەرزانی و گرانیدا ماڵ و سامانیان دەبەخشن، ڕق و کینەی خۆیان دەخۆنەوەو خۆگرن، لە خەڵکی خۆش دەبن و لێبوردەن، خوای میهرەبانیش چاکەکارو چاکەخوازانی خۆش دەوێت ".



## دەجال خەڵکی هاندەدات بۆ توندڕەوی

هاندانی خەڵك بەرەو توندڕەویی و سەرلێشێواوی، ڕێگایەکی ترە لەلایەن دەجالەوە بەکاردەهێندرێت بۆ مەبەستی خراپەکاری لەم جیهانەدا. لەم ڕێگایەشەوە، خەڵکی لە پێناو بیروبۆچونەکانیاندا پێیان وایە کە ڕەفتارە دەمارگیریەکان و توندوتیژیەکان پاساویان بۆ هەیە. ئەمەش دەبێتە هۆی وێڵ و گومڕاکردنیان بەهۆی ئەو بیروبۆچونەیان کە ئەنجامەکانی دەکرێت لە ڕێگای سازشکردن و گفتوگۆکردنەوە بەدەست بهێندرێت، کەچی ئەوان لە ڕێگای توندوتیژیەوە بەدەستی دەهێنن. لەم جۆرە بارودۆخە بیرکردنەوانەشدا، تووڕەبوونێکی بێ پاسا و ئەرێیی پێبردن دەبێتە هۆی دڕندایەتیەکی وەحشی گەرانە... چونکە توندڕەوی هەموو کات خۆی وا پیشان دەدات کە دژی پێشکەوتن و هەست و سۆزی گشتی و ڕەفتاری جوانە. ئەو جۆرە کەسانەی کە تەنها بە دوای هەست و سۆزو ئارەزوەکانیانەوە کەوتوون، ئەمانە ڕەتدانەوە و لاسایی کردنەوەیان بەهۆی توندوتیژی و ڕەشەبای توڕەیەوە بەڕێوە دەچێت. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی کە گروپەکانی تازە دامەزراوە و تاکەکەسەکان بە ئاسانی پەنا بۆ شێوازە توندوتیژی ببەن، بەبێ ئەوەی پرسیار لە خۆیان بکەن کە بۆچی ئەو کارە ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا ئەمانە هیچ هەست بە ئازاری دەروونی ناکەن.

بەڵام قورئانی پیرۆز خەڵکی ئاگادارکردۆتەوە کە ڕوو لە توندوتیژی نەکەن و هەنگاو نەهاوێژن لە دەرەوەی سنورە یاساییەکانەوە. پەروەدگار لە ئایەتێکدا خەڵکی هۆشیارکردۆتەوە کە بەدوای ئەو کەسانە نەکەون کە ڕوویان لە توندڕەوی و دەمارگیری کردووە و ئەمانە ڕێگایان بەخۆیان داوە کە بە هەست و سۆزیان ڕەفتاربکەن، هەروەها پەروەدگار ئاگادارمانی کردۆتەوە لەو پیلان و تەڵەیانەی کە دەجال بۆمانی داڕشتووە :

" ... وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُۥ عَن ذِكْرِنَا وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ وَكَانَ أَمْرُهُۥ فُرُطًا ﴿٢٨﴾

﴿ س – الكهف – ٢٨ ﴾. واتە : " ... بەگوێی ئەو جۆرە کەسە مەکە کە دڵیمان غافل کردووە لە یادی خوا و ئەوەی کە شوێنی ئارەزووی خۆی کەوتووە و هەرچی کاروباری هەیە بێ سەروبنەو لەسنور دەرچووە " .

توندڕەوی مرۆڤ دووردەخاتەوە لە قورئانی پیرۆزدا. یەکێك لە سیفەتە گرنگەکانی مرۆڤی باوەڕدار ئەوەیە کە لە هەموو بارودۆخ و کاتێکدا بە باشی و بە جوانی خۆی ڕادەگرێت و هەمیشە ئارام گرەو هەرگیز دەست لە ئارام گرتن و دیاریکردنی سنورەکانی و گیانی لێبووردەییەکەی هەڵناگرێت. ئەو بەرپرسیاریەتیەی کە لەسەر شانی مرۆڤی باوەڕدارە ئەوەیە کە دەبێت بە شێوەیەکی جوان ڕەفتار بەرامبەر خەڵکانی تر بکات و دووربکەوێتەوە لە کاروکردەوەی خراپ. ئەو بەرپرسیاریەتیەش دەبێت بهێندرێتە دی بەهۆی ڕوونکردنەوەی خووڕەوشت و بەها بەرزەکانی ئایین بۆ خەڵکی و هەڵگیرساندنی جەنگی ئایدۆلۆجیا لە دژی فەلسەفە بێباوەڕیەکاندا. هەرکاتێك

مرۆڤی باوەڕدار ئەو بەرپرسیاریەتیەی سەرشانی جێبەجێکرد، ئەوکات دەزانێت کە تەنها ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە ڕاستیەکان بڵێت و ڕوونیان بکاتەوە بەو ووتە و ڕەفتارانەی کە فەرمانی پێدراوە کە " لَآ إِكْرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴿٢٥٦﴾ " بە هیچ جۆرێک زۆرکردن نیە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا " ﴿ س – البقرة – ٢٥٦ ﴾. نابێت خەڵکی بەزۆری بهێندرێت بۆناو ئەو ئاینە. پەروەردگار خۆی دەتوانێت ڕێنموویی خەڵك بکات بۆسەر ڕێگای ڕاست و ئیمانیان پێ ببەخشێت. بۆیە مرۆڤی باوەڕدار تەنها دەبێت ببێت بە هۆکارو ئامرازێك بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە :

" ۞ لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ... ﴿٢٧٢﴾ واتە : " (ئەی پێغەمبەر- صلى الله عليه وسلم) هیدایەت و ڕێنموویی و موسڵمان کردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نیە (چونکە تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە) بەڵام خوا هیدایەت و ڕێنموویی هەرکەسێکی بوێت دەکات... " ﴿ س – البقرة – ٢٧٢ ﴾.

## سیفەتە هاوبەشەکانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی دەجالەوە هەڵخەڵەتێندراون :

### ڕەفتارکردن بەهۆی سیحری شەیتانەوە

عن حذيفة رضي الله عنه قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم " : لأنَا أعْلَمُ بِمَا مَعَ الدَّجَّالِ مِنْهُ : مَعَهُ نَهْرَانِ يَجْرِيَانِ أَحَدُهُمَا رَأْيَ الْعَيْنِ مَاءٌ أَبْيَضُ وَالآخَرُ رَأْيَ الْعَيْنِ نَارٌ تَأَجَّجُ ، فَإِمَّا أَدْرَكَنَّ أَحَدٌ فَلْيَأْتِ النَّهْرَ الَّذِي يَرَاهُ نَارًا وَلْيُغَمِّضْ ثُمَّ لْيُطَأْطِئْ رَأْسَهُ فَيَشْرَبَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مَاءٌ بَارِدٌ " رواه مسلم. واتە : دەجال ئەو دوو ڕووبارەی خوارەوەی هەیە: یەکەمیان ڕووبارێکە کە ئاوێکی سازگاری هەیە و دووەمیشیان ئەو ڕووبارەیە کە ئاگرێکی بە گڕی هەیە. ئەو کەسانەی کە لەژیاندان ئەمە بە چاوی خۆیان دەبینن، لێیان گەڕێ با ئەو ڕووبارە هەڵبژێرن کە پێدەچێت گڕی گرتووە ... بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕووبارە دەبێتە ئاوێکی سازگار. ١٣

عن حذيفة رضي الله عنه قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : " الدَّجَّالُ ... مَعَهُ جَنَّةٌ وَنَارٌ فَنَارُهُ جَنَّةٌ وَجَنَّتُهُ نَارٌ " رواه مسلم. واتە : دەجال ... بەهەشت و دۆزەخ لەگەڵ خۆیدا بۆ (خەڵک) دەهێنێت، جا ئەوەی بانگێشەی بۆ دەکات بە بەهەشت، لە ڕاستیدا دەبێتە دۆزەخ بۆی .... ١٤

لەو دوو فەرموودەی سەرەوەدا رووندەبێتەوە و دەسەلمێندرێت کە دەجال وێنەی خەراپە بە چاکە پیشان دەدات و چاکەش بە خەراپە پیشان دەدات. هەروەها دەجال خەڵکی هاندەدات بەرەو تیرۆرو گێرەشێوێنی، شەیتانیش بەو خەڵکە دەڵێت کە تەنها لەم ڕێگایەوە (ڕێگای تیرۆرەوە) دەتوانن ڕزگارتان بێت، ئەمەش بە ڕێگایەکی باشی دەزانێت. ئەمە لە کاتێکدا کە هاندانی خەڵك بۆ بێباوەڕی و بێ ڕەوشتی دەبێتە هۆی نکۆڵی کردن لە بوونی پەروەردگار. هەروەها شەیتان بە درۆ بە خەڵکی ڕادەگەیێنێت کە تەنها ئەو چاکەی وانی دەوێت :

" قُلۡ أَنَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُنَا وَلَا يَضُرُّنَا وَنُرَدُّ عَلَىٰٓ أَعۡقَابِنَا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰنَا ٱللَّهُ كَٱلَّذِي ٱسۡتَهۡوَتۡهُ ٱلشَّيَٰطِينُ فِي ٱلۡأَرۡضِ حَيۡرَانَ لَهُۥٓ أَصۡحَٰبٞ يَدۡعُونَهُۥٓ إِلَى ٱلۡهُدَى ٱئۡتِنَاۗ قُلۡ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلۡهُدَىٰۖ وَأُمِرۡنَا لِنُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ ﴾ س – الانعام – ٧١

﴿. واتە : " پێیان بڵێ (ئایا ڕەوایە) پەرستن و هاناو هاوار بۆ کەسێك یان شتێك بەرین کە نە دەتوانێت قازانجمان پێ بگەیێنێت نە زیان، ئایا ڕاستە پاشەگەز بکرێینەوە دوای ئەوەی خوا هیدایەتی داین، ئێمە وەکو ئەو کەسە بین کە شەیتانەکان دەستیان لێوەشاند بێت و شێتیان کردبێت، بەسەر زەویدا سەرگەردان بسوڕێتەوە و چەند هاوەڵێکی هەبێت، بانگی بکەن بۆ ڕێبازی هیدایەت و (پێی بڵێن ) وەرە بۆلای ئێمە (ئەی محمد- صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) تۆ بڵێ : بەڕاستی من دڵنیام کە هەر ڕێنموویی خوا (ئایینی ئیسلام) ڕێنموویی تەواوە، ئێمە فەرمانمان پێدراوە کە تەسلیم و فەرمانبەرداری پەروەردگاری جیهانیان ببین " .

هەروەها، ئەو کەسانەی کە بەدوای ڕێبازی شەیتان کەوتوونە، بانگێشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان تەنها چاکەخوازن، ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە :

" فَكَيۡفَ إِذَآ أَصَٰبَتۡهُم مُّصِيبَةُۢ بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنۡ أَرَدۡنَآ إِلَّآ إِحۡسَٰنٗا وَتَوۡفِيقًا ﴿٦٢﴾ ﴾ س – النساء – ٦٢ ﴿. واتە : " ئاخۆ ئەوانە حالیان چۆن بێت کاتێك بەهۆی ڕەفتاری نادروستیانەوە بەڵایەك دوچاریان دەبێت، کەچی لەمەودوا (کە پەنایان نامێنێت) هاواربۆتۆ دەهێنن و سوێند بە خوا دەخۆن و (دەڵێن) : لەو کارەماندا مەبەستمان تەنها چاکەکاری و ڕێکخستن و ئاشتی بوو ".

یەکێك لە نموونە سەرنجڕاکێشەکان، کە دەجال وا لەخەڵکی دەکات خەراپە بە چاکە بزانن، ئەوەیە کە تووندوتیژی و شەڕ و ئاژاوە و ململانێ بەکارێکی ئاسایی دادەنێت، یاخود ئەو کەسانەی کە متمانەیان بە خۆیان و

خەڵكانی تریش هێناوە، پێیان وایە كە باشترین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی ئەو مەبەستەی كە دەیانەوێت بیهێننەدی، ڕێگای بەكارهێنانی توندوتیژیە. ئەو جۆرە كەسانە، خەڵكی بێتاوان دەكوژن و باوەڕیان وایە كە دەبێت بەشداری لە شەڕ و ململانێكاندا بكەن وهەروەها ئازارو ئەشكەنجەی خەڵكانیش دەدەن بەبێ ئەوەی هیچ كارێكی تاوانیان ئەنجام دابێت. كاتێكیش چاوپێكەوتن دەكرێت لەگەڵ ئەندامانی ڕێكخراوە تیرۆرستیەكان و ئەو كەسانەی كە بەرپرسیارن لە هەڵگیرساندنی شەڕ و بڵاوكردنەوەی كاری توندوتیژی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئەوە هەر هەموویان ئاشكرای دەكەن كە چۆن پاساو بەڵگە دەهێننەوە بۆ پەنابردنە بەر كاری توندوتیژیان، بەڵام ئەمانە بە تەواوەتی هەڵەن و زۆردارن. بەكارهێنانی كاری توندوتیژی دژی خەڵكی بێتاوان و لاواز، هەرگیز ناتواندرێت بكرێتە بەهانەو پاساو.

سەرچاوەو ڕەگ وڕیشەی ئەو هەڵانەش دەگرێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەو جۆرە خەڵكانە بە دوای ڕێگای شەیتان و دەجال كەوتوونە كە پاشكۆو پاشماوەی شەیتانە. بە مانایەكی تر، ڕەفتارو هەڵسووكەوت دەكەن بە پێی سیحری شەیتانەوە. بەڵام پەروەردگار كە دروستكەری هەمووانە، فەرمانی بەخەڵكی داوە كە هەرگیز بە دوای ڕێگای شەیتاندا نەكەون. ئەم فەرمایشتەش لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ئاماژەی بۆكراوە :

" يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ كُلُوا۟ مِمَّا فِى ٱلْأَرْضِ حَلَـٰلًا طَيِّبًا وَلَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَـٰنِ ۚ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿١٦٨﴾ ﴿ س – البقرة – ١٦٨ ﴾. واتە : " ئەی خەڵكینە ! لە ڕزق و ڕۆزی حەڵاڵ و پاكی زەوی بخۆن و شوێن هەنگاوەكانی شەیتان مەكەون چونكە بێگومان ئەو دوژمنێكی ئاشكراتانە ".

" إِنَّ ٱلشَّيْطَـٰنَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَٱتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ۚ إِنَّمَا يَدْعُوا۟ حِزْبَهُۥ لِيَكُونُوا۟ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلسَّعِيرِ ﴿٦﴾ ﴿ س – فاطر – ٦ ﴾. واتە : " شەیتان دوژمنتانە ئێوەش بە دوژمنی خۆتانی دابنێن، بێگومان بانگی تاقم و داروودەستەی خۆی دەكات بۆ ئەوەی ببنە نیشتەجێی دۆزەخ " .

سەرەرای هەبوونی هەموو فەرمایشتەكانی پەروەردگار، كەچی ئەو خەڵكانە لەسەر هێڵی سیحری شەیتاندا ڕەفتاردەكەن كە بیرو هەست و هۆش و دڵنیان دادەخات. ئەو بێهەستیەش سیفەتی دیاری ئەو كەسانەیە كە بوونی خوا ڕەتدەكەنەوە و نایانەوێت لەگەڵ بەهاو خووڕەوشتە جوانەكانی ئاییندا تێكەڵاوبن و پێی بژین. پەروەردگاریش دڵی ئەو جۆرە كەسانەی داخستووە :

" إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ ءَأَنذَرۡتَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تُنذِرۡهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ۝٦ خَتَمَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ وَعَلَىٰ سَمۡعِهِمۡۖ وَعَلَىٰٓ أَبۡصَٰرِهِمۡ غِشَٰوَةٞۖ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ۝٧ ﴾ س – البقرة – ٦ – ٧ ﴿. واتە : " بەڕاستی ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون ئاگاداریان بکرێت یان ئاگاداریان نەکرێت یەکسانە بۆیان، باوەڕو ئیمان ناهێنن، (چونکە) خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیانداو پەردەی بەسەر چاویاندا هێناوە، هەر بۆیە سزایەکی سەخت چاوەڕێیانە " .

" وَلَقَدۡ ضَرَبۡنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٖۚ وَلَئِن جِئۡتَهُم بِـَٔايَةٖ لَّيَقُولَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا مُبۡطِلُونَ ۝٥٨ كَذَٰلِكَ يَطۡبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ۝٥٩ ﴾ س – الروم – ٥٨ – ٥٩ ﴿. واتە : " سوێند بە خوا بەڕاستی ئێمە لەم قورئانەدا لە هەموو بابەتێک نموونەمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە، کەچی هەر ئایەتێکیشیان بۆ بهێنیت و بەسەریاناندا بیخوێنیتەوە، ئەوە بێگومان ئەوانەی کە بێباوەڕن دەڵێن : ئێوە تەنها پێشێلکەری حەقن و هیچی تر نین !! ئا بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر دڵی ئەوانەدا کە نازانن و بەشوێن حەق و ڕاستیدا ناکەون " .

هەروەها لە ئایەتێکی تری قورئاندا هاتووە کە دەفەرموێت :

" ... لَهُمۡ قُلُوبٞ لَّا يَفۡقَهُونَ بِهَا وَلَهُمۡ أَعۡيُنٞ لَّا يُبۡصِرُونَ بِهَا وَلَهُمۡ ءَاذَانٞ لَّا يَسۡمَعُونَ بِهَآۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَٱلۡأَنۡعَٰمِ بَلۡ هُمۡ أَضَلُّۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡغَٰفِلُونَ ۝١٧٩ ﴾ س – الاعراف – ١٧٩ ﴿. واتە : " ... ئەوانەی دڵیان هەیە کەچی حەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە کەچی حەقی پێنابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێنابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان بەڵکو ئەوانە وێڵ تریشن، ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێ ئاگان لە حەق " .

ئەو جۆرە بارودۆخە بێ ئاگاییەش دەیسەلمێنێت و پیشانی دەدات کە ئەوانەی بە دوای بیروباوەڕ و ڕێگای دەجال کەوتوونە کەسانی تووندوتیژ و دڵ ڕەقن، ئەوانە بە تەواوەتی دەستیان لە ویژدانی خۆیان هەڵگرتووە، بۆیە توانای جیاکردنەوەیان نەماوە لە نێوان کاری چاك و کاری خەرا پەدا. هەروەها ئەو جۆرە کەسانە بایەخ نادەن بەو ئازارەی کە لە ئەنجامی کاردانەوەیان دروست دەبێت بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی، وهیچ ترسێکیشیان نیە لە ڕەفتارکردن بە شێوەیەکی زۆردارانە. بەم جۆرەش درۆیەکانی دەجال وەردەگرن و دەست دەکەن

به بیركردنه‌وه له‌وه‌ی كه ڕه‌ش به سپی ده‌بینن و سپیش به ڕه‌ش ده‌بینن. باروده‌ۆخی ئه‌و جۆره كه‌سانه‌ش له‌م ئایه‌ته‌ی خواره‌وه‌دا ئاماژه‌ی بۆكراوه :

" وَٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِى ٱلظُّلُمَـٰتِ ۗ مَن يَشَإِ ٱللَّهُ يُضْلِلْهُ وَمَن يَشَأْ يَجْعَلْهُ عَلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٩﴾ ﴿ س – الانعام – ٣٩ ﴾. واته : " ئه‌وانه‌ی كه باوه‌ڕیان نه‌كردووه به ئایه‌ت و فه‌رمانه‌كانی ئێمه، كه‌ڕن حه‌ق نابیستن و لاڵن حه‌ق ناڵێن له ناو تاریكیه‌كاندا ژیان ده‌به‌نه‌سه‌ر، بێگومان ئه‌وه‌ی خوا بیه‌وێت گومڕای ده‌كات و ئه‌وه‌شی كه بیه‌وێت ده‌یخاته سه‌ر ڕێبازی ڕاست و ڕه‌وان "

هه‌روه‌ها په‌روه‌دگار ئاماژه‌ی به‌وه‌ش داوه كه ئه‌وانه‌ی تووندوتیژو دڵ ڕه‌قن، ئه‌وانه هاوكاری له‌گه‌ڵ شه‌یتاندا ده‌كه‌ن و هه‌وڵ ده‌ده‌ن سیحرو پیلانه‌كانی شه‌یتان له‌م دنیایه‌دا جێبه‌جێ بكه‌ن، ئه‌وانه ده‌بێت به‌باشی باجی ئه‌و كارانه‌یان بده‌نه‌وه له ڕۆژی دواییدا :

" يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾ ﴿ س – النساء – ١٢٠ – ١٢١ ﴾. واته : " شه‌یتان به‌ڵێنیان ده‌داتێ و ئاوات و ئاره‌زوو ده‌ڕازێنێته‌وه بۆیان، دیاره كه شه‌یتانیش هیچ به‌ڵێنێكیان پێنادات جگه له فریودان و هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندن نه‌بێت. ئا ئه‌وانه جێگه‌و سه‌رئه‌نجامیان دۆزه‌خه‌و كه‌لێنی لێ ده‌رچوونیان ده‌ست ناكه‌وێت " .

## پیلانه‌كانی ده‌جال بریتین له فریودانی خه‌ڵكی به‌ناوی خوایه‌تی

پێغه‌مبه‌رمان (صلى الله عليه وسلم) له فه‌رموده‌كانیدا ئاگادارمانی كردۆته‌وه له‌و پیلانه گومراكه‌رانه‌ی كه له‌لایه‌ن ده‌جاله‌وه داده‌ڕێژرێت، بۆ ئه‌وه‌ی خۆمانی لێ به‌دوور بگرین و بپارێزین. له‌ڕاستیدا ئه‌و خه‌را په‌كاریانه‌ی كه له‌لایه‌ن ده‌جاله‌وه پیشاندراوه به ڕێگایه‌كی ناڕاسته‌وخۆ و به‌شێوه‌یه‌كی وا ئاماده‌كراوه و داڕێژراوه كه زۆربه‌ی ئه‌و خه‌ڵكانه‌ی كه باوه‌ڕو ئیمانی دڵسۆزیان پێ هه‌یه، ئه‌وه به ئاسانی ده‌كه‌ونه ژێر كاریگه‌ریه‌كانی ئه‌و پیلانانه‌ی ده‌جال. له‌كاتی ئێستاماندا پێویسته ئێمه ته‌نها بایه‌خ به حاڵه‌تی ڕه‌تكردنه‌وه‌ی به‌هاو ڕه‌فتاره شێواوه‌كان بده‌ین له‌م دنیایه‌دا بۆ ئه‌وه‌ی بیروباوه‌ڕی ده‌جال بناسینه‌وه. زۆربه‌ی كاره‌كانی ده‌جال به‌و ئاژاوه و تێكدان و گومراكردنانه ده‌ناسرێته‌وه كه ئه نجامیان ده‌دات جا گرنگ نیه له كام ووڵات و نه‌ته‌وه و گه‌لێكه‌وه هاتبن.

لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە نابێت لەبیر بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا ئاماژە بەوە کراوە کە پەروەردگار دەسەلاتی ڕاستەقینەو ڕەهای بەسەر هەموو ئەو پیلانانەدا هەیە کە لەلایەن شەیتان و دەجالدا دارێژراون. بۆ ئەوەی خەڵکی تاقیبکرێنەوە، بۆ ئەوەی ڕاستیەکانیان بۆ دەربکەوێت و بیزانن و فێری بن، بۆ ئەوەی بێباوەری بێبڕواکان پیشان بدات،وەلەبەر چەندەها فاکتەری دیکەشدا، پەروەردگار خۆی ڕێگای بە شەیتان داوە کە کارەکانی خۆی لەم دنیایەدا ئەنجام بدات، بۆیە دەجال بە پیلانێکی بە هێزی شەیتان دادەندرێت. جا لەبەر ئەم هۆیەش، ئەو پیلانانەی کە دادەڕێژرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە نکۆڵی لە بوونی پەروەردگاردا دەکەن، ئەوە هەرگیز بەهۆی تواناو هێزی شەیتانەوە ناتوانن ئامانجەکانیان بهێننە دی. ئەم بارودۆخەش لەم ئایەتەی خوارەوەدا جەختی لەسەر کراوەتەوە :

" وَقَدْ مَكَرُوا۟ مَكْرَهُمْ وَعِندَ ٱللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِن كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ ٱلْجِبَالُ ﴿٤٦﴾ ﴿ س – ابراهيم – ٤٦ ﴾. واتە : " بێگومان (خوانەناسان) پیلان و تەڵەکەی خۆیانیان گێڕا، فێڵی زۆریان کرد، بەڵام هەموو پیلان و فێڵیان لای خوا ئاشکراو دیارە (بەسەر خۆیاندا دەیشکێنێتەوە) هەرچەندە پیلان و فێڵیان کێوەکانیش لەبن بهێنێت ".

بە درێژایی مێژوودا، ئەو کەسانەی کە بوونی خوایان ڕەتکردۆتەوە و خەڵکانی تریشیان هانداوە بۆ ئەم مەبەستە، وە هەموو جۆرە پیلانێکیان دارڕژتووە بۆ دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی کەسانی دیکە، بەلام بەهۆی فەرمایشتەکانی پەروەردگارەوە هەموو ئەو پیلانانە بەتەواوەتی تووشی شکست هێنان بونەتەوە و سەریان نەگرتووە، تەنها بەسەر خۆیانادا شکاوەتەوە. ئەمەش یاسایەکی نەگۆڕی پەروەردگارە، هەروەك لەم ئایەتەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە :

" ... فَلَمَّا جَآءَهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا ﴿٤٢﴾ ٱسْتِكْبَارًا فِى ٱلْأَرْضِ وَمَكْرَ ٱلسَّيِّئِ ۚ وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ۚ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلْأَوَّلِينَ ۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحْوِيلًا ﴿٤٣﴾ ﴿ س – فاطر – ٤٢ – ٤٣ ﴾. واتە : " ... کاتێک کە پێغەمبەرێکیان بۆ هات، لەسەر کەشی و دوورە پەرێزی زیاتر هیچی تریان لێنەوەشایەوە، چونکە خۆیان بە زل و گەورە دەزانی لە زەویدا و پیلانی شەڕو تاوانیان کێشا، بەمەرجێک پیلانی شەڕو تاوان تەنها بەسەر ئەوانەدا دەشکێتەوە کە نەخشەی بۆ دەکێشن. مەگەر ئەمانە بە درێژایی ئیسلام تەنها چاوەڕێی ئەو کارەساتانە بکەن کە بەسەر گەلانی پێش ئەماندا هاتووە، ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لە یاساو بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری ڕووبدات. هەرگیز نابینیت یاساو بەرنامەکانی خوا لە نەخشەی خۆیاندا لابدەن (کە بەشێکی ڕیسواکردنی پیلانگێڕانە)".

هەمان چارەنووسیش دیاریکراوە بۆ ئەو پیلانانەی کە لەلایەن دەجال و سیستەمە ئایدەلۆجیایەکەی دەکێشرێت. ئەو سیستەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێگایەکی گومڕاکەر و فێلە کە بە شێوەیەکی تایبەت داهێندراوە بۆ ئەوەی خەڵکی دوربخاتەوە لە ڕێگای پەروەردگاردا. گرنگیش نیە کە تا چەند ئەو پیلانانە ئاڵۆز و فراوان و کاریگەرن، چونکە هەموو شتێك لەژێر کۆنترۆڵکردنی پەروەردگار دایە. دەجال و پیلان و تەڵەکانی تەنها بەهۆی چاکی هێزو ئیرادەی خواوە بوونیان هەیە. هەروەك لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆکراوە کە : " وَمَا تَشَآءُونَ إِلَّآ أَن يَشَآءَ ٱللَّهُۚ ﴿٣٠﴾

واتە" دڵنیابن ئێوە هیچتان پێناکرێت و هیچ کارێکتان پێ ئەنجام نادرێت مەگەر خوا ویستی لەسەر نەبێت ".

هیچ کەسێك هێزو توانای نیە بۆ ئەنجامدانی کارێك، نە پیلان دارڕتن و نە جێبەجێکردنی ئەو پیلانەش سەر ناگرێت مادام لەلایەن هێزو دەسەلاتی خواوە کۆنترۆڵ کراوە.



# تیرۆر

# نەریتی دەجال

تاکو ئێستا ئێمە تیشکمان خستبووە سەر جۆرەکانی بزووتنەوەی بیروباوەڕی دەجال کە زۆرترین جیاوازی و دووبەرەکی و ملکلانێ و ئاژاوەی ناوەتەوە لەم ڕۆژانەدا کە دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕۆژی قیامەت، پیشانی دەدات کە چ جۆرە خەڵکانێکی پێ کۆنترۆل کراوە. لەو بەشەشدا، ڕوونی دەکەینەوە کە تیرۆریزم بە یەکێك لە فاکتەرە ترسناکەکانی ئەم توندوتیژیەی ئەمڕۆ دادەندرێت.

هەرچەندە ئەمڕو لە جیهاندا زۆر گوێبیستی دەستەواژەی تیرۆریزم دەبین، بەلاّم تاکو ئێستا پێناسەیەکی تایبەت و ڕوون نیە کە هەمووان لەسەری کۆك بن. یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەمەش ئەوەیە ئەو کەسانەی کە بە تیرۆریست لەقەلەم دەدرێن لەلایەن هەندێك کەسەوە، کەچی هەمان ئەو کەسانە لەلایەن هەندێکی ترەوە بە بەشداربووی کاری توندوتیژی دادەندرێن. لەبەر هەر ئامانج و مەبەستێك بێت، هەرگیز ناکرێت ئەو لایەن و گرووپانەی کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن و خەڵکانی بێتاوان دەکەنە ئامانجەکانیان،بە کەسانی ڕاست و دادوەر دابندرێن. تاکە کەسەکان یاخود کۆمەڵگاو نەتەوەکان لەوانەیە ئارەزوویان لە کارو ئامانجی جیاوازو جۆربەجۆردا بێت، وە لەوانەشە ئەو ئامانجانەیان بە تەواوەتی شتی یاسایی و شەرعی بێت. بەلاّم توندوتیژی نابێت بکرێتە ڕێگایەك بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئاوات و ئامانجانە. بەکارهێنانی هێز وتوندوتیژی تەنها دەبێت بۆ بەرگریکردنی کەسی بەکار بهێندرێت. بەم پێیەش، هەر هێزو کارێکی توندوتیژی کە خەڵکی بێتاوان بکاتە ئامانج، ئەوە دەبێت بەکاری تیرۆریستی لەقەلەم بدرێت.

ستراتیژیەتی بنەڕەتی تیرۆریزم بریتیە لە بلاوکردنەوەی ترس و تۆقان و دڵە ڕاوکێ، وە بەهۆی ئەمەشەوە دەتواندرێت کاریگەری دروست بکات و ئاما نجەکەی بەدەست بهێنێت. لەجیاتی ئەوەی ڕێگاو ئامرازی ئاشتی و یاسایی بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بەو ئاواتانەی، کەچی گرووپە تیرۆریستیەکان ڕوو لە ڕێگاکانی توندوتیژی دەکەن، کە بە کاریگەرترین ڕێگای دەزانن. تیرۆریستەکان پێیان وایە کە کاری تێکدەرانە و نامرۆڤانە دەبێتە هۆی دروستکردنی ترسێکی زۆر، بە مانایەکە دیکە، نزیك بوونەوە لە ترس دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئاما نجەکانیان.

یەکێك لە بوارە ترسناکەکانی تیرۆریزم ئەوەیە کە هەموو بەهاو ڕەفتارو خووڕەوشتە جوانەکان بەلادا دەنێت و دان بەهیچ یاسا و ڕێسایەکدا نانێت. ئەو کەسانەی دەبن بە تیرۆریست ئەوانەن کە هیچ هەستێکی خۆشەویستی و ئەوینی و بەزەیی و لێبوردەییان نیە. ئەمانە تەنها گەمارۆ دراوون بە هەستی ڕق لێبوونەوەو تووڕەیی و تۆڵە سەندنەوەو بێ ویژدانی. مەبەست و مەرامی ئەو جۆرە کەسانە تەنها بریتیە لە بەرەلاکردنی هەستی توندوتیژیان و دەست گرتن بە هەستی تۆڵەسەندنەوە، بەبێ ئەوەی حساب بۆ دەرئە نجامی کردەوەکانیان بکەن. بیروبۆچوونی تێکدان کە لە ئە نجامی کاروکردەوەکانیانەوە پەیدا دەبێت ، هەستێکی کەم نیە لە ویژدانی ئەو کەسانەدا. چونکە ویژدانی ئەو جۆرە کەسانەی کە تیرۆریزم وەکو چارەسەرێك دەزانن ، بەربەست و لەمپەری لەبەر دەمدا داندراوە، بۆیە ئەمانە بەم جۆرە تێدەفکرن و دوور بینن.

بە پێی بەهاو خووڕەوشتەکانی قورئان، هیچ ژورێکی تورەبوون بوونی نیە. پەروەردگار ئاماژەی بەوە داوە کە هەر کاتێك خەڵکی هەڵسووکەوت بکەن لە ژێر ڕۆشنایی هەستە تاکە کەسیەکانەوە وەك هەستی تورەبوون، ئەوسا خەرا پەکاری و گێرە شێوێنی لەم دنیایەدا پەیدا دەبێت. پەروەردگار هەموو کات فەرمانی بە ئێمە داوە کە بە هەستێکی لێبوردەو ئاشتی خواز و گیانی برایانە ڕەفتار بکەین. کاتێك خەڵکی پابەند دەبن بەو ڕەفتارو هەستانەوە، ئەوە هەرچەندیشە کە بیروباوەڕی دەجال لەسەر هەستی توندوتیژی دامەزراوە، بەلام تووشی تێکشکان و لەناو چوونی تەواو دەبێتەوە، ئەو کاتەش کاری تیرۆرستی و توندوتیژی ڕوونادەن، هەروەها بارودۆخ و ئاوهەوای گێرەشێوێنی کە بەم دواییانە لە جیهاندا دەرکەوتووە، ئەوە کۆتاییان پێدێت. لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە چۆن پەروەردگار فەرما نمان پێدەکات بۆ ئەو ڕەفتارە جوانانە :

" خُذِ ٱلۡعَفۡوَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡعُرۡفِ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴿١٩٩﴾


﴿ س – الاعراف – ١٩٩ ﴾. واتە : " کاری ئاسان لە خەڵکی داوا بکەو چاوپۆشی لە هەڵەو کەم و کوڕیەکان بکەو، فەرمان بدە بە چاکەو کردەوەیەك کە پەسەندی شەرعە، ڕووش وەرگێڕەو پشت بکە لە نەفام و تێنەگەیشتوان " .




ئەمرۆ تیرۆر بۆتە گرفتێکی سەرەکی هەراسانکردنی زۆربەی وولآتانی جیهان. ئەو گروپانەی کە پەنا بۆ کاری توندوتیژی دەبەن و بەهەڵە تێگەیشتوون کە ململانێی چەکداری تاکە ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بۆیە ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە دەبێتە هۆی کوشتن و زامدارکردنی زۆربەی خەڵکی.










ETA







# ئەو کەسانەی کە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن بە ناوی ئایینەوە

بە هاو ڕێساکانی ئایین هەموو جۆرە کانی کاری توندووتیژی ڕەت دەکەنەوە و قەدەغەی دەکەن ، بەلاّم کەچی تاکو ئیستاش لە لایەن ژمارەیەك لە تیرۆرستان کارو چالاّکی تیرۆرستی ئەنجام دەدریّت لە ژیّر پەردەی ئایندا ، کاتیك یەکیّك بەچاو نوقاندنەوە سەیری جیهانی ئەو کەسانە دەکات کە ڕەشە کوژی و قەسابخانە دروست دەکەن یاخود ڕیّگای توندو تیژی بە کاردەهینن ، ئەوە زۆر بە ڕوونی بۆی دەردەکەویّت کە ئەو کەسانە کەسانی ئاسایی نین و کارو کردەوەکانیشیان جیّگای قبوولّ کردن نین . ئەو جۆرە کەسانە هیچ ڕاوبۆ چوونیّکیان نیە لە سەر ڕاستی و دروستی ئایین ، وە ناشتوانن لەگەلّ بەهاو بنەماکانی ئایندا بژین و لیّ ی تیّبگەن . چونکە هە ریەکیّك بەراستی باوەڕی بە هەبوونی پەروەردگار هەبیّت ، کە بەراستی لەو خوایە بترسیّت و ملکەچی ئەو فەرمانانە بیّت کە لە لایەن خواوە هاتوون ، ئەوە هەرگیز ناتوانیت هیچ جۆرە کارو کردەوەیەکی ئاوا بکات کە ئازاری خەلّکی بیّ گوناە و بیّتاوان بدات . بۆیە ئەو کەسانەی کە کارو کردەوەی تیرۆرستی و توندو تیژی ئەنجام دەدەن بە ناوی ئایینی ئیسلام ، ئەوانە مەحالّە پیّیان بگوتریّت گروپ و تاقمی ئایینی ئیسلام .

پەیامی ڕاستی هەر ئاینیك یاخود سیستەمیّکی بیرو باوەڕی لەوانەیە هەندیك جار لوول پیّچ بکریّت لەلایەن هەندیّك لەو کەسانەی کە ناویان لە خۆیان ناوە لایەنگرانی یانیش پەیامەکە بە هەلّە لیّك دەدەنەوە بۆ خەلّکی .

بۆ ئایینی جولەکەو مەسیحیەکانیش هەمان شتە و لە سەر ئەوانیش ئەمە جیّ بە جیّ دەبیّت . بۆ نموونە خاچ پەرستەکان کە مەسیحیە ئەورووپیەکان بوون لە کۆتایی سەدەی یازدەهەمدا دەستیان کرد بە کۆچ کردن بەرەو ئەورووپا بە ئامانجی ئازاد کردنی خاکە پیروزەکان . دەستیان کرد بە جیّ بە جیّ کردنی ئەوەی کە بە بەرنامەی ئایینی بانگەشەیان بۆ دەکرد ، کەچی لە راستی دا دەستیان کرد بە بلاّوکردنەوەی ترس و دلّە ڕاوکیّ و نامرۆڤایەتی لە هەموو شویّنیّکدا کە بۆی دەڕۆیشتن .

درندەیی و وەحشیگەری ئەو نامرۆڤانەی کە بە هەلّەو ناتەواوی ئایینی مەسیحیەتیان لیّك دەدایەوە ، کە لە ڕاستی دا ئەو ئایینە ئایینی خۆشەویستیبوو و هیچ کەلەبەریّکی توندو تیژی تیّدا نەبوو ئەمانە بە ئاشکرا دیار بوو کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ڕاستی و تەواوی ئەو ئایینەوە نەبوو .

زۆربەی ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ کاری تیرۆر دەبەن بە ناوی ئاینەوە ، ئەوانە گروپ و تاقمی دەمارگیرن کە پەیوەندیان بە بیرو باوەڕی بیّ ئایینیەوە هەیە یاخود ڕیّبازیّکی تازە دروست بووی لیّلّ و نادیارن کە هەرگیز پەیوەندیان بە ئایینە ئاسمانیەکانەوە نیە . ئەو تاقم و گروپانەش ، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ئەمریکاو یاباندا هەن ، ترسناکترین کاروکردەوەی توندوتیژی ئەنجام دەدەن نەك تەنها دژی هاولاتیانی خۆیان بەلّکو دژی خەلّکانی تریش .



ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە تیایدا دەردەکەوێت پادشای لویسی چوارەم بە خۆی و (١٥,٠٠٠) هەزار سەربازەکەی دەجەنگێن لە بانکەکانی نیلدا.



ئەوانەش ئەو گروپانە لە خۆ دەگرن کە خۆیان دەسووتێنن بۆ ئەوەی لە ناو کێڵگەکاندا بمرن یاخود بە کۆمەڵ خۆیان دەکوژن لە شوێنی خەوتنیاندا ، یانیش خەڵکانی تر ئازار دەدەن بە هۆی بەردانی گازی ژەهراوی بە تایبەتی لە یاباندا کە سیستەمی ژێرزەوی بە کاردەهێنن بۆ ئەم کارە .هەروەها گروپێکی دیکە هەنە کە بە هۆی کاروکردەوە تیرورستیەکانیانەوە، ڕەگەز پەرستی دەمارگیری ئەنجام دەدەن وەکو گروپەکانی (ك ـ کلوکس) و (نیو ـ نازی) لە ماوەی بیستساڵی رابردوو دا ، گروپە ڕەگەز پەرستەکان و فاشیەکان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە لە نیوان گەنجەکاندا ، سەرەنجامیش ئەمە بۆتە هۆی زیادبوونی کاری توندووتیژی . ئەو هێرشە تاوانیەی کە دژی تورکەکان ئەنجام درا لە ئەلمانیا لە چەند ساڵێك پێش ئیستادا ، ئەو مامەڵە خراپەو هێرشانەی کە خەڵکی ئاسیاو ئەفەریقای کردۆتە ئامانج کە سەرچاوەکەی دەگەڕیتەوە بۆ وولاتانی ئەوروپی ، هەروەها ئەو کارە توندو تیژیانەی کە تاکو ئیستا دژی ڕەش پێستەکان و عەرەبەکان دەکرێت لە ئەمریکادا ، هەموو ئەو کارو کردەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە گروپانەی سەرەوە .

پێوستە ئەوەش لە بیر نەکریت کە بزووتنەوە پەیوەندی دارەکان و ئەوانەی کە لەم پەرتووکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە ، وە ئەوانەش کە لە پەرتوکەکانی تردا باس کراون لێرەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە هەموویان لە سەر بنەمایەکی درۆینە دامەزراوون ، کە لە ڕاستی دا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پشتیان لە بەهاو خورەوشتەکانی ئایین کردووە و هەروەها ئەوانەش کە بە بیٚ زانینی ڕاستیەکان و زانیاریەکانی ئایین گەورە بوونە وە ئەمانە لە سەر کاری توندووتیژی و تۆڵەسەندنەوە گەورە بووینە ، بەهاو خورەوشتەکانی ئایینی ئسلام و مەسیحیەت و جولەکە بە تەواوی پێچەوانەی بیروباوەڕی دەجال.



هیرشکردنەکانی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیورك و بالآخانەی پەنتاگونی ئەمریکی کە لە لە (١١/ ٩/ ٢٠٠١) روویاندا ، بە یەکیك لە خەراپترین کردەوە تیرۆرستیەکان دادەنرێن لەم چەند سالانەی دوایی دا . شەرکردن لە دژی تیرورستان جاریکی دیکە بوو بە پێویستیەك ،چونکە ئەوان لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا هەزارەها خەلکی بێتاوانیان کوشت .





ڕەنگ و ڕیشەی ئایین سەرچاوەی گرتووە لە هەستی خوشەویستی و ئەویندارى و بەزەیی پێدا هاتنەوە . پەروەردگار فەرمانى بە ئێمە کردووە کە لەگەڵ یەکتری دادپەروەرو ڕاستگۆ بین و لە یەکتری خۆشببین و لە یەکتری تێبگەین و بەزەیمان بە یەکتری بێتەوە و ڕێزلە یەکتریش بگرین .

هەروەها لە بەر کاریگەری ئەو جۆرە فەرمانانەیە کە خەڵکێك هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن و لایان گرنگ نیە و گوێ بە ئاین و زمان و ڕەگەزو نەتەوەی ئەو کەسانە نادەن کە هەڵسوکەوت و مامەلەیان لەگەڵدا دەکەن . هەرلەبەر ئەم هۆیەشە کە مەحاڵە کاری توندووتیژی لە ناو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەبێت کاتێك بەهاو خوڕەوشتی ئایینی تێدا بلاو بوونەتەوەو کاری پێدەکرێت .ئەو بەهاو خوڕەوشتە ئایینیانەش تەنها ڕێگاو ڕژێمێکن کە خەڵك بەرەو ئارامی و ئاشتی و ئاسایش دەبەن هەروەك پەروەردگار لە ئایەتێکدا دەفەرموێت :



" يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱدۡخُلُواْ فِي ٱلسِّلۡمِ كَآفَّةٗ وَلَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ﴿٢٠٨﴾ ﴿س ـ البقرة ـ ٢٠٨﴾ واتە : " ئەی ئەوانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەر هەمووتان خۆتان بخەنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و بە تەواوی پەیرەوی بکەن و شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون ، چوونکە بەڕاستی ئەو دوژمنی ئاشکراتانە ". لەم چەند بابەتەی داهاتوو دا ئاماژە بەو گروپ و تاقم و بزوتنەوانە دەکەین کە کاری توندووتیژی و تیرۆر بە کارێکی ئاسایی و پێویست دەزانن . مەبەست و ئاماجیش لە نووسین و ئامادە کردنی ئەم بەشەدا ئەوە نیە کە زانیاری دەربارەی ڕێکخراوە تیرۆرستیەکانەوە ببەخشیت . بەڵکو نیشاندان و ڕوون کردنەوەی سیستەمی ئایدیولوجیای دەجالە کە ئەو گروپانەی لە خشتە بردووە کە پێ یان وایە چارەسەری بابەتەکان بە کاری توندو تیژی دەبێت . لاشیان گرنگ نیە کە بیرو باوەرو ئایدیولوجیایان چیە . ئەو زانیاریانەش کە ئێستا لێرەدا دەبەخشرێن زۆر گرنگن چونکە کاتی ئالوزی بیروباوەری دەجال پیشاندەدات و ڕوونی دەکاتەوە کە بەم دواییانە لە جیهاندا زۆر باو بووە .




## تیرۆری ڕەگەز پەرستی

جەنگی جیهانی دووەم پرۆشکە ئاگرێکی تووڕەیی و شێتی بوو لە لایەن فاشیەکان و ڕەگەزپەرستەکانەوە هەڵگیرسا . کاری توندو تیژی و شەڕو ململانی ، کە بە بنەما شاراوەکانی ئەو ئایدولوجیایە دەگوترێت ، خێراو گورج و گۆڵ کاری لە هەموو دنیا کرد کە بووە هۆی ئەوەی نزیکەی پەنجاو پێنج ملیۆن کەس ببنە قوربانی درندەیی فاشیزم . بۆیە ڕاستیەکە بەم جۆرەیە سەرکەوتن بە سەر هاوپەیمانەکان مانای وایە کە فاشیەکان دۆڕاوون و تووشی شکست هاتوون ، هەرچەندیشە ئەمە بە دیار نەکەوت بەڵکو چووە ژێر گڵ. بە شێوەیەکی گشتی ، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو دا بە شێوەیەکی ئاشکرا دیارە کە ژمارەی ڕێکخراوە فاشیەکان و کاری توندووتیژی لە جیهاندا زیادی کردووە . ئەمە لە کاتێکدا ئەوروپیەکان دەجەنگن دژی کاری توندووتیژی کە لە لایەن ڕێکخراوێکی نازی نوێ ( New Nazi ) ەوە ئە نجام دەدرێت ، کەچی لەم لاشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان شەر دژی ڕێکخراوەکانی ( کو ـ کلوکس ـ کلان ) یاخود ڕێکخراوی ( زاڵبوونی سپی پیست ـ white supremacy ) ئەمڕۆ هەردوو ڕێکخراوی نازی نوی و ( New Nazi ) و ئەندامانی ڕێکخراوی ( کو ـ کلوکس ـ کلان ـ Ku.Klux Klan ) هێرشەکان ئە نجام دەدەن و هانی ئەندامەکانیشیان دەدەن بۆ ئە نجام دانی کاری توندووتیژی و تیرۆر .


زۆربەی خەڵك لەوانەیە پێیان وابێت کە ڕێکخراوی ( کو کلوکس کلان ) ئەنجامدەری زۆربەی هێرشەکانە و ئەو چەوساندنەوەی کە لە دژی ڕەشپێستەکان ئە نجام درا لە ساڵانی ( ١٩٢٠م و ١٩٣٠م ) لە کاتی ئێستادا ئەو ڕێکخراوە بوونی نیەو نێردرا بۆ زبڵدانی مێژوو . ئەمرۆش لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بە شێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە کلیسەی ( کو کلوکس کلان ) هەن هەتا ئەگەر ئەو ڕێکخراوانەش ناوی تریان لە خۆنابێت ، ئەوە زۆربەی ڕێکخراوە ڕەگەزپەرستیەکان پەیوەندیان بەو قوتابخانەو ڕێبازی کلێسەوە هەیە . ئەو کلێسەو ڕێکخراوانەش کە پەیوەستن بە یەکتریەوە ، تەنها دژی ڕەش پێستەکان نین ، بەڵکو دژی هەموو ڕەگەزو نەتەوە نا ئەوروپیەکانن ، بە تایبەتی دژی ئەو موسڵمانانەن کە لە ئەمریکا ژیان بە سەردەبەن ، ئەمانە پێیان وایە کە شەرو ئاژاوە پێویستە هەڵبگیرسێت لە دژی ئەو کەسانە . ئەو شەڕو ململانێ یەش دەبێت بە ڕێگای پێکهێنانی یەکەی چەکداری بێت .


شتێکی شاراوە نیە کە بنەمای قوتابخانەو ڕێبازی ڕێکخراوی ( کو کلوکس کلان ) ئەوروپیە سپی پێستەکان کە دەیانەویت زاڵ بن و خۆیان بە گەورەتر بزانن بە سەر هەموو ڕەگەزەکان و نەتەوەکانی تردا ، ئەو سپی پێستانەش نابێت هەرگیز پیس بکرێن بە ئەوانی دیکەوە . جا بۆ مەبەستی ڕێگرتن لەو پیس بوونەش ، نەتەوەو ڕەگەزەکانی تر نابێت لەو شوێنانە دا بژین کە سپی پێستەکانی لێ نیشتە جێن .سپی پێستەکان باوەڕیان وایە کە ڕەگەزەکانی تر واتە ڕەش پێستەکان هیچ مافێکیان نیە کە لەلایەن سپی پێستەکانەوە پێیان بدرێت.




ئەم وێنانە لە گۆڤاری – تایم – بڵاوكراوەتەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دا كە پیشانی دەدات چۆن ڕێكخراوە ڕەگەزپەرستەكان زیادی بوونە. بابەتەكە باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو ڕێكخراوانە دەكات لە دوای شەری دووەمی جیهاندا، بەڵام ئەمان هەرگیز دەست بەرداری كارەكەیان نەبوونە بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەی هێرشە ڕەگەزپەرستیەكانیان زیادی كردوە...












لەم وێنانەدا دەردەکوێت کە تورکەکان دەناڵێنن بەدەست گروپە ڕەگەزپەرستەکانی ئەڵمانیا. خانووی پەنابەرە تورکەکانیان تالآن کرد و ئاگریان تێبەردا و ئەوانەی کە لەناو خانوەکانیان مابوونەوە سوتێندران بە زیندوویی لەلایەن ئەو دڕندانەی کە سەرپەرشتی ئەو گروپە ڕەگەزپەرستانەیان دەکرد.



پێیان وایە کە ڕەش پێستەکان وەکو گیانەوەرو ڕووەکی مشە خۆرن کە هەوڵ دەدەن بۆ پیس کردنی پاکی و گەورەیی سپی پێستەکان ، هەروەها باوەڕیان وایە کە دەبێت هەموو جۆرە ئامرازێك بگیرێتە بەر بۆ ڕکابەری و دژایەتی کردنیان . ئەو جۆرە بیرو باوەری ڕێکخراوی (کو کلوکس کلان) بنەمایەك بوون بۆ ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر ڕەگەزەکانی تر (واتە ڕەش پێستەکان) لە ئەمریکادا . بۆیە ڕەگ و ڕیشەی ئەو بیرو باوەرە سەرچاوەی گرتووە لە ژیانی دوژمنکارانەو ڕق و کینە لە جیاتی خۆشەویستی و لێ بووردەیی و زمانی گفتو گۆ کردن .

ئەوەی ناو دەبرێت بە بەڵگەی زانستی لە بیرۆکەی باشی و بەرزی نەتەوەو ڕەگەزی سپی پێستەکان ئەوە بیرۆکەی بیردۆزی گەشە کردنی داروینیزمە. داروینیزم باوەڕی وابووە کە ڕەگەزێکی (نەتەوەیەکی) تایبەت ، بۆ نموونە نەتەوەی ئەوروپیەکان ، زۆر لە نەتەوەکانی تر پێشکەوتووتر بووینە لە ماوەی پرۆسەی گەشەکردندا. ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو نەتەوە پێشکەوتووەن بە بۆچوونی ئەو بوونەوەرێکی بچووکی سادەن کە لە مەیموون باشترن ، بە مانایەکی تر ، لە کاتێکدا هەندێك نەتەوە زۆر گەشەیان کردووە و پێشکەوتوونە ، کەچی ئەوانی تر هێشتا لە ئاستێك دان کە دوور نین لە مرۆڤی باب و باپیرانی پێشوو ، وەکو مەیمونەکان . داروینیزم ڕێگا بە خۆی دەدات لە هەڵسەنگاندن و تێروانینی بەرامبەر نەتەوەکان دەربارەی داهاتوویان دەڵێت :.

" لە ماوەی داهاتوو دا کە زۆر دوور نیە هەروەك پێوانە کراوە بە هۆی سەدەکانەوە ، شارستانیەتی نەتەوەی مرۆڤ بە دڵنیایی یەوە نزیکە کۆتایی پێ دێت و نەتەوەکانی وەحشی و درندە لە سەرتاسەری جیهاندا شوێنی دەگرنەوە . لە هەمان کاتیشدا ، مرۆڤە مەیموونەکانیش ... بێگومان لە ناو دەچن و قڕ دەبن . پەیوەندی نێوان مرۆڤ و هاوپەیمانە نزیکەکەی تێك دەشکێت و دواتر دەبێت بە دڕندەیی و وەحشیگەری " ١٥ .

ئەو بیرو بۆچوونە نەتەوە پەرستیە داروینیزمیانە بۆتە بەڵگەیەکی گرنگ کە بۆ خزمەت کردنی هێزەکانی داگیرکەر بەکار دەهێنرێن لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی ڕوخساری درندەیی خۆی بگۆڕێت . ئەو بانگەشەیەی کە داروینیزم دایناوە بۆ پیشاندانی بیردۆزەکەی بە ڕاستی شتێکی سوودبەخش و سەرنج ڕاکێشە لەو خاڵەی کە نیشانی نەفامی و درندەیی خۆی دەدات.

داروین لە نامەیەکی دا کە بۆ زانایەکی نووسیوە بە ناوی (گراهام) لە ساڵی (١٨٨١) دا دەڵێت نەتەوەی تورك بەڵگەو نیشانەی بیردۆزەکەی ئەون . بە پێی بیردۆزە پڕوچووچ و بێ بنەماکەی داروینیزم ، نەتەوەی تورك یەکێکە لە نەتەوە دواکەوتووەکان کە بەم زووانە تووشی نەمان و قڕکردن دەبن لە بارەیەوە دەڵێت :.

" من توانیم شەرکردن ببینم لە سەر هەڵبژاردنی سروشتی کە ئە نجام دراوەو زۆرتریش ئە نجام دەدرێت بۆ مەبەستی پێشکەوتنی شارستانیەت زیاتر لە ئێوە کە پێدەچێت ئامادە بن بۆ دان پێدانانی لە بیرت بێت کە نەتەوەکانی

ئەوروپا بە دوای چ مەترسیەك ڕایان كرد زۆری بەسەر تێنە پەڕیووە كە هەرەسیان پێ هێندراو بەزێندران لە لایەن توورکەکانەوە ، ئێستاش ئەو بیرو بۆچوونە مایەی گاڵتەجاریە ! نەتەوەكانی قەوقاز كە ناسراوبوون بە شارستانیەترین نەتەوە ، توركە بێقیمەتەكانیان تێك شكاندو بەزاندنیان لە ململانێیەكدا لە پێناو مانەوەیان ، سەیری جیهان بكە كە زۆر لە مێژ نیە ، چەندەها نەتەوەی بێ دەسەلات و لاواز كۆتاییان پێ هات و تووشی قڕ بوون بوون لە سەر دەستی نەتەوە پێش كەوتووەكان لە سەرتاسەری ئەم جیهانەدا " ١٦ .

تاكو ئەمرۆش گوێ بیست دەبین كە كلێسەكانی رەش پێستەكان لە چەند ویلایەتێكی ئەمریكادا دەسوتینرێن و هێرش دەكرێتە سەر مزگەوتەكان كلێسای جولەكەكان و ئەندامانی نەتەوەكانی تر . دوای ئەو هێرشانەی كرایە سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە (١١ ی سیپتیمبەری ٢٠٠١ ) دا كۆمەڵە كەسێكی دیار بە هۆی ئەو هێرشانەوە كاریان تێكراو هەمان ئەو كەسانەش (ڕێكخراو ) اوانەش دەستیان بە هەنگاونانی هێرش بردن كرد . شوێنە بازرگانیەكان و مزگەوتەكان و دەزگا كۆمەلایەتیەكانی موسلمانان لە ژمارەیەك ویلایەتی ئەمریكادا هێرشیان كرایە سەر . قوتابیە موسڵمانەكان ڕێگایان پێ نەدرا بچنە قوتابخانەكانەوە ، منداڵە موسڵمانەكان هێرشیان دەكرایە سەر لە سەر شەقامەكاندا . هیچ یەكێك بە تەواوەتی هۆكارێكی پێویست و زانیاریەكی ژیرانەی نیە كە جیهانی ئیسلامی و مرۆڤی موسڵمان بێتاوان و منداڵانیان بە تایبەتی گوناهیان نیەو ناكرێت بەرپرسیارەتی ئەو هێرشە دڕندانە هەڵبگرن .

لە ڕاستی دا پاش هێرشەكانی (١١ ی سیپتیمبەر ، ڕەت دانەوەیەكی گرنگ بە دیاركەوت لە سەر ئەو كەسانەی كە بە زیرەكی و تێگەیشتنی گشتیەوە دەستیان كرد بە تەماشا كردن و گەران بە دوای ئایینی ئیسلامدا . هەروەها ژمارەی ئەو كەسانە ڕووی لە زیاد بوون كرد بۆ هاتنە سەر ئایینی ئیسلام ) . لە لایەكی دیكەشەوە ، ئەم بارودۆخە تەنها ئاماژەیەك بوو بۆ هاندانی ڕق و كینەیەكی ترسێنەر كە لەسەر نەتەوە پەرستی یاخود باوەڕ سەرچاوەی گرتووە و دامەزراوە دەتواندریت ڕەفتار بكرێت .

ئەندامەكانی ڕێكخراوی كلان بەمە رازی نەبوون . بۆیە ئەوانە هەردەم خەریكی خۆئامادە كردنن بۆ شەڕێكی گەورە لە نێوان نەتەوەكاندا ، كە پێیان وایە ئەم شەڕە لە سەدەی (٢١ ) دا ڕوو دەدات .

## گەورەیی ڕەگەزپەرستی لە ئەمریکادا

دوای دامەزرانی لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، ( کوکلوکس کلان ) گەیشتە ئەوپەری بە هێز بوونی لە ئە نجامی شەری جیهانی یەکەم لە ئەمریکا. بە جۆرێك کە لە ساڵی ( ١٩٢٠ ) دا ، ( ٣ ـ ٤ ) ملیۆن ئەندامی هەبوو .

وەکو هەموو بیروباوەڕە ڕەگەزپەرستەکانی تری جیهان ، بیرۆکەی دروست بوونی ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی ( کلان ) سەرچاوەی گرتووە لەو دەستەواژەیەی کە دەڵێ (( ئێمە دوژمنەکانمان سەردەبرین )) ئەو کاتەی جەنگ دەست پێ دەکات بۆ بەرگری کردن لە هۆزی سپی پێستەکان )) . ئەمە بریتیە لەو مێژووەی کە هۆزی سپی پێستەکان لە لوتکەی گەشە سەندن دان ، لە کاتێکدا هۆزەکانی تر دەبێ لە خوار ئەوانەوە بن ، لە بەر چ هۆکارێکە ئەوان شایستەی ئەو هەموو هەڵس و کەوتە نامرۆڤانەین . ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەمەریکا تا ئێستا پەیرەوی ئەم جۆرە بیرۆکانە دەکەن . شایانی ووتنە کە ئەم گرووپانە لە ژێر ناوی جیاجیا دروست کراون وەکو هاوپەیمانی نیشتمانی و دامەزرێنەری کلیسای جیهانی و نەتەوەی ئاریان کە لە ڕاستی دا هەموویان لە ژێر چەتری ( کوکلوکس کلان ) کاردەکەن .


یەکێك لەو فاکتەرانەی کە سڵ ناکرێتەوە لە بەکارهێنانی لە لایەن ئەو ئۆرگان و گرووپانەوە ، کە هەندێك دەبێ بە ووردی باسیان لێ بکرێ لە خوارەوە ، بریتیە لە بە کارهێنانی توندووتیژی بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکانیان ، بەڵام ئەوەندەی کە پێویست بکات .


## دامەزرێنەری کلێسای جیهانی (WCOTC)

دامەزرێنەری کلیسای جیهانی یەکێکە لە ریکخراوە رەگەز پەرستەکان لە ئەمریکا کە رۆژ بە ڕۆژ لە فراوان بوون و بەهێزی دایە . ئەم ریکخراوە هەبوونی خوای گەورە ، ڕۆژی دوایی ، بەهەشت و دۆزەخ ڕەت دەکاتەوە ژمارەیەکی زۆر لە پەیرەوانی هەیە لە دەرەوەی ئەمریکا. بیرۆکەی بەرز ڕاگرتنی هۆزی سپی پێستەکان یەکێکە لە ئامانجە بەراییەکانی ئەم ریکخراوە . لە پێگە ئەلیکترۆنیەکەی خۆیدا ( بین کلاسین ) کە دۆزەرەوەی ئەو ریکخراوە ڕەگەزپەرستەیە، دەربارەی ئادیۆلۆژیاکەیان دەڵێ :

" ئامانجی ( ئایینەکەمان ) دەبێت بریتی بێت لە ، مانەوە لە ژیان ، فراوان کردن ، بەرەو پێش بردنی هۆزی سپی پێستەکان . ئایینەکەمان لە خۆشەویستی .... خۆشەویستی بۆ سپی پێستەکان ... ئێمە ، لە بەرئەوە ، فریشتەکان و شەیتان و خودا ڕەت دەکەینەوە . یاسا زێڕینەکەی ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی کورت دەکرێتەوە بەو شێوەی خوارەوە :








ئەو هێما و دروشمانە بەکاردەهێندرێن لەلایەن گروپە ڕەگەزپەرستەکانەوە لە ئەمریکادا کە بە ئاشکرا مەیل و ئارەزوی ئەو کروپانە پیشانی دەدەن . ئەم وێنەی خوارەوە وێنەی یاریەکی کۆمپیوتەریە بۆ گەنجانی ڕەگەزپەرست ئامادەکراوە ، جا بۆ ئەوەی لەم یاریە ببەیەوە ئەوە دەبێت زۆر کەسی ڕەگەزی جیاواز بکوژێت .



" ئەوەی باش بێت بۆ هۆزی سپی پێستەکان ئەوە گەورەترین ئامانجی ئێمەیە ، وە هەرشتێك کە خراپ بێت بۆ هۆزی سپی پێستەکان ئەوە ئەوپەری خراپەکاریە ... سروشت پێمان دەڵێ گرنگی بە خۆمان بدەین تەنها خۆمان . ئێمە بیر لە هیچ هۆزێکی تر ناکەینەوە کە بێتە ڕیزی مرۆڤەکانی ئێمە ... بێ گومان مرۆڤە ڕەش پێستەکان ، لە خوارەوەی ئێمەن و لە ئێمە کەمترن ، نەك تەنها لە خوارەوەی ئێمەن بەڵکو ئەوان لە سەرووی کەری کێویش نین ... ئێمە هیچ کات ئامادە نین بۆ یارمەتی دانیان ، وە هەروەها لە قەڵباڵغ کردنی هەسارەی زەوی هیچ سودێکی تریان نیە بۆ ئێمە " .

ئەم بیرۆکەیەی سەرەوە وەك دەبینین ، وەکو ئاین مامەڵەی لە گەڵ دەکرێت لەلایەن بەکارهێنەرەکانیەوە ، هەرچەندە ئەوە ڕوون نەبۆتەوە کە ئایا ئەو بیرۆکەیە ئایینیە یان نا ؟ بەلکو دەتوانین ئەو بیرۆکەیەی سەرەوە بە بەرهەمی داروینیزم دابنێین کە بنچینەیە بۆ دروست کردنی ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێ ململانێی داهاتوو دژ بە هۆزەکانی تر دەبێ . ئەم بیرۆکەیە دەگەرێتەوە بۆ دەستەواژەی ( ڕاهۆوە )، واتە " شەڕی ڕەگەزپەرستی پیرۆز" کە بە یەکێك لە بەها سەرەکیەکانە لە لایەن ئەو ریکخراوە رەگەز پەرستە . لە ئاماژەیەکی تر دا ( بین کلاسین ) بە شوێن کەوتووانی خۆی ڕاگەیاند کە ( راهۆوە ) مانای چیە و وە بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەکی ویژدانیانە هانی شوێن کەوتووانی دەدات بۆ بەکارهێنانی .

راهۆوە : لەم ووشەیەدا نەك هەموو ئامانج و بەرنامەکانی دامەزرێنەری کلیسای جیهانی دەخەینە ڕوو ، بەڵکو ئامانج و بەرنامەی هۆزی سپی پێستەکان کورت دەکەینەوە لەم ووشەیەدا کە بریتیە لە :

" ئێمە دەست دەکەین بە تەحەدا کردن . ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ جەنگانی یەکجارەکی لە دژی جووەکان و هەموو هۆزە نەفرین کراوەکانی تر جیهان ـ لە ڕووی سیاسی ، ئابوری ، سەربازی ، ڕەوشتی و ئایینی .لە ڕاستیدا ئێمە وادادەنێین کە ئەوە بریتیە لە دڵی بیروڕاکانی ئایینەکەمان ، وە ئەمە هەموو پیرۆزترین بیرۆکەکانی ئایینەکەمانە . ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە ئەمە جەنگێکی پیرۆزە تا کۆتایی ـ جەنگی رەگەزپەرستی پیرۆز ١٩ .



بـیـن کـلاسـین

شەڕی چاوەڕوانکراوی نێوان هۆزەکان (طائفەکان) سەرەکیترین ئامانجی ریکخراوی (کلان) ە . ئەم بابەتە لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا دووپاتی لە سەردەکرێتەوە ، لە ماوەی ووتاردانیان دا ئەندامەکانی کلان هاندەدرێن بۆ جەنگان ، وە چەندین سەرچاوەش دروست دەکرێن لە نووسینەکانیان دا بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم ئامانجە . هاندان بۆ دروست کردنی ئەم جەنگە ، بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا لە نووسینەکاندا بە تایبەتی لە چیرۆکە نووسراوەکاندا دەبینرێت ، بەتایبەتی لە بەرهەمە چاپکراوەکانی ریکخراوی (کلان) . بۆنموونە لە یەکێك لە نووسینەکاندا بە ناوی (سوارچاکی رزگارکەر) ئەم دەستەواژانەی خوارەوە بە کارهاتووە :ـ

" پاشا (مەلیك) سەرۆکی پاڵەوانی مەسیحیەکانە ، کە خەون بە فراوان کردنی (کوکلاس کرلان) دەبینێ . هەروەها ئەو رێنیشادەرو رۆشنکەرەوەی رێگای پیاوەکانی (کلان) ە . ئەو دەڵێ (شەڕی رەگەزپەرستی بەرێوەیە . (کلان) تەنها هیوایە بۆ رەگەزی سپی پیستەکان " ٢٠ .

لە کاتیکدا کە ئەوە باری ریکخراوە ڕەگەز پەرستەکانە ، رۆهاوە لە سەر بنچینەی باوەڕبوون بە بیردۆزی گەشەسەندن (Evolution) دامەزراوە . بە کارهینانی توندووتیژی دژی ڕەگەزەکان یاخود هۆزەکانی تری جیهان بەم شێوەیە ، هەروەها بە بێ هەست کردن بە هیچ بەرپرسیاریەتیەك و شەرمەزاریەك لە بەکارهێنانی ئەو توندووتیژیانە ، ئەمانە هەمووی لە ئەنجامەکانی باوەڕ بوونە بە بیردۆزی گەشەپێدان ( Theory Of Evolution) . کە هیچ شتیك ناتونێ رِێ لە کەسێك بگرێت کەوا دادەنێ بەرامبەرەکەی ئاژەڵە وە لەکەداری بکات و هێرشی بکاتە سەرو تەنانەت ئەگەر پێویست بکات بەرامبەرەکەشی بکوژێت .

ئەو ووتانەی خوارەوە هی (مات هەیل) ە  کە بوو بە سەرۆکی ئەم ریکخراوە دوای (بین کلاسین) . وە ئەم ووتانە نموونەیەکن لە پەیوەندیەکی نزیك لە نێوان ئەو بیروباوەرانەی کە وەکو ئایین بە کاردێ لە لایەن ئەو ریکخراوە وە باوەڕ بوون بە بیردۆزی بیردۆزی گەشە پێدان ( Theory Of Evolution) .

" تەنها ئێمە تاکە دروست کراوین . ئەمە بیرۆکەیە . ئێمە ئەو بیرۆکەیەمان قبووڵ نیە تەنها لە بەرئەوەی کە ئێمە بیردەکەینەوە و قسە دەکەین و دەتووانین لە سەر پێ برۆین ، مانای ئەوە بێ کە بە هیچ یاسایەکی سروشتی دەورە نەدراین و نەخێر  بەڵکو دەورە دراوین .  ئەم رێکخراوە و ئەم ووتانە لە سەیرترین نیشانەن کە بیرۆکەی بە ئایین بوونمان دەسەلمێنێ . بە شێوەیەکی سروشتی ، ئەم ئایینە هیچ پەیوەندیەکی بە ئایینی مەسیحیەتەوە نیە ، کە پەرە بە لەخۆ بوردەیی و خۆشەویستی و لێ بوردن دەدات . هەروەها سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە هیچ کات دان بەو ڕاستیە دانانێن . ئەم دەقەی خوارەوە وەرگیراوە لە دیمانەیەك لە گەڵ (مات هەیل) کە بە شێوەیەکی گشتی کۆکراوەی بیرو باوەڕی ئەوانە :ـ



مات هەیل

" زیاتر له ئایینێك وەكو مەسیحیەت ،كە پێیان دەڵێ و فێریان دەكات كە دوژمنەكانی خۆیان خۆش بوێ و ە یەكتر قبوڵ بكەن . ئێمە پێویستمان بە ئایینێكە كە زیاتر گرنگی بە جەنگی خۆمان وە بە تەنها خۆمان بدات ... بۆیە ئێمە پێویستیمان بە ڕێگایەك هەیە بۆ ناساندنی ئەوەو وە دروست كردنی پەیوەندیەك لەگەڵ بیرۆكە گلانەیەیی كە هەموو مرۆڤەكان بە شێوەیەكی یەكسان دروست كراون و وە چەند بیرۆكەیەكی تری گلانەی وەك ئەوە ... ئەو شتەی كە باوەڕمان پێی هەیە بریتیە لە بڕینی هەموو یارمەتی و پشتگیریەك بۆ ڕەگەزە ناسپی پێستەكان . بە شێوەیەكی خێرا دەبێتە هۆی كەم بوونەوەی ژمارەیان . وە ئەوان نەتوانن خۆیان بگوزەرێنن ... ئێمە بڕوامان وایە دروست كردنی جیهانێكی سیاسە تمەدارە سپی پێستەكان لە تەواوی جیهان ، وە ئێمە بڕوامان وایە كاتێك ڕەگەزە ناسپی پێستەكان لە ژیان نامێنن ، وە سپی پێستەكان یەك دەگرنەوە لە گەڵ بیرو باوەڕەكانی پێش ژیان وەكو داهێنان ، ئەوكات ئاشتی و سەركەوتن بە دەست دێنن بۆ خەڵكی سپی پێستی خۆمان " ٢٢ .

ئەوانەی كە خۆیان بە پێشەوای ڕەگەزو هۆزەكانی تر دەزانن ، باوەڕیان وایە كە سیفەتەكانیان دەیانكات بە پێشەنگ بۆ ئەوانی تر ، یەك ڕاستی زۆر گرنگیان لە بیر كردووە ، ئەویش ئەوەیە كە هیچ كام لەم بیرو باوەڕانە تا سەر نین ، چونكە هەموو مرۆڤێك جا باوەڕدار بێت یاخود بێ باوەڕ ، زوو یان درەنگ دەمرێ ، ئەوكات هەموو شتێك لە دوای خۆی بە جێ دێڵێ كە پێشتر خاوەنی بووە لەم جیهانە ، وە دەبێ لە ڕۆژی دوایی ڕوونی بكاتەوە لە بەرامبەر خوای گەورە . لەم ڕۆژەدا كەس ناتوانێت یارمەتی كەسی تر بدات ، هۆزی هەموو كەسێك بە جیاوازی ، ڕەنگ پێست ، بنەچە ، دەبێتە بێ بەهاترین شت ، وەهیچ شتێك كە لەم جیهانە دا خاوەنی بوو سودی پێ ناگەیەنێ ،وەكەس ناتوانێ پاساو بهێنێتەوە بۆ كارەكانی . وە خوای گەورە باسی ئەمە دەكات لەم ئایەتە دا : ـ

" فَإِذَا نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾

﴿ س – المؤمنون - ١٠١﴾ واتە : " جا كاتێك فوو دەكرێت بە – صور – دا ئەوە هیچ كەس پەیوەندیەكی خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نیە و كەس لە كەس ناپرسێتەوە ".



## Klan Teachings وانەکانی کلان

ئەم خاڵانەی خوارەوە بریتین لە وانەکانی کلان کە وەرگیراوە لە لێدوانێکی ( مات هەیل ) لە یەکێك لە دانیشتنە گشتیەکانی کلان لە مانگی کانونی دووەمی ٢٠٠١ ز دا .

- ووتنی دەستەواژەی هۆزەکان یەکسانن ئەوا ئیهانە کردنی رەگەزی ئێمەیە .
- ئێمە ڕقمان لە تێکەڵبوون و هەڵس و کەوت کردن و ئە نجامدانی هاوسەرگیری فرە رەگەزی ( واتە ژن خواستن و ژن پێدان ) لە گەڵ رەگەزی ناسپی پێستەکاندا .
- هاوسەرگیری فرە رەگەزی ( Interrial Marriage ) گوناهە لە دژی خەڵکی خۆمان .
- جولانەوەی شارستانی هەڵەیە بۆ ئێمە هەروەها دژ بە ئاما نجەکا نمانە .
- تیرەی سپی پێستەکان بە شێوەیەکی سروشتی لە سەروی هەموو هۆزو تیرەکانی ترەوەن .
- کاتێك کە رۆژی ئێمە دادێ ، کاتێك دەسەلآت دەکەوێتە دەستمان لەم جیهانە هەروەکو هیوای بۆ دەخوازین ، دەبێت بکەوێتە دەستمان ، بە دڵنیایی یەوە ئێمە هەموو خەرجیەکانی هۆزی خۆمان دەدەین و بەخێویان دەکەین وە دەبیٚ باشترین ئەوە بەرهەم بهێنن کە لە زیرەکترین بن .
- داهاتوو دەبیٚ ببێتە هی ئێمە وە ئێمە دەبیٚ ببینە خاوەنی زەوی خۆمان و بە شێوەیەك کە هەموو هۆزو تیرەکانی تر بکەینە ژێر دەستەی خۆمان .
- ئەوان دەبێت بخرێنە ناو بەلەمێکەوە بە هێز پاڵی پیوە بنرێت . بە هۆی یاساوە . ئەوە ئەو یاسایەیە کە دەبێت ببێتە یاسا .
- نا سپی پێستەکان بە تەواوی جیٚ گرنگی پێدان نین . ئەگەر ئەوان لە سەر مەلەوانگەیەکی خوێن پاڵکەوتن ، دەبیٚ بە تەواوی جیٚ ی گرنگی پێدان نەبن . ئەمە بە کورتی مانای وایە هیچ شتیك بۆمن نا . ئەوەی گرنگی پیٚ دەدەم تیرەی یان هۆزەکەی خۆمە .
- مێشك وا دەکات تیرەکان لێك جیاواز بن . وە هۆزەکان و تیرەکان شێوەی جیاوازیان هەیە وە قەبارەی مێشکیان جیاوازە .
- لە بەرچی بکوژە لێهاتوەکان سپی پێستن ... خەڵکی سپی پێستەکان پلان دادەنێن بۆ ئەو شتەی کە ئە نجامی دەدەن . خەڵکی سپی پێستەکان بیردەکەنەوە زۆربەی ئەو تاوانانەی کەوا رەش پێستەکان ئە نجامی دەدەن بیٚ پلان دانانە .خەڵکی سپی پێستەکان بیر دەکەنەوە دەربارەی ئەو تاوانە کوشتنانەی کە دەیانەوی بە ئە نجامی بگەیەنن . خەڵکی سپی پێستەکان تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو جۆرە تاوانانە چونکە ئەوانە پلانی زۆریان دەوێ ٢١ .

ئەم ووشانەی سەرەوە بە ئاسانی بیرکردنەوەی تاکەکانی کلان ئاشکرا دەکات . ئەم جۆرەی تایبەتە بە شێوەیەك کە ئەنجام دانی کاری کوشتن و لە ناوبردن بە ئاشکرا شانازی پێوە دەکات ، وە پێشەنگی بۆ هۆزەکانی تر دەکاتە پاساو بۆ کارە توندووتیژیەکانیان.

## هاوپەیمانی نیشتمانی ( The National Alliance)



یەکێك لەو ریکخراوە رەگەزپەرستانەی کە هەوڵ دەدات بە زیاد کردنی پشتگیری بۆ خۆی لە لایەن گەنجانەوە لە ئەمریکا بریتیە لە هاوپەیمانی نیشتمانی . ئەم ریکخراوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٧٠) لە لایەن (د. ولیام پیرس) دامەزرا . پرۆفیسۆرێکی گەنج بوو لە زانکۆی ولایەتی (ئۆریگۆن) (ولیام پیرس) لە بواری فیزیك لە کاتی دروست بوونی هاوپەیمانی گەنجانی نیشتمانی . کەسایەتیە لێهاتوویەکە (ولیام پیرس) ریگایەك بوو بۆ بە ئامانج کردنی زانکۆ و کۆلیجەکان . سەرەتا تەمەنی بەشدار بووان لەم ریکخراوە ( ریکخراوی گەنجانی نیشتمانی)) کورت کرایە بۆ تەمەنی (٣٠) ساڵی و بەرەو خوار . پاشان ، هەرچەندە مەرجی تەمەنی بەشدار بووان هەڵگیرا وە ریکخراوێکی تر دروست کرا کە پێ ی دەوترا هاوپەیمانی نیشتمانی . یەکێك لە ئامانجە هەرە سەرەکیەکانی ئەم ریکخراوە بریتی بوو لە پەروەردە کردنی گەنجان بە بیرۆکەی رەگەزپەرستی . بۆیە وا دادەنین ، کە نەوەکانی داهاتوو ئاگادار دەکەنەوە و بە توانایان دەکەن بۆ پێشەنگی رەگەزپەرستی (Racial Superiority) .هەروەکو هەمووگرووپە رەگەزپەرستەکانی تر ، ئامانجی بریتیە لە بەرگری کردن لە بە پێشەنگ راگرتنی هۆزی سپی پێستەکان لە بارودۆخێکدا . (د. پیرس) ئەم ئامانجە باسی دەکات لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی ١٩٩٧ ز : ـ

" لە کۆتایی دا ، دەبێ ئێمە خۆمان جیا بکەینەوە لە رەش پێستەکان و هەموو هۆزە ناسپی پێستەکان و وە دەبێ خۆمان دوور بخەینەوە لەوان ، گرنگ نیە ئەوە چی دەوێ بۆ جێ بە جێ کردن ... لە کۆتایی دا دەبێ ، ئەوان راو بکەین و خۆمان لە دەستیان رزگار بکەین " ٢٤ .



د. ویلیەم پیرس

بێگومان ئەوە تەنها لێکچوون نیە لە نیوان رێکخراوی هاوپەیمانی نیشتمانی و هەموو رێکخراوە رەگەزپەرستەکانی تر . وەکو هەموو ئەوانەی کە باوەریان بە بیردۆزی گەشە پیدان (Theory Of Evolution) ، ئەم بیردۆزەش شتیکی دیارە لە رێکخراوی هاوپەیمانی نیشتمانی . گرنگ نیە تا چەند ئەندامەکانی رێکخراوەکە کە خۆیان بە کەسانی ئایینی دەخەنە بەرچاو ، لیدوانەکانیان هەلوێستەکانیان روونی دەکاتەوە کە بە تەواوی پێچەوانەی ئایینن . بە شێوەیەکی گشتی ، ئەمەی خوارەوە هەلوێستی (دروشمی) ی سەرەکیانە :-

ئیمە خۆمان وەکو کەسانێکی تەواو سەرەکی دەبینین کە جیهانێکی یەکگرتوو لە چواردەورەماندایە ، کە گەشە دەسێنێت بە پێی یاسای سروشتی . بە مانایەکی سادەتر ، تەنها یەك راستی هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پێی دەلێین سروشت … ئێمە بەشێکین لەو سروشتەو ملکەچی یاساکانی سروشت دەبین . بە هۆی بواری ئەو یاسایانەشەوە ئێمە دەتوانین چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین … بە مانایەکی تر ، ئێمە خۆمان بەرپرسیارین بەرامبەر هەموو شتیك و لە سەر هەموو شتیك کە هێزو توانای هەلبژاردنمان هەیە ، بە تایبەتی ، بۆ بارودۆخی خۆمان و بۆ چارەنووسی پێشبرکێی خۆمان . ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی بۆچوونی رەگەزپەرستیە ٢٥.

هەروەك بۆمان روون بۆوە ، بەکارهێنانی بنەماکانی ئایین لە ووتەو دروشمەکاندا لە لایەن گرووپە رەگەزپەرستیەکان و فاشیستەکانەوە ، هەروەها هەولّ و کۆششەکانیان کە دەیدەن بۆ ئەوەی خۆیان بە کەسانیکی وا پیشان بدەن کە لەگەلّ بەهاو خورەوشتەکانی ئاییندا دەژین ، ئەمانە جگە لە تەکتیکێکی ریسواکەر هیچی تر نین . لێکۆلینەوەکان و توێژینەوەکان کە لەلایەن زانایانی کۆمەلناسی و ئەکادیمیەوە ئەنجام دراون تەئکیدیان لە سەر ئەو راستیە کردۆتەوە . یەکێك لەو کەسە ئەکادیمیانە ناوی ( جاك لیڤین ) ە کە بەرێوەبەری لێکۆلینەوەی توندو تیژی و ململانێ کۆمەلایەتیەکانە لە زانکۆی ( بوستۆنس نورث ئیَسترن ) ( Boston 's Northeastern University ) . ( لیڤین ) دەلّیت هۆکاری بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ( تەورات ) لە لایەن ئەو گروپانەوە ئەوەیە کە (( دەبێتە هۆی کەش و هەوای ئایینی باوەرپێکراو )) بۆ پەیامە رق لێبووەکەیان ٢٦.


## نازیسمی تازە – ئەو ئادولۆجیایەی کە لە سەر بنەمای تیرۆرو توندووتیژی دامەزراوە

لەو کاتەی کە گروپە رەگەز پەرستیەکان کە نوێنەرایەتی رەگەزپەرستی و رق لیّ بوونەوە دەکەن پێکەوە لە ژێر چەتری (کوکلوکس کلان) لە ئەمریکا دا ، لە هەمان کاتدا نازیە تازەکان کاروبارەکانی خۆیان رادەپەرێنن لە ئەورووپادا . رەگەزپەرستی ئەورووپیەکان بە گرووپە توندو تیژە لاوەکان دەستی پیّ کرد لە بریتانیا دا ، دواتر بوون بە بزوتنەوەیەکی نازی نویّ لە سالّی ١٩٩٠ دا . لە دیارترین سیفەتەکانی ئەو گرووپانەش ئەوەیە کە خۆیان بە نازی تازە لە قەلّەم دەدەن بە شێوەیەك هەروەك (کوکلوکس کلان) ن گرنگی بە شکۆیی و باشی سپی پێستەکان دەدەن و هێرش دەکەنە سەر بێگانەکان و ئەو کەسانەی کە لە شوێنە هەژارەکاندا ژیان بە سەردەبەن .

بزوتنەوەکانی نازی تازە گەشەیان کردو هێزیان زیادی کرد لە ماوەی دە سالّی رابردوو دا ، هەروەها بواری کاریگەریان بە شێوەیەکی زۆر گەورە فراوان بوو . ئەندامەکانیان لە کاتی ئێستا دا دەگاتە نزیکەی ( ٧٠٠، ٠٠٠ ) هەزار کەس . نازی تازە کۆمەلێکە ئامانجی جۆر بەجۆر و جیاوازی دارشتووە لە وولاتانی جۆر بەجۆر دا . بە پێی

لێکۆڵینەوەیەک ، تورکەکان لە ئەڵمانیا و قەرەجەکان لە هەنگاریا و سلوڤاکیا و کۆماری چیک ، ئاسیاییەکان لە بریتانیا و باکوریە ئەفریقیەکان لە فەرەنساو باکوری ڕۆژهەلاتی بەرازیل دا ، ئەمانە لە ناو گرووپە قوربانیەکاندان . توندووتیژی و ڕق و کینەو ترس و تۆقاندن و بە کارهێنانی هەڕەشەو تێکدان لە دیارترین سیفەتە جیاکەرەوەکانی نازی نوێن .


بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی ئەلمانیا ، تەنها لە ساڵی ١٩٩٧ دا ( ١٠٠٣٧ ) حالەتی ئاژاوە ئەنجام دراوە کە پەیوەندیان بە ڕەگەزپەرستی و ڕق و کینەوە هەبووە . هەمان لێکۆلینەوە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کرا گەیشتە ( ١٠٠٠٠ ) حالەت . لە بریتانیاشدا (١٠٩٨٢) حالەتی ڕەگەزپەرستی هەبووە کە پەیوەست بوونە بە ڕووداوەکانەوە تەنها لە نێوان مانگی ئەپریل و سیبتیمبەر دا . زیاتر لە نیوەی ئەو تاوانانەش پێك هاتووە لە هەڕەشە و گرتن و ترس و تۆقاندن . کەچی تاوانەکانی تر بریتی بووینە لە کوشتن و هێرشی لە ناکاو گیانی شەرانگێزی لە ماڵ و کاروباری ڕۆژانەو .... هتد .لویس بیم و ویلیام پیرس ، کە توندڕەون و سەر بە بیرو باوەڕی پارتی باڵی ڕاستی ئەمریکان ، شوێن پەنجەیان دیارە لەو بزوتنەوە نازیەی کە گەشەی کرد لە ساڵانی (١٩٩٠) دا . دەستەواژە و ماناکانی بەرهەڵستی بێ سەرکردە و (شۆرشی سپی) لە لایەن ئەو دوو پیاوە داندراوە و پێشکەوت کە ئێستا زاڵ بووە بە سەر بیرو باوەڕی بزوتنەوەی نازی نوێ دا . سەرچاوەی کارو کردەوە جۆربەجۆرەکانی تیرۆر وەك تەقاندنەوەو تالان و تێکدانی شوێنی کارەکان لە زۆربەی وولاتانی جیهان دا ، بە بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەو مانای (بێ سەرکردە ) . بە پێ ی ئەو بیرۆکەیەشیان ، کارو چالاکیەکانی نازی نوێ دەبێت جێ بە جێ بکرێن یان لە سەر بنچینە تاکە کەسیەکان وە یان کەسانی ترەوە بە هۆی گرووپە چەتە بچوکەکانیانەوە .




پەرتوکی (راوکەر ـ Hunter) و پەرتوکی (یادەوەریەکانی وەرگێڕاو (The Turner Diaries) کە لە لایەن (ویلیام پیرس) ەوە نووسراون ، دادەنرێن بە ڕێساو بنەمایەکی ڕوون بۆ تیرۆرەکانی نازی نوێ . نامیلکەی (ڕێبەری پراکتیکی شۆرشی ئاریان) کە لە لایەن بزووتنەوەی کۆمەلایەتی نیشتمانی فەرەنسیەوە داندراوە ، ئەو پەرتووکانەی سەرەوە وەکو سەرچاوەیەکی تیۆری وەرگرتووە ، هەموو ئەو زانیاریانەی لە خۆ گرتووە کە نازی نوێ داوایان دەکات ئەو نامیلکەیە بە دوورو درێژی یارمەتیدەرێکی تیرۆریستی پراکتیکیە ، کە بۆ چەند بە شێك دابەش کراوە لەوانە لە پێشەکیدا باس لە ڕێگاکانی داپۆشینی یاخود ئەنجادانی کارو چالاکیە ڕاستەوخۆکان دەکات ، وەك هەلاتن و خۆدزینەوە و غافل کوژی و تیرۆری تەقاندنەوەو گێرە شێوێنی و شەری ڕەگەزی و چۆنیەتی ئەنجامدانی کودەتاو شۆرش و یاساو ڕێساکانی جەنگ ــ ڕێکخستنەکان پەیوەستن بە ڕەفتاری سەربازەکانی هێزی ئازادکردنی ئاریانەوە ٢٧.

هەروەها ئەگەر ئەمانە هەتا ئەگەر رۆلێکی کاریگەر نەگێرن لە ناو ئەو گۆرەپانەدا ، ئەوا هەرکۆمەلێك کەس هەن کە پشتیوانی لە فاشیستەکان دەکەن و بە هۆی ئەو پەرتووکانەوە کاریگەریان تێدەکریت . بۆ نموونە پەرتووکی (یادەوەریەکانی وەرگێراو ـ The Turner Diaries ) باسی چونیەتی رێکخستنی گرووپێکی نهێنی دەکات لە دژی بارودۆخێك و لەگەلْ ئەو جۆرە چالاکیانەی کە ئەنجامیان دەدات بە هۆی بەرگریکردنیەوە ، پیاوێك کە ناوی ( جۆن ویلیام کینگ ) بوو ، پیاوێکی رەش پێستی کوشت بە ناوی ( جیمس بایرد جرد ) لە سالْی ( ١٩٩٨ ) دا بە هۆی راکێشانی بە پشتەوەی بارهەلْگر ( لۆری ) هکەیەوە ، ئەو بکوژە ئاشکرای کرد ووتی ئێمە دەمانەوێت دەست بە پەرتووکی یادەوەریەکانی وەرگێراو بکەین ٢٨.


دوای تەقینەوەی ئۆکلاهۆما لە سالْی ( ١٩٩٣ ) دا کە لە لایەن ( تیموثی ماك ڤین ) ەوە ئەنجام درا، خوێندنەوەی پەرتووکی ( راوکەر ) ی ( ویلیام پیرس ) سەرنجی راکێشابوو ، بە جۆرێك کە ( ویلیام پیرس ) بە شێوەیەکی ئاوا باسی چالاکی و کاری تەقاندنەوە دەکات کە بە تەنیا خۆی ئەنجامی دابوو . پالْەوانی ئەو پەرتووکەش پشتگیری لیْ ناکرێت لە لایەن هیچ گرووپ و رێکخراوێکەوە ، بەلاْم بە ووریایی یەوە هێرشە تیرۆرستیەکان ئەنجام دەدات بە تەنیا هەروەك ئەو هێرشەی کە ( تیموثی ماك ڤین ) کردی ٢٩.






بیروباوەڕی نازی تازە کە لەم ساڵانەی دواییدا جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە لە جیهاندا، داوا لە ئەندامەکانی دەکات کە چێژ وەربگرن لە کاری تووندوتیژی و خوێن ڕشتندا.









WELCOME TO THE KU KLUX KLAN, AMERICAN NAZI PARTY AND DAVID DUKE
BLOOD in the FACE
"FORGET 'THE SILENCE OF THE LAMBS'—
'BLOOD IN THE FACE' IS DEFINITELY THE SCARIEST MOVIE
OF THE YEAR. 'SILENCE' AFTER ALL, IS FICTION—
'BLOOD' IS FOR REAL." —NEW YORK DAILY NEWS
Aryan

## هێرشبەرەکەی ئۆکۆهۆمە سەر بە نازی تازە بوو

تاکو سیپتیمبەری ( ٢٠٠١ ) ، ترسناکترین هێرشی تیرۆرستی کە خەڵکی ئەمەریکا بینیبوویان ئەوە بووە کەکرابووە سەر یەکێك لە دامودەزگا فیدرالیەکان لە ئۆکۆهۆمە لە لایەن ( تیموثی ماك ڤین ) ، کە لە ئەنجامی ئەو هیرشە دا ( ١٦٨ ) کەس گیانیان لە دەستدا ، لە نێوانیشیان دا ژمارەیەك منداڵی تێدابوو . ئەوەی جێگای سەرسورمانیش بوو ئەوەیە کە ( تیموثی ماك ڤین ) خۆی ئەندامی هەریەك لە سیستەمی ئاینی ( پەرستگا ) وە هەروەها ئەندامی نازی تازە بوو.

( ماك ڤین ) ئاماژەی بەوە دا کە ئەو هێرشەی بۆیە ئەنجام داوە وەك تۆڵە سەندنەوە بۆ داڤید کۆریش و هاوڕێکانی کە سوتێندران تاکو مردن لە کێڵگەیەك لە ساڵی ( ١٩٩٣ ) دا.

بە پێی ووتەکانی ( ماك ڤین )، کۆریش و ئەندامە ئاینیەکانی پەرستگا بە خۆیان ، خۆیان نەکوشتووە . بەڵکو لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاوە کوژراون . بۆیە ( ماك ڤین ) بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دا لەو بارودۆخەدا ، پیلانی دارشت بۆ تەقاندنەوەی ئەو خەڵکانەی کە کاریان دەکرد لە بالاخانەیەکی فیدراڵیدا بە ناوی خۆیەوە .




*ئەو هێرشەی کە کرایە سەر ئۆکۆهۆمە لەلایەن تیمۆنی ماك ڤین بوو بە سەردێری لاپەرەی ڕۆژنامەی – تایم – ی بریتانی . ئەمە وێنەی ماك ڤینە ئەوەی بەرامبەریشی شوێنی ڕوودانی تاوانەکەیەتی...*

دوای دوو ساڵ لە تێپەڕبوونی کوشتنی کوریش و شوێن کەوتووە ئایینیەکانی ، لە ساڵیادی دووەمی ئەو ڕووداوەدا، (ماك ڤین) تێنوی کوشت و بارهەڵگرێکی پڕ تەقەمەنی وەستاند لە پێش باڵاخانەی فیدرالیەکەو ناوی چووە مێژوو . پاش ئەو هێرشەش ، (ماك ڤین) لە لایەن نازیەکی تازەوە یارمەتی درا ئەویش ناوی (تیری نیکۆلاسا) بوو . گرنگترین ڕاستی دەربارەی ناسینەوەی ئەوانەی کە یارمەتی شوێنی تەقاندنەوەکەیاندا وە لەگەڵ ئەوانەی کە دەیانزانی (ماك ڤین) دەیەوێت چ بکات ، ئەوە بوو کە ئەمانە هەموویان لە نازیە تازەکان بوون .

بە کورتی ، پێش ئەنجامدانی تەقینەوەکەی ، (ماك ڤین) نامەیەکی نارد بۆ ئاژانسی هەواڵی (بوفالۆ ـ Buffalo) کە تێیدا خۆی وەکو تەکتیکێکی ژێر پیشان دەدات لە جەنگە تەنهایی یەکەی دژی حکومەتی فیدرال . ئەم هێرشە ، کە بەرهەمی مێشکی بیزارکەر و تێکدەرە ، جارێکی دیکە ئاماژەیەکی تۆقینەرانەیە کە ئەم بزوتنەوانە چەند بزوتنەوەیەکی تێکدەری ترسناکن ، هەروەك ئێستا باسمان کردن کە دەتوانن بە سەر خەڵك و کۆمەڵگەدا ببارێن ٣٠ .



ئێستا ئیمە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی ئەو نموونانەی سەرەوەدا ، ئەوانەی کە دەستیان بە بیروباوەڕی دەجالەوە گرتووە باوەڕیان وایە کە ئەو سیستەمە بە تەواوەتی بەڵگەیە بۆ جیاوازی و ڕەگەزپەرستی لە نێوان خەڵکی کە لە سەر بنەمای ڕەگەز و زمان و نەتەوە و هەروەها ڕەفتارکردنێکی درندانەیە لە دژی ئەو کەسانە .

سەرەرای ئەمانەش ، ئەو جیاوازی و ڕەگەزپەرستیە لە نێوان نەتەوەکاندا دەگوردرێت بۆ جۆرە هەلچوونێك و دەمارگیریەك کە دەبێتە هۆی شەرو تێکدان . خەڵکی هەربەخۆیان بە تەنهایی هێرش دەکەن ئەمەش لە بەر ئەوەیە کە زمانیان ، ئاییینیان یاخود نەتەوەیان بەبێ پاساو تووشی هەموو جۆرە خەرا پەکاریەك بووە . یەکێك لە فاکتەرەکانی ئەمەش ، هەروەك بە روون و ئاشکرایی لە قورئاندا باس کراوە ، ئەوەیە کە شەیتان وێنەی ((تورەیی و دەمارگیری )) بەکارێکی باش و پیروز پیشانیان دەدات . زۆربەی ئەو گروپانەی کە لە کاتی ئیستا دا هانی کاری تیرۆرستی و تیرۆرزمەکان دەدەن ، یاخود ئەوانەی کە کاری تیرۆرستی ئەنجام دەدەن کەوتوونەتە ناو ئەو فریودانەوە ، هەروەها هێرشەکانیان سەرچاوەی گرتووە لە بارودۆخە




ڕەگەزپەرستیەکانەوە لەم ئایەتەی خوارەوەدا بە تەواوەتی دەردەکەوێت کە تا چەند ئەو هەراسان و تورەیە ڕەگەزپەرستیە بنەماکانی ئیسلام پێشیل دەکات :

" إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَـٰهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ





رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ وَأَلۡزَمَهُمۡ كَلِمَةَ ٱلتَّقۡوَىٰ وَكَانُوٓاْ أَحَقَّ بِهَا وَأَهۡلَهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمًا ﴿٢٦﴾ ﴿ س ـ الفتح ـ ٢٦ ﴾ واته : " سزای ئەوانەی کە بیٚ باوەڕ بوون لە بەرئەوەیە دەمارگیریان خستۆتە ناو دڵ و دەروونی خۆیانەوە ، کە دەمارگیری نەفامیە ، جا خوا ئارامی و ئاسودەیی دابەزاندە سەر پیێغەمبەرەکەی و سەر ئیمانداران . خوای گەورەش پابەندی خواناسی و پاریٚزگاری کردن ، ئەوان شایستەی ئەو بەهرەیەن و مەردی ئەو ڕیٚزەن ، دڵنیا بن هەمیشەو بەردەوام خوا بە هەموو شتیٚک زاناو ئاگایە " .

نەتەوەو خەڵکی جیاوازو جۆربەجۆر لەم دنیایەدا دروست کراون بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤ یەکتری بناسن و پەیوەندیەکی باش لە نیٚوانیاندا هەبیٚت نەك ببن بە دوژمنی یەکتری .

لە قورئانی پیروز دا ، پەروەردگار ئاماژەی کردووە بەوەی کە بیرو باوەری ((خۆبەگەورەزانی نەتەوە)) کە دەبیٚتە هۆی دروست بوونی کەش و هەوای تیرۆر کە لەلایەن دەجالەوە پەسەند و خوازراوە ، بە تەواوەتی هەڵەیە . تەنها ڕەفتارو خوڕەوشتی باش و جوان ، نەتەوە و داب و نەریت و تاکە کەسەکان باشترو بە ڕیٚزتر دەکات . بیٚگومان گرنگ نیە کە خەڵکی سەر بە کام هۆزو نەتەوەن ، یان بە کام زمان قسە دەکەن و دەدویٚن ، یاخود ڕەنگی پیٚستیان چۆنە .

هەوڵدان بۆ خستنە پاڵی خۆ بە گەورەزانی و باشی کە لە سەر بنەمای بەهاو ڕیٚز و هەستی شاردراوەی ڕق لیٚ بوونەوە بەرامبەر نەتەوەکانی تردا ، ئەوە لە بەرهەمی بیرو باوەری دەجالە. ئەمەش هەرئەوەیە کە پەروەردگار باسی کردووە کە چۆن جیاوازی و ڕەگەز لە نیٚوان نەتەوەکاندا ئامرازیٚکە بە هۆیەوە دەتواندریٚ هاوریٚیەتی و کەلتور و داب و نەریت بگۆردریٚتەوە و بە دەست بهیٚندریٚت ، باشی و خۆبەگەورەزانی تەنها لە سەر بنەمای خواناسی و لە خوا ترسی دامەزراوە ، بە مانایەکی تر لە سەر ئیمان و ڕەفتاری جوان دامەزراوە :

" يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَـٰكُمۡ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴿ س - الحجرات ـ ١٣ ﴾. واته : " ئەی خەڵکینە بیٚگومان ئیٚمە هەمووتانمان لە نیٚرو میٚیەک دروست کردووە و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆر بەجۆر و تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بیٚت بە یەکەوە ، بە ڕاستی بەریٚزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خوا ترسە و فەرمانبەرداری خوایە ، بیٚگومان خوا زانا و ئاگایە بە هەمووان " .

## شەیتان پەرستی ... تیرۆری شەیتانە

شەیتان پەرستی ئایدەلۆژیایەکی گومراکەر و لادەرە کە نەریتی بیروباوەڕەکەی دروستکردنی کاری توندوتیژی و دڕەندەییە. شەیتان پەرستەکان ئەوانەن کە وەسفی خۆیان دەکەن بەوەی کە کاروکردەوەی نا مرۆڤانەو دڕندانە ئەنجام دەدەن و بەکاری پەرستنی لەقەڵەم دەدەن.

کاتێك ووشەی شەیتان پەرستی باسی لێوەدەکرێت، زۆربەی خەڵك تەنها بیر لە عەقڵی ( دەروونی ) فراوانی شەیتان دەکەنەوە کە کاریگەری هەیە لە سەر گەنجەکاندا، دایدەنێن بە جۆرێك لە جۆرەکانی بزوتنەوەی سۆفیگەری ( ڕۆحانیەتی ) بێ بەها. هەروەها بەهۆی کاریگەری میدیاکانیشەوە خەڵکی بیر لە شەیتان پەرستەکان دەکەنەوە وەکو کارکەرێکی نەریتی سەیر کە بە زۆری وەکو خەڵکی ئاسایی و هێمن و جێگیر نیە. ڕاستە کە شەیتان پەرستەکان بەشێکن لە کەلتوری توندوتیژی و کارکەری سەیر و نەریتی تۆقێنەر، بەڵام ئەوەی زۆربەی خەڵکی نەیان توانیووە بیبینن ئەوەیە کە شەیتان پەرستی ئایدەلۆژیایەکی ماددی و بیری یە کە پشتیوانی لە کاری توندوتیژی دەکات و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٠٠ . ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئایدەلۆژیایە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە شوێنکەوتوانی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا.

بنەما و سیفەتی سەرەکی شەیتان پەرستی ئەوەیە کە هەموو بەها و ڕێسا ئایینیەکان ڕەتدەکاتەوە، شەیتان وەکو ئایینی خۆیان دادەنێن و دەزانن، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە دۆزەخ جۆرێکە لە ڕزگاربوون. بە پێی بیروباوەڕی شەیتان پەرستی، خەڵکی هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتیەکیان لە ئەستۆدا نیە، بەلکو بەشێکن لە شوێنکەوتووی حەزو ئارەزووە تایبەتیەکانیانەوە. جا ئەگەر ئەو حەزو ئارەزووەشی بووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە بەرەو توندوتیژی و ڕق و تۆڵەسەندنەوە و فێڵ و دزی و ئازاردان و بگرە کوشتنیش ببات، ئەوە کارێکی ڕێگا پێدراوەو قبووڵە. ئەو بنەماو ڕێسا ژیرانەی کە شەیتان پەرستی پشتی پێدەبەستێت، بۆ پشتیوانی کردن لەو بیروباوەڕانەدا، ئەوەیە بانگێشەی بۆ دەکات کە دوور کەوتنەوە لە کاروکردەوەی خەراپ جۆرێکە لە دووڕوویی و ناپاکی. بە مانایەکی تر، ئەو بیروباوەڕە گومڕاو شێواوە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر حەزو ئارەزووی کەسێك هانیدا بۆ کوشتنی کەسێکی تر و ئەگەر ئەو کەسەش ڕەفتارەکانی خۆی ئەنجامدا بە پێی ئەو پاڵنەرانەوە، ئەوە ئەو کەسە بە شێوەیەکی باش و جوان ڕەفتارەکانی خۆی ئەنجام داوە.



کاره چاکەکانی وەك خۆشەویستی و ئاشتبوونەوە و ئارامی و لێبووردەیی کە لەلایەن زۆربەی خەڵکیەوە بە کاری پڕ بەهاو ڕێز دادەندرێت و بەشێکە لە ڕەفتاری ڕاستەقینە،کەچی شەیتان پەرستەکان ڕقیان لێدەبێتەوە. ئەو بیروباوەڕە گومڕایەش ئاماژە بەوە دەکات کە نابێت هیچ سنور و سانسۆرێك هەبێت بۆ کاروکردەوەی خەراپ و هەستەکانی وەك ڕق لێبوونەوە و دەمارگیری و تۆڵەسەندنەوە. لە ماددەی پێنجەمی ئینجیلی شەیتانیدا، کە بە شێوەیەکی گشتی بە بنەمای پەرتووکی شەیتان پەرستی دادەندرێت، ئاماژە دەکات بەوەی کە لەجیاتی بنەما ئینجیلیەکانەوە دەڵێت :


" بۆ ئەو کەسەی کە هێرش دەکاتە سەرت، پێی بڵێ کە شەیتان تۆڵەت لێ دەسێنێتەوە لە جیاتی ئەوەی ڕوو لە هێرشکردنە سەری بکەیت " لە شوێنێکی تری هەمان ئەم پەرتووکەدا ئەو ووتەیەی خوارەوە دەبیندرێت :

" پڕ بە دڵ ڕقت لە دوژمنەکانت ببێتەوە، وئەگەر یەکێك بە سەبری شەقەزللەیەکی لە ڕوومەتێکدا، ئەوە زۆر بە تووندی شەقەزللەکەی لە ڕوومەتەکەی تری بدەوە "؛ ٣١ .

بە پێی ئەو بیروبۆچون و بیرکردنەوانەش، دەردەکەوێت کە مەحاڵە ڕێ لە هەر جۆرە کارێکی خەرا پدا بگیردرێت. بێگومان ئەو جۆرە بارودۆخەش دەبێتە هۆی گێرەشێوێنی و کاری تووندوتیژی. هەروەها مەحاڵە گفتووگۆ بکرێت دەربارەی یەکسانی و ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایش و لێبوردەیی و ئاشتبوونەوە لەهەر کۆمەڵگایەدا کە خەڵکی تێیدا گوێ بە دەنگی ویژدانی خۆیاندا نادەن. وبەم جۆرەش، ناتواندرێت باش و خەراپ لە یەکتری جیا بکرێتەوە، هەروەها ناتواندرێت ویست و ژیری ( حکمەت ) خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە. لەم جۆرە کەش و هەواو و بارودۆخەشدا، ئەوانەی کە هەستی تووڕەیی و دەمارگیریان هەیە بەرامبەر کەسانی دیکە، ناتوانن ئەو تووڕەیەی خۆیان دەم کووت بکەن و بیکوژێننەوە و بە شێوازێکی سەردەمیانە ڕەفتاربکەن، بێگەمان ئەگەر بارودۆخەکە وای لێهات، ئەوە بە دوای تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن. هەروەها لە کاتی ناچاری و هەژاریشدا لە جیاتی ئەوەی ئارام بگرن و هەوڵبدەن بۆ بەدەستهێنانی پێداویستیەکانیان بە ڕێگایەکی شەرعی و شیاو، کەچی ئەو خەڵکە پەنا بۆ کاری دزی و جۆرەکانی تری کاری تاواندا دەبەن. شەیتان پەرستیش بەڵگەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە.



ئەو جۆرە کۆمەڵگایەی کە لەلایەن ئایدەلۆژیای شەیتان پەرستیەوە ڕێنموویی دەکرێت، ئەوە دان بە هیچ یاساو سنورێکدا نانێت. ئاوات و ئامانجیشی بریتیە لە دەربڕینی ئارەزوو و کارە خەراپە خۆپەرستەکانی. ئەنتۆن لاڤی ( Anton Lavey ) لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی ( ئینجیلی شەیتانی )، کە بە دامەزرێنەری شەیتان پەرستی سەردەم دادەندرێت، ڕێنمووییی بۆ شوێنکەوتووەکانی دەکات کە بەهۆیەوە بژین و هانی کاری شەڕاوی دەدات چونکە زۆر دڵخۆشن بەو کارانەوە. لە چاوپێکەوتنێکدا لاڤی دەڵێت :


ئەنتۆن لاڤی و پەرتوکەکەی

" من پێم وایە کە یاسا بۆ ئەوە دەرکراوە تاوەکو پێشێل بکرێت... من وا دەبینم کە هیچ کارێکی هەڵە نیە گەر بێتو یەکێك دزی بکات لەسەر شەقامدا "؛ ٣٢ .

بێگومان ڕەتکردنەوەکانی شەیتان پەرستی بۆ دان پێنەنان بە یاساکانەوە لەو ئاستەدا ناوەستێت. خەڵکی تەنها خۆیان و ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەریاندا دەژین ئەزیەت و ئازار نادەن، بەڵکو نەیاری و دەمارگیریان ڕاستەوخۆ بۆ هەموو کەسێکە. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو ڕەتکردنەوەیان بە دان نەنان بە یاساکانەوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە کاری توندوتیژی ببێتە بەشێکی سەرەکی لە ژیانیاندا.

بە پێی ئایدەلۆژیای شەیتان پەرستان، توندوتیژی ڕاستیەکی سروشتیە، بۆیە دەرباز بوون لێی مەحاڵە. کەواتە ئەو بۆچوونە شێواوە دووپاتی دەکاتەوە کە بە تەواوەتی ڕێگا بە خەڵکی دەدرێت بۆ ئەوەی پەنا بۆ کاری توندوتیژی ببەن. هەر کاتێك کەسێك هەوڵ بدات بۆ قەدەغەکردنی یاخود کەمکردنەوەی ئەو توندوتیژیەی کە بە توندوتیژی سروشتی ناسراوە، ئەوە هەموو هەوڵەکانی بێئاکام دەبێت و هەوڵەکانیشی بە ناماقوول لەقەڵەم دەدرێت.

کەواتە هەروەك بۆمان دەرکەوت، شەیتان پەرستی بە تەواوەتی بیروباوەڕێکی ناماقوول و خەراپی هەڵگرتووە کە خەڵکی پێ هاندەدات بۆ ئەوەی ببن بە دوژمنکار و کاری کوشتن و سەربڕینی بە کۆمەڵ ئەنجام بدەن. بە تایبەتی لە وولاتی ئەمریکادا، کەسە ئەکادیمیەکان ئەو شەیتان پەرستیەیان دامەزراندووە کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری نەتەوەیی، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێك هەنگاوی پتەو پێویستیان گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. یەکێك لەو کەسە ئەکادیمیانەش ناوی کارڵ ڕۆزچیك ( Carl Roschke )ە. لە زانکۆی دێنڤەردا ( Denver University ) دووپاتی گرنگی ئەو بابەتەی کردۆتەوە بەو ووتانەی کە دەڵێت : " ئێمە بەڕاستی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێگا ئایدەلۆژیە شەیتانیەدا دەکەین کە بۆتە بنەمایەك بۆ تیۆری ناوخۆیی "٣٣. کارڵ دەڵێت گرنگترین هەنگاو بۆ هەڵگیرساندنی شەر دژی شەیتان پەرستی ئەوەیە کە دەبێت ڕوونبکرێتەوە کە شوێنکەوتووانی شەیتان پەرستی داد پەروەر نین. بەڵام کاتێك سەیری تاوانەکانیان دەکرێت، ئەوە دەتواندرێت کەسێك داد پەروەری بزانێت کە چەند بە ئازارە، ئەو کەسەیە کە بانگەشە بۆ بوون بە شەیتان پەرستی دەکات ٣٤.

گومانی تێدا نیە کە گرنگترین شەڕ دژی ئەو جۆرە بزووتنەوانە ئەوەیە کە دەبێت شەری ئایدەلۆژیایان لەگەڵدا بکرێت. بارودۆخەکە ئەمەیە کە ئێمە دەبێت بیزانین کە بیروباوەڕی شەیتان پەرستی لەسەر کام بنەما دامەزراوە.


## داروینیزم بنەمای ئایدەلۆژیای شەیتان پەرستیە

یەکێك لەو ڕێگا هاوبەشانەی کە شەیتان پەرستەکان بە زۆری بەکاری دەهێنن بۆ وەسف کردن و خۆناساندنی خۆیان لە پەرتووك و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا، ئەوەیە کە ئادەمیزاد بە جۆرە " ئاژەڵێکی گەشەکردوو " لەقەلەم دەدەن و دووپاتی دەکەنەوە کە " تەنها گونجاوترینیان دەتوانن ڕزگاریان بێت و لە ژیاندا بمێنێتەوە ". ئەمەش گرنگترین بەڵگەیە کە دووپاتی دەکاتەوە داروینیزم لەسەر قووڵترین بیروباوەڕەکانی شەیتان پەرستەکاندا دامەزراوە. لە ڕاستیدا زۆربەی شەیتان پەرستەکان نیگەران نین بۆ دان پێنەنان بەو ڕاستیانەدا. لە وەسف کردنی شەیتان پەرستیشدا، شەیتان پەرستەکان بەم جۆرەی خوارەوە وەسفی بیروباوەڕەکەیان دەکەن :

"..... پێش هەموو شتێك، ئادەمیزاد ئاژەڵێکی کۆمەڵاتیە ... مرۆڤ و گیانەوەرەکان لەڕووی بایەلۆجیەوە بەشدارن لە سەرچاوەیەکی هاوبەشدا. شەیتان پەرستی ئەو بیروباوەڕەیە کە مرۆڤ بە هیچ شتێك نازانێك کە لەسەروی ئاژەڵەوە بێت، ئێمە شوێنێکی تایبەتیمان نیە لە دروستبووندا تەنها ئەوە نەبێت کە بەخت یاوەرمان بووە بۆ مانەوە لە ژیان و گەشەکردنماندا ..... "٣٥ .

لە بڵاوکراوەیەکی تری شەیتان پەرستەکانەوە بە ناوی " کلێسەی شەیتان " وەسف کراوە کە چۆن شەیتان پەرستەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ جۆرە ئاژەڵێکی گەشەکردوو بووە :

" هەر لەو کاتەی کە شەیتان پەرستەکان پاڵپشتی لە قبووڵکردنی مرۆڤ دەکەن وەکو ئاژەڵێك، ئەوە کۆمەڵێك دروست کراو هەن لە زۆربەی کەلتورەکانی ڕابردوودا کە ئەو زانیاری و بۆچوونانە لە باوەش دەگرن و دەیدۆزنەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەیدا، بۆیە ئێمە بە دوای ئەو دەربرینە فەلسەفیە هونەریەدا دەگەڕێین و پێمان وایە کە دەبێت ببێت بە سەرچاوە و ڕەگ و ڕیشەی ووشیاری ئێستاماندا " ٣٦ .




کەواتە لەو دەربڕینانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە شەیتان پەرستی بە بیردۆزی داروینیزم دادەندرێت، کە پێی وایە مرۆڤ لە ئاژەڵەوە ڕزگاری بووە و گەشەی سەندووە وەکو سەرچاوەیەك بۆ ئایدەلۆژیا تایبەتیەکەی کە بریتیە لە " هۆشیارکردنەوە ". لە سەرەتای ئەو چاوپێکەوتنەدا کە لەگەڵ ئەنتۆن لاڤی ئەنجام درا لە ڕۆژنامەی ( م.ف مەگەزین MF Magazine ) کە بەم جۆرە باس لە پەیوەندی نێوان شەیتان پەرستی و داروینیزم دەکات :

" لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ دا، ئەنتۆن لاڤی بیردۆزی داروینیزمی کۆمەڵایەتی بە تێگەیشتنێکی سادەوە پێشخست، و بیرکردنەوەیەکی پۆزەتیڤانەی بەهێزی هێنایە کایەوە بۆ بەرەوپێشبردنی تاکەکەسەکان کە بەدوای خوا پەرستی و ڕەفتارە ئاوساویەکانی مەسیحیەتەوە دەگەڕێن " ٣٧.


دادوەر پیتەر گیلمۆر ( Peter H. Gilmore ) کە قەشەیەکی کەنیسەی شەیتان بوو بەم شێوەی خوارەوە باس لەو بیروباوەڕە شێواوە دەکات:


" با ئێمە سەیری شەیتان پەرستی هاوچەرخ بکەین و بزانین بەڕاستی ئەمە چیە : بیروباوەڕی ئایینی دڕندەیی و دارینیزمی کۆمەڵایەتی بە دوای دووبارە دروست بوونەوەی فەرمانڕەوایەکەیدا دەگەڕێت کە توانای بەسەر گەمژەییدا هەبێت، توانای دادپەروەریەکی خێرای هەبێت بەسەر نا دادپەروەریدا، بە شێوەیەکی فراوان بیروباوەڕی یەکسانی ڕەت دەکاتەوە وەکو بیرۆکەیەك کە پەکی کەوتووە لە پێشخستنی چەشنەکانی ئادەمیزاد لە ماوەی دوو هەزار ساڵی ڕابردوودا" ٣٨.

بێگومان ئەو بیروباوەڕە دادپەروەریەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەی بۆکراوە، هەرگیز وەك ئەو بیروباوەڕە دادپەروەریە نیە کە ئێمە پێی دەزانین کە دەبێت وابێت، ئەوەی ئێمە پێمان وایە ئەوەیە کە دەبێت لەسەر بنەماکانای یەکسانی دامەزرابێت. ئەو بیروباوەڕەی سەرەوە، بیرۆکەیەکی شەیتان پەرستیە، و لەباسی داهاتوودا بۆمان دەردەکەوێت و باسی دەکەین کە ئەمە بیروباوەڕێکە هەموو کەس وا لێدەکات و هانیان دەدات کە خۆیان پێ گەورەتر بێت لە ئەوانی تردا بۆ ئەوەی دەست بەسەر هێز و مافەکانیاندا بگرێت و داگیریان بکات.

ڕێگای شەیتان پەرستی بەشداری لە کۆمەڵێك کاری هاوبەش دەکات لەگەڵ داروینیزمی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی بە باشتر و چاکتر دەزانێت لەوانی تردا، ئەمەش بۆتە هۆی خەراپەکاری لە نێوان ئەوان و ژمارەیەك لە بزوتنەوە ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنیەکاندا، بە تایبەتیش فاشستەکان. یەکێك دەتوانێت کۆمەڵێك کەسانی تر بدۆزێتەوە لە وانەی کە باوەڕیان بە شەیتان پەرستی هەیە وەکو ئەوانەی لە ڕیزەکانی سۆسیالیستی نەتەوەیی هیتلەر و کراس ڕەشەکانی مووسۆلینی. ئەنتۆنی لاڤی ئاماژەی بەو هاوکاریکردنە کردووە و دەڵێت :

" ئەمە هاوپەیمانیەتیەکی ناپیرۆزە. لە ماوەی ڕابردوودا چەندەها خەڵکی جۆراوجۆر پەیوەندیان لەگەڵ ئێمەدا بەستووە. هێزی دەجالی سۆسیالیستی نەتەوەیی ئەڵمانیا بەشێکە لە کارتێکردنی شەیتان پەرستەکانەوە، دڕاماو ڕۆناکی کە بە یەکترەوە بەستراون هەزارەها خەڵکیان هانداوە "٣٩ .



داروینیزم زەمینەیەکی بنەڕەتی هاوبەشە لە نێوان ئەو مەیل و ئارەزوانە و شەیتان پەرستەکانەوە. داروینیزمی کۆمەڵایەتی، کە دەچێتە ناو دڵی هەموو ئەو ئایدەلۆژیا گومڕاکەرانەوە، لەلایەن شەیتان پەرستەکانەوە بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی کراوە :

" بنەماکانی ڕزگار بوونی هێز و توانا لایەنگیری لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگادا دەکات، بە هۆیەوە ڕێگا بە تاکەکەسەکان دەدات تاکو ڕابوەستن یاخود بکەون هەتا ڕێگا بەو گەلانەش دەدات کە ناتوانن دەست بە خۆیانەوە بگرن لە ئەنجامی نەتوانینیاندا ... ئەوە پەیوەندیەکی کەم بوونەوە هەیە لە ڕێژەی دانیشتوانی جیهاندا چونکە لاوازو بێهێزەکان ڕێگایان پێدراوە بە ئەزموونی دەرئەنجامەکانی داروینیزمی کۆمەڵایەتیدا. بەم پێیەش، سروشت هەموو کات کاری کردووە بۆ پاککردنەوە و بەهێزکردنی منداڵەکانیان ... ئێمە ڕاستی لە باوەش دەگرین و هەوڵ نادەین بیگوازینەوە بۆ شتێکی نموونەیی کە پێچەوانەی پێکهاتەی هەبوون ( دروست بوون ) بێت "٤٠ .

هەروەها دەربڕینێکی تری شەیتان پەرستەکان کە پەیوەندی بە داروینیزمی کۆمەڵایەتیەوە هەیە ئەوەیە کە هاوکاری و پشتیوانیە زیانبەخشەکەیانە بۆ بیردۆزی خانە، کە خۆی لە خۆیدا بەرهەمی فاشستەکانە. بیردۆزی خانە ئاماژە بەوە دەکات کە نەخۆش و پەککەوتەکان پێویستە لە ناو کۆمەڵگادا لەناو ببردرێن، و ژمارەی تاکە کەسە ساغەکان زیاد دەکات بەهۆی بەرهەمهێنانی نەوەی تازەوە. ئەم بیردۆزە بە شێوەیەکی دیارو ئاشکرا لەلایەن نازیەکانی ئەڵمانیادا جێبەجێکراوە. بە پێی بیردۆزی خانەش، بە هەمان شێوە، مەرو ماڵاتی ئاژەڵی تەندروست و ساغ بەرهەم دەهێندرێت بەهۆی زاوزێکردنی بوونەوەرە لەش ساغ و تەندروستەکانەوە، هەر بەم ڕێگایەش ڕەگەزی ئادەمیزاد گەشە دەسێنێت و باش دەبێت. ئەو تووخم و ڕەگەزانەی وەك ( نەخۆشەکان و پەککەوتەکان و کەم ئەندامە عەقلی و بێهۆشەکان و ... هتد ) بەربەست و لەمپەر دادەنێن لەبەردەم ئەو جۆرە باشبوونەدا پێویستە ئەمانە هەموویان قەڵاچۆبکرێن. هەر لەو کاتەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە وەرگیراو لەلایەن نازیە ئەڵمانیەکانەوە، هەزارەها خەڵك کە نەخۆشی کەم عەقلی و بێهۆشیان هەبوو بە شێوازێکی دڕندانە کوژران.



هەروەها شەیتان پەرستەکانیش هەمان ئەو بیٚ بەزەییە ترسناکە بە کارێکی باش دادەنێن. لە بڵاوکراوە تایبەتیەکاندا، ئەو بیروبۆچوونەی کە لەسەر بیردۆزی خانەدا هەیانە ئاشکرای دەکەن و دەردەکەوێت کە : " شەیتان پەرستەکان بە دوای دەست بەسەرداگرتنی یاساکانی سروشتدا دەگەڕێن بەهۆی تەرکیز کردنە سەر هاندانی پەیڕەوکردنی خانەکانەوە ... ئەمەش پەیڕەوکردنی هاندانی

خەڵكە بە تواناو بەهرەدارەكانە بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوە بۆ دەوڵەمەندكردنی كۆمەڵێك خانە ( چین ) كە بەهۆیەوە بوونەوەرەكانمان دەتوانن گەشە بكەن و پێش بكەون. ئەم بیرۆكەیە لە هەموو جیهاندا پەیرەوكراوە ... تا ئەو كاتەی كە كۆدی خانە درزی تێكراو شكا، و ئێمە توانیمان بە ویست خۆمان سیفەتی وەچەو نەوەكانمان هەڵبژێرین، شەیتان پەرستەكانیش بەدوای زاوزێكردنێكی باش لەبۆ باشتردا دەگەڕێن "٤١ .


## ڕێچكەی خەراپی شەیتان پەرستی


نەریت و ڕێچكە خەراپەكانی تر كە لەلایەن شەیتان پەرستەكانەوە ڕەفتار و پەیرەو دەكرێت، بە بیری خەڵك دەهێندرێتەوە لەو كاتانەی كە ناوی شەیتان پەرستی دەهێندرێت. بەڵام زۆربەی خەڵكی باوەڕیان وایە كە ئەمە تەنها دروستكردنی بیرۆكەیەكە لە فلیمێكدا پیشان دەدرێت، هیچ شتێكی ڕاست نیە كە لە ژیانی ڕۆژانەدا ( ڕاستەقینەدا ) ڕوویدات. كەچی ئەو دیمەنە خەراپ و قێزەوونانەی كە ئێمە لە فلیمەكاندا دەیان بینین، ئەوە لە ڕاستیدا بەشێكن لە ڕەفتار و نەریتەكانی شەیتان پەرستان.


ئامانی سەرەكی لە ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانەشدا ئەوەیە كە پەیوەندی لەگەڵ شەیتاندا ببەستێت و تەكنیكەكانی لێ وەربگرێت و فێری ببێت. جا بۆ ئەوەی بزانین كە تا چەند ئەو ڕێچكە شەیتانیە گرنگە بۆ شەیتان پەرستەكانەوە، دەبێت چاوێك بخشێنین بە پەرتووك و سایتە تایبەتیەكانیان كە بۆ ئاماجەكانیان بەسن. سیفەتی هاوبەشی ئەو بڵاوكراوانەش ئەوەیە كە ڕێگا چۆڵە داندراوەكان تەرخان دەكەن بۆ پەست و تاریكی بابەتەكانیان و سوورن لەسەر گرنگی پێدانی نەریت و ڕێچكەی ڕەشیان. لە یەكێك لە سایتە شەیتان پەرستیە ناسراوەكاندا، كە جۆرەها پەیامی هەڵگرتووە بۆ ئەوانەی كە لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیدان، كە ئەمەشیان بە گەورەترین سایتیان ناسراوە، دووپات لەسەر یەكێك لە ڕەگەزە سەرەكیە شەیتان پەرستیەكان دەكاتەوە و ئەو كەسانەش كە ناتوانن ئامادەی ڕێوڕەسم و ئاهەنگی گرووپەكە بن، دەبێت ئەو ئەركە لەسەر شانی خۆیاندا هەڵبگرن و بەخۆیان خزمەتەكە بكەن. ئەو خزمەتەش كە كەسانی گەنجی پێ ڕێنموویی كراوە بۆ ئەنجامدانی ئەوەیە كە پێیان دەڵێن كە :

" بێزار مەبە،مەترسە و بیرمەكەوە كە تۆ شێتیت كاتێك كە هەست دەكەیت پەیوەندیت گرێداوە لەگەڵ گرووپە ڕەشەكاندا ... نزیك بكەوە لە ڕێچكە ڕەشەكەلەگەڵ ئەو كەسانەی كە لە پلەی ڕێز و ڕەفتار باشیدان، ئەمە ئەو ڕێچكەیەیە كە ئاماناج لێی دامەزراندن و دروست بوونی پەیوەندیە ... پێویستت بە هەموو زانیاریەك نیە كە لە پەرتووكەكانی د.لاڤۆیدا هاتووە بۆ ئەوەی ڕێچكەكەت كاریگەر بێت. لە وانەیە تۆ پارەت نەبێت بۆ ئەوەی ئەو پەرتووكانەت پێ دەست بكەوێت، یانیش شوێنی تایبەتیت نەبێت بۆ ئەوەی هەڵیان بگریت، بابەتەكانی وەك شمشێر و كووپە و ڕۆبی ڕەش و پلەی شەرەفی و مێزە درێژەكان وان. ئەمانە ڕێچكەی بەهێزن كە تۆ دەتوانیت ئەنجامیان بدەیت ... مۆمەكە دابگیرسێنە و لە پێش خۆتی دابنێ ... كاتێك بە ووردی سەیری گڕی مۆمەكەت كرد، لە بیری خۆتدا بە هێمنی بڵێ : من ئامادەم ئەی گەورەی ڕەشم. هەست دەكەم هێزی تۆ لەمن دایە و هیوای شكۆیی بۆ تۆ دەخوازم لە ژیانمدا. من یەكێكم لە شەیتانە تایبەتیەكان. ئەی شەیتان !... ئەمە ڕێگایەكی سادەی جادووكەری شەیتان لە ژیانی تۆدا "٤٢.








ئینتەرنێت بۆتە یەکێك لە شەیتانەکان . بە زۆری وەکو هۆکارێکی پروپاگەندە بەکاری دەهێنن. لەم ماڵپەرانەدا دەردەکەوێت کە گەنجان هێرش دەکەنە سەر جیهانی تاریکی لە کاتێکدا ئەمان مێشکیان شوردراوەتەوە بۆ ئەنجامدانی کاری تووندوتیژی وە هەروەها هاندروان کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەیتان بکەن و بەشداری لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و شێوەکانی تری کاری دڕەندەیی دەکەن:








کەسێك دان بە گومڕاکردن و بێ ڕەوشتی و دڕەندەییەکەیدا دەنێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت کە شەیتانی وەکو ڕێنمایکەری خۆی بزانێت. بۆ شەیتان پەرستەکانیش، ئەم کارانە لەلایەن خودی شەیتانەوە دەهێندرێن، بۆیە دەبێت دەستیان پێوە بگیرێت. شەیتان پەرستەکان، ئەوانەی دەستیان بەم کارانەوە گرتووە، تووشی شێوازەکانی گومڕاکەری ڕەگەزپەرستی و ئازاردانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان دەبن، هەروەها کاری قێزەوونی تر ئەنجام دەدەن وەکو خوێن مژینی بوونەوەرەکان یاخود ئەو خەڵکانەی کە دەیان کوژن. لە زۆربەی وولاتانی جیهاندا، ئەو گەنجانەی کە خۆیان بە شەیتان پەرستەکان لەقەلەم دەدەن، دستەو تاقم و کۆمەڵە بێ هۆشکەرەکان لە خۆ دەگرێت کە هەموو جۆرەکانی کاری بێڕەوشتی و گومڕایی ئەنجام دەدەن، بە زۆریش ئەم کارانەیان بە کوشتنی یەکێك لە ئەندامەکانیان کۆتایی پێدێت لە ژێر ناوی شەیتانەکانەوە.

ئەو ڕێگایەی کە شەیتان پەرستەکان گرتوویانەتەبەر زۆر گرنگە بۆ خوێن ڕژتنی ڕێچکەکەیان، ئەوە نموونەی پیلانێکی بچووکە لە پیلانەکانی شەیتان کە بۆ ئادەمیزاد دایان ڕژتووە. ڕقیان لە مرۆڤەکان دەبێتەوە، دەیانەوێت ئەو ناخۆشی و ئازارانەیان بەسەردا بێنن گەر بۆیان بکرێت. بۆیە ئامانجیان ئەوەیە کە جیهان دا پۆشن و پڕی بکەن لە خوێن ڕژتندا. ئەو بیروباوەڕە دەجالیەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، وەکو فاشیزم و ڕەگەزپەرستی و کۆمیۆنیزم، هەموویان خزمەت بە ئامانج و بەرژەوەندیەکانی شەیتان دەکەن. هەموو ئەو شەڕ و سەربڕین و کوشتن و کارە تیرۆریستیەکان و ئەوانەی کە پەیوەندیان بەو کارانەوە هەیە و هەروەها بیروباوەڕە بێدینەکانی تری وەك ئەمانە، هەموویان " کۆکراوەی شەیتانین " کە ئامانج لێیان تێرکردنی ئارەزووەکانی شەیتانە بۆ خوێن ڕژتن.

ئەو کەسانەی کە بە ئاشکرا خۆیان بە شەیتان پەرستەکان لەقەلەم دەدەن، ئەوانەن کە کاری خوێن ڕژتن ئەنجام دەدەن وەکو کارێکی پەرستن. ئەوانەی کە هانی کاری تیرۆر و تێکدان دەدەن لەم دنیایەدا ئەوە بەڕاستی هەمان ئەو ڕێچکە و نەریتە جێبەجێدەکەن بە شێوازێکی زۆر نەهێنی بەلاَم بە شێوازێکی زۆر بلاَو و فراوان کە بتواندرێت ئەنجامی بدەن. بە کورتی، ئەو شەیتان پەرستیە و بیروباوەرە دەجالیە لەلایەن شەیتانەوە دامەزێندراوە بۆ ئەم جیهانە کە ئەو کەسانەی تێدا بەکار دەهێنێت کە ئامادەی کردوون بۆ ئەوەی وەریان بگێڕێت، و هەوڵ دەدات بۆ وەرگێڕانی ئەم جیهانە بۆ گۆڕەپانێکی دڕندانە.

## شەیتان پەرستی ئەو ئایدەلۆجیایەیە کە پێشتر تێکشکێنراوە

پێویستە بیرۆکە تایبەتیەکانی شەیتان پەرستەکان لەبەرچاومان بگرین کاتێك دەزانین کە هەڕەشەکان لەلایەن ئەوەوە بۆمان دەنێردرێت. کاتێك پرسیار لە شەیتان پەرستەکان کرا دەربارەی ژمارەیان کە چەندن، لە وەڵامدا گووتیان ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە شوێنکەوتووانیان هەیە چونکە زۆر خەڵك هەن کە بەڕاستی بە هۆی بنەماو بیردۆزەکانی شەیتان پەرستەوە دەژین و باوەڕیان پێی هەیە بەبێ ئەوەی ئاگاداری ڕاستیەکان بن. هەر لەبەر ئەمەشە کە بارودۆخەکە وای لێهاتووە. زۆربەی خەڵکی، جا بە هۆشیاریانەوە بێت یاخود نا، بەشداری لە بیروبۆچوونەکانی شەیتان پەرستەکاندا دەکەن. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەو کەسانە ڕەتی دەکەنەوە گوێ لە دەنگی ویژدانی خۆیاندا بگرن یاخود ڕەتی دەکەنەوە لەگەڵ ڕەفتار و خووڕەوشتە چاکەکاندا بژین، بۆیە ئەو کەسانە بە دوای حەزو ئارەزووەکانی خۆیاندا دەکەون، وەکو ئەوە وایە کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی شەیتان دەبن. کاتێك کەسێك باوەڕی وایە کە هەموو ئەو تێکدان و کارەساتانەی کە تا ئەمرۆ ڕوویان داوە بەهۆی کاری شەیتان پەرستەکانەوەیە، ئەوە بە تەواوەتی ئاشکرایە کە چ بارودۆخێکی ناخۆش و دژوارە لەو کۆمەڵگایەی کە ئەو جۆرە خەڵکانەی لێپێك هاتووە، دەیانەوێت کۆتایی بەو کۆمەڵگایە بهێنن تاکو خۆیان بمێننەوە تێیدا.

ئەو بانگەشەیەی کە دەڵێت ئادەمیزاد جۆرە ئاژەڵێك بووە، کە لە ڕاستیدا شەیتان پەرستەکان ئەو بیرۆکەیان دامەزراندووە، ئەوە جگە لە ووتەیەکی پووچ و بێمانا هیچی تر نیە. ئادەمیزاد لە ئەنجامی " دەرفەتی کوێر Blind Chance" نەهاتۆتە کایەوە و دروست نەبووە. دروستکەری مرۆڤ و ڕێکخستنی و سیستەم و بەرزی و شکۆیی تەواوی ئەم جیهانە، ئەوە بەڕاستی بەهۆی هێز و دەسەڵات و پلەو پایەی زانایی پەروەردگارە کە هەرگیز بێهێزو لاواز نیە بۆ هیچ شتێك. پەروەردگار مرۆڤی دروستکردووە بە هێزو توانایەك کە بتوانێت بیربکاتەوە و هۆکارەکان شیبکاتەوە بۆ ئەوەی جیاوازی بکات لە نێوان چاکەو خەراپەدا یاخود ڕاست و چەوتدا، هەروەها دروستی کردووە بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی بکات بەرامبەر دروستکەرەکەی. هەموو تاکەکەسێك خودی خۆی هانیدەدات و فەرمانی پێدەدات بۆ ئەوەی کاری خەراپە ئەنجام بدات، بەڵام ویژدانی دەیپارێزێت لەو جۆرە کارانەدا و فەرمانی پێدەکات کە لێیان دوور بکەوێتەوە. ئەرکی مرۆڤەکانە کە گوێ لە دەنگی ویژدانی خۆیاندا بگرن نەوەك بە دوای حەزو ئارەزووەکانی خۆیاندا بکەون، هەروەها دەبێت ئەو ڕەفتارانە ئەنجام بدەن و وەربیگرن کە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار. ئەو ڕەفتارو خوڕەوشتانەش تەنها پەیوەندی بەخودی تاکە کەسەکانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بەو کۆمەڵگایەشەوە هەیە کەتێیدا دەژێت، بۆئەوەی هەست بەبوونی ژیانێکی ئاشتی و ئارامی بکەن، نەك تەنها هەر ئەوەندەش، بەڵکو بەویست و ئیرادەی پەروەردگار، دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی پاداشتێکی بەرزو باڵا لە ڕۆژی قیامەتدا.

ڕاستیەکی زۆر گرنگ هەیە کەنابێت لەبەر چاوان وون بێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ژیانەی شەیتان دەیخاتەڕوو، کە بە جل و بەرگێکی ئاوا ڕازاوەتەوە بۆ ئەوەی زۆر سەرنج ڕکێش بێت، ئەوە ئەو ژیانە تەنها فێڵ و هەڵخەڵەتاندنە.
شەیتان لەوانەیە هەموو پەیمانێك بدات بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی بۆ ژیانی ئەم دنیایە، و هەوڵ دەدات بۆ هەڵگەڕاندنەوەی خەڵکی لەسەر ڕێگای ڕاست، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەو ڕێگایەی کە شەیتان خۆی پێی

نزيك دەكاتەوە لە ئادەميزاد بۆ ئەوەی بەدوايدا بكەون ئەوە تەنها دەبێتە هۆی لەناوچوونی يەكجاری ئەو كەسانەی كە بەدوای ئەو ڕێگايەدا دەكەون و وەری دەگرن. ئەمەش لەبەر ئەوەيە چونكە شەيتان و شوێنكەوتووەكانی پێشتر شكێندراوون و لەناوچوون. هەروەك پەروەردگار بۆمانی ڕوون دەكاتەوە لەم ئايەتانەی خوارەوەدا :

" ... وَإِن يَدۡعُونَ إِلَّا شَيۡطَٰنٗا مَّرِيدٗا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنۡ عِبَادِكَ نَصِيبٗا مَّفۡرُوضٗا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمۡ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمۡ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلۡأَنۡعَٰمِ وَلَأٓمُرَنَّهُمۡ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلۡقَ ٱللَّهِۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيۡطَٰنَ وَلِيّٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدۡ خَسِرَ خُسۡرَانٗا مُّبِينٗا ﴿١١٩﴾ ﴿ س – النساء – ١١٧ – ١١٩ ﴾ واتە : " ... ئەوانەی كە هاناو هاواريان هەر بۆ شەيتانی سەركەش و ياخيە كە پەروەردگار لە هەموو خێرێكدا دايماڵيووە. ئەو شەيتانەی كە خوا نەفرەتی لێكردووە و ووتوويەتی : سوێند بێت بەتۆ ئەی خوا بەشێكی دياريكراو لە بەندەكانت دائەبڕم لە ئيمان و خواناسی،سوێند بێت بەتۆ گومڕايان دەكەم و بە ئاوات و خەياڵی پووچەوە سەرگەرميان دەكەم و خۆم فەرمانيان پێدەدەم و هانيان دەدەم و ئينجا ئەوانيش بێگومان گوێی ئاژەڵەكانيان دەبڕن. هەروەها فەرمانيان پێدەدەم ئەوانيش دروستكراوانی خوا دەستكاری بكەن و بيگۆڕن، جا ئەوەی لە جياتی خوا شەيتان بكاتە پشتيوانی خۆی، ئەوە بەڕاستی ديارە دووچاری زيان و خەسارەتمەنديەكی ئاشكرا بووە ".


## گرووپە لادەرەكان جۆرەكانی تری


## كاری توونوتيژی ئەنجام دەدەن

لە بەشەكانی پێشەوەی ئەم پەرتووكەدا ئاماژەمان بە ژمارەيەك لە وولاتانی جيهان كرد، بە تايبەتيش ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكا، سەبارەت بە پەرستنی ئەو شتە پرو پووچانەی كە لەلايەن ڕژێمە ئايينيە لادەرەكانەوە پەيرەو دەكرێت و دەستی پێوەدەگيرێت و چۆنيەتی بەشداری كردنی ئەو جۆرە گرووپانە لە كاری تيرۆرستيدا. ئەو گرووپە تێكدەرانە داب و نەريت و ڕێساكانی ناو كۆمەڵيان شێواندووە، وخەڵك و نەتەوەكانی تر هاندەدەن بۆ ئەنجامدانی كاری توونوتيژی، كە سەرئەنجام دەبێتە هۆی كوشتن و خۆتەقاندنەوە ( Suicide )، هەندێك لە ديارترين ئەو كەسانە ئەمانەن : داڤيد كۆريش ( David Koresh ) و شوێنكەوتووەكانی كە خۆكوشتنی بە كۆمەڵيان ئەنجام دا، هەروەها گرووپی پەرستگای دەرگای بەهەشت ( Heaven's Gate Cult ) كە هەمان كاری خۆكوشتنيان ئەنجام داوە، هەروەها گرووپی ئووم شينريكيۆ ( Aum Shinrikyo Cult ) كە ئەمانە ئازارو ئەشكە نجەی سەدەها خەڵكيان داوە بە هۆی بەردانەوەی گازی ژەهراوی بۆناو سيستەمی گواستنەوەی ژێر زەوی ياپانی.

*پەرستگای خەڵك، کە لە ساڵانی ١٩٧٠ دا دەمەزرێندرا لە ژێر سەرکردایەتی – جیم جۆنس – چووە ناو مێژووەوە بەهۆی ئەنجامدانی ترسناکترین کرداری خۆکوشتنی بە کۆمەڵ کە منداڵیشبان لەگەڵدا بوو بە هۆی خواردنی زەهر.*








سەرەرای ئەمانەش هەموو رۆژێك لە ئەمریکا هێرش و کاری توندوتیژی ئەنجام دەدرێت لەلایەن گرووپی نەناسراو و خۆکوژیە بە کۆمەڵەکانەوە، گەورەترین خۆکوژیش تاکو ئێستا ئەنجام درابێت ئەو خۆکوژیە بوو کە لە باڵەخانەی پەرستگای خەڵك ( peoples Temple ) ئەنجام درا.

ئەم پەرستگایە لە ژێر فەرمانڕەوایی جیم جۆنس ( Jim Jones ) بوو ، لە کۆتایی ساڵی هەفتاکاندا دروستکراوە کە ژیان لەم پەرستگایەدا گۆشەگیرو دابڕاو بوو لە ناوچەکانی تری جیهاندا کە شوێنێکی دارستانی بوو کەوتۆتە باشوری ئەمریکا. پاش ژمارەیەك سکاڵاکەر لە ساڵی ١٩٧٨ دا، ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمریکی بە ناوی لیۆ ریان ( Leo Ryan ) سەردانی شوێنی ئەو پەرستگایەی کرد کە ناسراو بوو بە شاری جۆن ( Jonestown ) لە کارێکدا کە ئامانج لێی زانینی ڕاستیەکان بوو. لەو کاتەی لیۆ ئەو شوێنەی جێدەهێشت، هەژدە کەس لە ئەندامانی پەرستگا، ئەوانەی کە دەیانویست پەرستگا بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی یاوەری لیۆ بکەن، لەو شوێنەدا کاری توندوتیژی دەستی پێکردوو هەڵگیرسا. ئەوەبوو ئەندامانی پەرستگا تەقەیان لەو کەسانە کرد کە هەوڵیان دەدا پەرستگا بەجێبهێڵن.





لە ئەنجامدا لیۆی ئەندامی کۆنگرێسی ئەمریکی و سێ ڕۆژنامەنوس و یەکێك لە ئەندامە یاوەرەکانی کوژران. هەروەها پازدە کەسی دیکەش بریندار بوون. دوای چەند کاتژمێرێکی کەم لەم ڕووداوەدا، سەرکردەی پەرستگا فەرمانی بە ئەندامەکانیدا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵ کوژیەکی گەورە بە هۆی خواردنەوەی ژەهراویترین ماددەی پۆتاسیۆم. لە سەرەتادا منداڵەکان گیانیان لەدەستدا، ئەو منداڵانە کوژران لە ئەنجامی دەرزی لێدانی ژەهراوی کە دەیانکردە ناو دەمەکانیانەوە بەهۆی سرنجەوە. پاشان زیاتر لە نۆسەد کەسی تر کە لە نێوانیاندا منداڵیشی تێدا بوو خۆیان ژەهراوی کردو خۆیان کوشت.


بە هاتنی ساڵی ١٩٩٠ ، ئەو گرووپەی کە سەرنجی زۆربەی خەڵکی بۆلای خۆیدا ڕاکێشابوو بەهۆی کۆمەڵ کوژیەکانیەوە، ئەوە گرووپی پەرستگای داڤید کۆریش بوو. لە ١٩٩٣/٣/٢٨ دا ، لەو کاتەی هێزەکانی ئاسایش دەیانویست کێڵگەیەك لە ولایەتی تکساس بپشکنن ، ئەندامانی پەرستگا دەستیان کرد بە تەقەلێکردن لەو هێزانە. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا ئەو شوێنە گەمارۆدرا بۆماوەی پەنجاویەك ڕۆژ. لە پەنجاویەکەمین ڕۆژدا، یەکێك لە ئەندامانی هێزەکانی ئاسایش هەوڵیدا بچێتە ناو کێڵگەکەوە، لەو کاتەدا دووکەڵێك لە ناکاو بەرز بۆوە. هێزەکانی ئاسایشیش ڕایانگەیاند کە داڤید کۆریش ئاگری لە کێڵگەکەدا بەرداوە، کە لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی تەڵەکەبازی و فێڵ بوو کە لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو کێڵگەیەدا داندرابۆوە، کە لە ئەنجامدا بوە هۆی وەرگێرانی شوێنەکە بۆ پارچە ئاگرێکی گەورەی کۆنترۆڵنەکراو کە نۆهەت کەس بە هۆی سووتانی جەستەیانەوە گیانیان لەدەستدا.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ دا گرووپە لادەرەکان جارێکی تریش هەواڵی کاری توندوتیژیان لەسەر لاپەرەی ڕۆژنامەکاندا بلاوکردەوە، کاتێك نزیکەی چل کەس کە جلوبەرگێکی ڕەش و لابچینێکی وەرزشیان لەبەرکردبوو گەورەترین خۆکوژیان ئەنجامدا لە باکوری سان دیاگۆ ( San Diego ) کە تەمەنیان لە نێوان ٢٦-٧٢ ساڵ دابوو، ئەمانە خۆیان کوشت بەهۆی ئەو بیرۆکەیەی کە پێیان وابوو هەسارەی کلکداری هۆڵ بۆپ ( Hale Bopp ) دێت و دەیان گوازێتەوە لە زەویدا و هەڵیان دەگرێت بەرەو ئاستێکی بەرزتری ژیان ( بۆ ئاسمان ) ئەمەی خوارەوەش بیروباوەڕی ئەو جۆرە کەسانە کە چۆن لە ماڵپەرەکەیاندا باس کراوە :


ئەو خۆشیەی کە ئەندامە کۆنەکانمان لە سەروی ئاستی ژیانی مرۆڤەکاندا دروستیان کردووە، بۆمانی دەر دەخات کە ڕێگای هۆڵ بۆپ دروشمێکە ئێمە چاوەڕوانمان کردبوو ... ئێمە بیست و دوو ساڵە لە پۆلێکداین لێرە لەسەر هەسارەی زەویدا کە دوای ماوەیەك کۆتایی پێدێت لە ئاستی ژیانی مرۆڤدا. ئێمە بە خۆشحاڵیەوە خۆمان ئامادەکردووە بۆ جێهێشتنی " ژیانی ئەم دنیایە و دەڕۆین لەگەڵ تاقمی "تی" – مەبەست لە تی، بۆنی لو تروسداڵە ( Bonnie Lu Trusdele ) کە بەشداری لە دامەزراندنی پەرستگادا کردووەو لە ساڵی ١٩٨٥ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە مردووە. " ٤٤

ئەندامانی بیروباوەڕی بەدەستهێنانی بەهەشت پێیان وابوو کە ئەستێرەی کلکداری – هۆڵ بۆپ – دەیان بات بەرەو ژیانێکی بەرزتر، بۆیە بەهۆی ئەو باوەڕەیانەوە لەساڵی ١٩٩٧ دا خۆیان کوشت . ئەمەی خوارەوەش وێنەی بۆنی لو تروسە.







ئەو هەوڵ و تاقیکردنەوانەش زۆر بە دەگمەنی لە ژیانی زۆربەی خەڵکیدا بوونی هەیە کە بیر لەو جۆرە کارانەدا بکەنەوە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ئەم پەرتووکە دەخوێننەوە. بەڵام نابێت هیچ کەس هەڵبخەڵەتێندرێت بەهۆی ئەو ڕاستیانەی کە لە سێ نموونەی سەرەوەدا بە دووروودرێژی ڕوونمان کردەوە. ژمارەیەکی زۆر لە گرووپ و ڕێکخراوە لادەرەکان کاریگەریان لەسەر گەنجەکاندا هەیە لە زۆربەی وولاّتانی جیهاندا. بێگومان هەندێك کەس پێیان وایە کە ئەو بزوتنەوانە لەبەر ئەوەی دوورن لە خودی خۆیانەوە، ئەوە مانای وایە کە ناتوانن ببنە هۆکاری نانەوەی ئازارو ناخۆشی دژوار بۆ تاکەکەسەکان بە شێوەیەکی تایبەتی و کۆمەڵگاش بە گشتی. بە پێچەوانەشەوە، ئەو بزوتنەوانە جۆرەها شێوەی توندوتیژی دەجالی پیشان دەدەن کە دەتواندرێت وەری بگرێت و چۆن چۆنیش بلاّوی بکاتەوە.

## هێرشی ژێر زەوی گرووپە یابانیەکە

ئەو ئازارانەی ئەو جۆرە گرووپانە دروستی دەکەن بۆ سەر ژیان و سامانی ئەندامەکانیان تەنها مانای هەڕەشە ناگەیێنێت کە ئەمان پیشانی دەدەن. بەڵکو بیروباوەڕە لادەرو شێواوەکانی ژیان کە لەلایەن ئەو جۆرە گروپانەوە هاندەدرێت، ئەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگا تێکدەدات. ماوە ماوە هەندێك لەو جۆرە گرووپانە هێرشەکانیان ڕاستەوخۆ ڕێك دەخەن و ئەنجامی دەدەن کە خەڵکی بێتاوان دەکەنە ئامانج. یەکێك لەو نموونانە، گرووپێکی لادەری یابانیە کە ناسراوە بە گرووپی ئووم شینریکیۆ ( Aum Shinrikyo Cult)، ئەم گرووپە گازی ژەهراوی بەرداوە بۆناو وێستگەی گواستنەوەی شەمەندەفەری تۆکیۆ. هەروەها ئەم گرووپە بەرپرسیاریەتی خۆیانیان ڕاگەیاند سەبارەت بە هەمان هێرشی گازی کە کرایە سەر ماتسومۆتۆ (Matsumoto) لە نزیك شاری تۆکیۆ کە لە ئەنجامدا حەوت کەس کوژران و ١٤٤ دیکەش برینداربوون.

بە پێی ڕاسپاردەکانی سەرکردەی ئەم گرووپە کە ناوی شۆکۆ ئاساهارایە (Shoko Asahara)، دەڵێت تەنها بەهۆی کاری کوشتن کەسێك دەتوانێت ڕۆحی خۆی پاك بکاتەوە. شوێنکەوتووەکانی خۆی فێر دەکرد کە دەست بەسەرداگرتنی جیهان تەنها بە ئەنجامدانی کاری توندوتیژی دێتەدی. ئەو کارو ڕەفتارانەی کە خەڵکی ئاسایی بە کاری دڕندانە دایان دەنێن، کەچی بۆ ئەندامەکانی ئەم گرووپە کارێکی باش و ڕەفتارێکی ڕاستە.

ئامانجی یەکەم و سەرەکی لەو هێرشەی کە لەساڵی ١٩٩٤ دا ئەنجامدرا، دادوەرەکان بوون ئەوانەی کە تۆمەتیان دەخستە پاڵ ئەم گرووپە و لە شوێنێکدا دەژیان کە لەلایەن وەزیری داد بۆیان تەرخان کرابوو. لە یەکەم هێرشیاندا توانیان حەوت کەسیان لێبکوژن. لەهەمان کاتدا ئەم گرووپە دەستیان بە دروستکردنی حەفتا تەن لە بەرهەم هێنانی توانای گازی سارین کرد بە شێوازێکی ئاسان، بە فەرمانی شۆکۆ ئاساهارا دەستکرا بە دروستکردنی هەزار تفەنگی ڕەشاش و ملیۆنەها گوللە. هەروەها بە هۆی یارمەتی شارەزاو پسپۆرانی ڕوسی کە لە لایەن ئەم گروپەوە بەکرێ گیرابوون، هەوڵەکان دەستیان پێکرد بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی جۆرە چەکێکی ناوەکی. هەروەها هەر لە سەردەمی چالاکیەکانی شۆکۆ ئاساهارادا کاری فراندن و کوشتن ئەنجام دەدران، بە تایبەتی ئەو پارێزەرو داواکارە گشتیانەی کە دژی چالاکیەکانی ئەم گرووپە ڕادەوەستان.

ئەو هێرشەی کە کرایە سەر سیستەمی گواستنەوەی ژێر زەمین بووە هۆی کەوتنەوەی کاردانەوەیەکی یەکجار توند دژی ئەم گرووپە. هەزارەها خەڵکی دانیشتووی شارەکە لەو کاتەی کە دەچوون بۆسەر کارەکانیان کاریگەریان کرایە سەر بەهۆی ئەم هێرشەوە. دوانزە کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە پێنج هەزاری دیکەشیان گەیێندرانە نەخۆشخانەکانەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان، وئەم هێرشە بووە بە نموونەی هەڕەشەیەکی یەکجار ترسناکی ئەم گرووپە کە ڕای گشتی دژی وەستان.

هەروەها لەو نموونانەی سەرەوەدا بۆمان دەرکەوت کە جۆرە بەد ڕەفتاریەك ڕەچاو دەکرێت لەو گرووپانەدا کە دەیانەوێت بەو کارانەیان بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان بخەنە ڕوو کە دوور بێت لە بەهاو ڕەفتارە ئاینیەکانەوە. ئەندامانی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی گشتی لە توانایاندا هەیە هەموو جۆرە کارێکی تێکدەرانە و لادەرانە ئەنجام بدەن، هەر لە بەدڕەوشتی ماددە بێهۆشکەرەکاندا بگرە تا دەگاتە دزیکردن، وهەر لە کاری ڕفاندنەوە تا ئازارو ئەشکەنجەدان، بۆیە ئەمانە ئەو کاتە لەناو دەچن کە ژیانیان کۆتایی پێبێت.

پێویستە ئەوەش بگوترێت کە بەڕاستی شتێکی سەرسورهێنەرە کەسانێك هەن باوەڕیان بە پەروەردگار نیە، لە خوا ناترسن و ڕەتی دەکەنەوە دان بەڕاستیەکاندا بنێن ولەهەمان کاتدا بەشداری لە کارو ڕەفتارە توندوتیژیەکاندا دەکەن. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو کەسانە باوەڕیان بە لێپرسینەوە نیە کە لەگەڵیاندا دەکرێت لەسەر کارو کردەوەکانیاندا، هەروەها باوەڕیان بەوە نیە کە لە ڕۆژی دواییدا تووشی دادگایکردن دەبنەوە. جگە لەمانەش ئەمانە لەوانەیە بیروباوەڕێکی ناڕاست و نەگونجاو وەربگرن لەسەر ژیانی پاش مردن کە هەموو شتەکان بە پێی حەزو ئارەزووەکانیان دەبێت، بەڵام تەنها تاکە ڕێگای ڕاست، ئەو ڕێگایەیە کە لەلایەن پەروەردگارەوە دیاریکراوە بۆ بەندەکانی. هەرکەسێك شارەزایی لە ئایینی خوادا هەبێت و کاری پێ بکات، ئەوە کەسێکی چاك خواز و ئیماندارە . هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا پەروەردگار فەرمانی بە ئادەمیزاد داوە کە بیر بکاتەوە و هۆکارەکان بەکار بهێنێت. ئەگەر بارودۆخەکەش وای لێهات، ئەوە مەحاڵە بۆ ئیماندارە ڕاستەقینەکان گیرۆدەی هیچ سیستەمێکی ئایدەلۆژیایی ببن بەبێ گوێدان بە وژدانیان و بەکارهێنانی هێزو تواناکانیان بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکان. لە هەموو چرکە ساتێکی ژیانیاندا کارو کردەوە چاکەکان بە گوێرەی ویژدانیان ئەنجام دەدەن و بە شێوەیەکی ژیرانە ڕەفتار دەکەن. بەم پێیەش، ئەمە دەیانپارێزێت لە هەموو جۆرە بەدڕەوشتیەك و ڕەفتارێکی ناشیرین. بڕوادارە ڕاستەقینەکان ئەوانەن کە بە بەردەوامی و چەسپاویەوە لەسەر ڕەگی ئەو ڕێگایەدا دەمێننەوە کە لەلایەن پەروەردگارەوە دیاریکراوە. کەچی بۆماوەیەکی یەکجار زۆرە ئەو جۆرە گرووپانەو ڕێکخراوانە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕووی خۆیان لەو ڕێگایەدا وەرگێڕاوە.

گومان لەوە دانیە کە ئەو کارە توندوتیژی و تیرۆرستیانەی ئاماژەمان بۆیان کرد، تەنها ڕوخساری تیرۆر پیشان نادەن لە کاتی ئێستا و دنیای ئەمڕۆدا، بەڵکو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لە زۆربەی وڵاتاندا بۆ ماوەیەکی زۆرە ترس و تیرۆر بڵاودەکەنەوە و هەروەها بوونەتە هۆکاری کوشتنی هەزارەها خەڵکی بێتاوان. لەو ڕێکخراوەنەش، ڕێکخراوی ئیرا (IRA) کە ڕێکخراوێکە بۆماوەیەکی زۆرە بۆتە درکێکی تیژ بۆ حکومەتی بریتانیا، هەروەها ڕێکخراوی ئیتا (ETA ) لە هەرێمی باسکی ئیسپانیادا، هەروەها ڕێکخراوی ئەسالا (ASALA) کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ئەرمینیە، چەندەها ساڵە هێرش دەکاتە سەر ئەو دیبلۆماسە تورکانەی کە لە دەرەوەی وڵاتی تورکیادا خزمەت دەکەن. ئەمە جگە لە ڕێکخراوی پەکەکەش (PKK). سەرەرای ئەوەی کە هەموو ئەو جۆرە ڕێکخراوانە پاڵنەری ئایدەلۆجیای جیاوازیان هەیە، بەڵام هەموو ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان و ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی لە بەکارهێنانی کاری توندوتیژیدا دەکەن، جا ئەو ڕێکخراوانە بن کە ناوەکانیان لێرەدا باس کراوە یاخود ئەوانەی کە لەم پەرتووکەدا باس نەکراون، یان ئەوانەی کە هەست بە کارە تیرۆریستیەکاندا دەکەن یاخود نا، ئەمانە هەر هەموویان لەسەر یەك خاڵدا کۆکن، ئەویش ئەوەیە کە ئاپین ڕەت دەکەنەوە. فاکتەری سەرەکی ڕووکردنی هەر کەسێك بەرەو کاری گێرەشێوێنی و توندوتیژی، جا گرنگ نیە هەر بیروبۆچونێکی دنیایی هەبێت، ئەوەیە کە ئەو کەسانە بیروباوەڕ و هەستێکی ویژدانی ئەوتۆیان نیە کە بیان گێڕێتەوە لە نەکردنی ئەو جۆرە کارانەدا.

گروپی ئووم شینریکیۆ پێیان وایە کە مرۆڤ تەنها بە کوشتن ڕۆحی پاك دەبێتەوە . ئەم گروپە بوونە هۆی کوشتنی ١٢ کەس و بریندارکردنی هەزارەهای دیکی لە ئەنجامی بەردانی غازی ژەهراوی بۆ ناو تونێلی گواستنەوەی میترۆ لە تۆکیۆدا.










# کۆتایی

لە ماوەی ئەم پەرتووکەدا، داکۆکیمان لەسەر ئەوە کردووە کە خەڵکی ڕەتی دەکەنەوە گوێ لە دەنگی ویژدانی خۆیاندا بگرن، هەر ئەمەش پاڵیان پێوە دەنێت بەرەو ئاراستەی کاری توندوتیژی و درندەیی. بە شێوەیەکی گشتی خەڵك ئەو ڕاستیەیان پشتگوێخستووە کە ئەوان بەرپرسیارن بەرامبەر پەروەردگار و دەبێت لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت لەسەر هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامیان داوە. کاریگەرترین ئامرازی ڕوو وەرگێرانی ئەو جۆرە خەڵکانە و دوورکەوتنەوەیان لە کاری توندوتیژی و تیرۆر، لە یەکەم قۆناغدا، چارەسەرکردنی ئەو نەزانییەیە کە خەڵکی ئاراستە دەکات کە بەرەو ئەو ڕێگایەدا هەنگاو بنێن. لە کاتێکدا زۆربەی وولاّتان ڕوو لە ئامرازەکانی جێبەجێکرنی یاسا و ستراتیژیەتی سیاسی و ئابووری دەکەنەوە کاتێك کە مامەڵە لەگەڵ تیرۆردا دەکەن، بەلاّم ئەو ڕێگایانە بە تەنها بەس نین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لەلایەن خودی ئەو وولاّتانەوە. بەلکو ئەوەی بەڕاستی پێویستە بکرێت لەم بارەیەوە ئەوەیە کە دەبێت ئەو بیروباوەڕ و ئایدەلۆجیایەی کە تیرۆری لەسەر دامەزرێندراوە، تێکبشکێندرێت و لەناو ببردرێت. ئەنجامدانی ئەو کارەش پێویستی بە جەنگێك هەیە دژی ئەو بیروباوەڕ و ئایدەلۆژیایەی کە هانی ڕقو کینەو توندوتیژی دەدات، هەروەها دەبێت ئەمانە بگۆڕدرێن بە ڕەفتار و بەها جوانەکان کە لە ئاینەوە سەرچاوەیان گرتووە و فێری دەبن.

هەروەها لە ماوەی ئەم پەرتووکەدا بۆمان دەرکەوت کە داروینیزم بنەمای دامەزرێنەری ئەو ئایدەلۆژیایەیە. ئەم تیۆرەش، کە ئەمڕۆ هەموو بەهایەکی زانستی لەدەست داوە و پڕوپووچ و بێمانا بۆتەوە لە هەموو ڕوێك و لۆجیکێکدا، هۆکاری سەرەکیە کە ئەم تیۆرە لەکاتی ئێستادا هێشتا تیۆرێکی دروستکراوی زیندووە کە بیروباوەڕەکەی دەستی پێوە دەگیرێت. بۆیە کاتێك ئەو بیردۆزە کۆتایی پێدێت و دوردەخرێتەوە، ئەوە ئەو ئایدەلۆژیایەی کە سەرچاوەی لێوە-

-گرتووە و لەسەری دامەزراوە تووشی لەناوچوون دەبێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە شەڕی دژی داروینیزم زۆر پێویست و گرنگە بۆ ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ مرۆڤ بێتەکایەوە.

یەکێك لە ستراتیژیە گرنگەکانی ئەو شەڕەش ئەوەیە کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەو بیروباوەڕ و ئایدەلۆژیایە پیشانبدرێت لەم بارەیەوەشدا هەموو پێکەوە هەڵەکانیان و فرت و فێڵەکانیان بەدەر بخەین. هەروەها ستراتیژیەکی تری گرنگتر ئەوەیە کە ڕەفتارو بەهاو خوڕەوشتە ئایینیەکان بۆیان ڕوونبکرێتەوە کە بەهۆیەوە دەتواندرێت ئاشتی و ئارامی ڕاستەقینە بهێندرێتە کایەوە. کاتێك خەڵك بیروباوەڕو زانیاری کەمیان دەبێت لەسەر ئایینی ڕاستەقینە، ئەوە دەکەونە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی بێدینەکانەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕوونکردنەوەی ئایینی ڕەستەقینەو پیشاندانی ئەو بەهاو ڕەفتارانەی کە لە لایەن پەروەردگارەوە فەرمانیان پێدراوە بۆ تەواوی جیهان، کارو ئەرکی هەموو تاکە کەسێکە کە دەیانزانێت و کاریان پێدەکات.

ئەمڕۆ لە هەموو جیهاندا، بیروباوەڕی دەجال بەربڵاوبۆتەوە، بە مانایەکی تر، ئاژاوە و تووندوتیژی و گێرەشێوێنی تەشەنەی کردووە و بڵاوبۆتەوە. بە درێژایی مێژوودا، پەروەردگار چەندەها نەتەوەی خراپ و تێکدەری لەناوبردووە. هەموو ئەو نەتەوە و بزوتنەوانەش کە لەسەر بنەمای دڕندەیی و تووندوتیژی دامەزراوون، کە پەنا بۆ کاری تووندوتیژی و تیرۆر دەبەن و سەرکوتی خەڵك دەکەن و دەیان چەوسێننەوە، ئەوە بێگومان تووشی هەمان چارەنووس دەبنەوە. هەموو ئاژاوەچییەکان و تیرۆریستەکان چارەنووسیان لەناوچوون و تێکشکانە. هەر نەتەوە و وولاتێکیش پشتگیری لە کاری ئاژاوە و تیرۆردا بکات، ئەوە دەبێت بڕوخێت و لەناو بچێت. کاری تووندوتیژی هەرگیز تاسەر بەردەوام نابێت. هەر بۆیەشە چۆنیەتی لەناوبردنی نەتەوە خەرا پەکان لە قورئاندا باس کراوە :

" فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ ۚ وَٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾


﴿ س – الانعام – ٤٥ ﴾. واتە : " ئینجا ئیتر ئەو گەلەی ستەمیان کردو بێ بێباوەڕ بوون بنبڕکران. ( ئەو کاتەش ئیماندارو فریشتەکان دەڵێن ) : سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهان ".



هەروەها دەجالیش بەهەمان شێوە کۆتایی پێدێت و لەناودەچێت. ئەم لەناوچوونەش گومانی تێدانیەو هەر دەبێت بێتەدی. ئەو کەسانەی کە پەنا بۆ ئەنجامدانی کاری تووندوتیژی و تیرۆریستی دەبەن، پێویستە ڕووی خۆیان لەو جۆرە کارانەدا وەربگێڕن و لێی دووربکەونەوە لەترسی ئەوەی کە تووشی هەمان چارەنووس نەبنەوە. پەروەردگار دەفەرموێت لەو کەسانە خۆش دەبێت کە تۆبە دەکەن و پەشیمان دەبنەوە لە گوناهەکانیان و ڕوو لە پەروەرگاریان دەکەن. ئەوساش پەروەردگار بەرپرسیاریەتی ئەو کارانەیان ناخاتە ئەستۆ کە لەئەنجامی نەزانی و بێهۆشیەوە ئەنجامیان داوە یاخود لەبەر ئاشنا نەبوونیان بە ڕەفتار و خووڕەوشت و بەها ئاینیەکانەوە. پەروەردگار میهرەبان و خاوەن بەزییە. بۆیە ئەو کەسانەی کە هانی کاری تووندوتیژی دەدەن و خەڵك ئازار دەدەن، نابێت هەرگیز وا بیربکەنەوە و بڵێن تازە " زۆر درەنگە بۆ گەرانەوە و تۆبە کردن " هەرگیز درەنگ نیە کە پشت لە کاری تووندوتیژی و تیرۆر بکەیت و بگەرێیتەوە. ئەوەی پێویستە لەسەر ئەو کەسانە ئەنجامی بدەن تەنها داوای لێخۆشبوون و تۆبەکردنە بەرامبەر پەروەردگار بە دڵێکی پڕ سۆز و ڕاستگۆییەوە، هەروەها دەست هەڵبگرن لەو کارانەی کە ئەنجامیان داوە و کۆتاییان پێ بهێنن. لەم ئایەتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت کە چۆن پەروەردگار بەڵێنی لێخۆشبوونی بەو کەسانە داوە کە بەنەزانی و کاری خەرا پەکاریان ئەنجام داوە و پاشان بەدوای لێخۆشبووندا دەگەرێن :

" وَإِذَا جَآءَكَ ٱلَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِـَٔايَـٰتِنَا فَقُلْ سَلَـٰمٌ عَلَيْكُمْ ۖ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَىٰ نَفْسِهِ ٱلرَّحْمَةَ ۖ أَنَّهُۥ مَنْ عَمِلَ مِنكُمْ سُوٓءًۢا بِجَهَـٰلَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُۥ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥٤﴾

﴿ س – الانعام – ٥٤ ﴾. واتە : " کاتێک ئەو کەسانەی هاتن بۆلات کە ئیمان بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەهێنن، ( ئەی پێغەمبەر، ئەی ئیماندار) پێیان بڵێ : سڵاوتان لێبێت کە پەروەردگارتان فەرزی کردووە لەسەر خۆی بە ڕەحم و میهرەبان بێت، ئەگەر کەسێکتان بە نەزانی و بە نەفامی گوناهێکی ئەنجام داو پاشان تەوبەی کردوو پەشیمان بۆوە و پاش ئەنجامدانی خەراپەکەشی چاکسازیشی کرد، ئەوە با دڵنیابێت کە پەروەردگار زۆر لێخۆشبوو و میهرەبانە ".



# سەرچاوەکان ئەم پەرتووکە هەروەك خۆی کە لە زمانی ئینگلیزیدا هاتووە


1. Lisan al-'Arab.
2. Sahih Al-Bukhari.
3. Sahih Muslim.
4. Bediuzzaman Said Nursi, Risale-i Nur Collection, Letters, Fifteenth Letter, The Fourth Question, The Second Current.
5. Teysir-al Wusul ila Jami-al Usul, pp. 457-458.
6. Sahih Muslim.
7. Saban Dogen, Mehdi ve Deccal (Mahdi and Dajjal), Gençlik Yayincilik, 2nd edition, Istanbul, 1998, p.59.
8. V.I. Lenin, "On the Question of Dialectics," Collected Works, 4th English Edition, Progress Publishers, Moscow, 1972, vol. 38, pp. 358.
9. Suyuti, al-Fath al-Kabir, i, 315; ii, 185; iii, 9; al-Hawi li'l Fatawa, ii, 217; Abu 'Abdullah Daylami, Musnad al-Firdaws, i, 266, cited in Bediuzzaman Said Nursi, Risale-i Nur Collection, The Second Station of the Fifth Ray, Sixth Matter.
10. Bediuzzaman Said Nursi, Risale-i Nur Collection, The Second Station of the Fifth Ray, Sixth Matter.
11. Musnad, 3: 367.
12. Ibn Majah, Sahih Muslim.
13. Sahih Muslim.
14. Sahih Al-Bukhari.
15. Charles Darwin, The Descent of Man, 2nd edition, New York, A L. Burt Co., 1874, p. 178.
16. Francis Darwin, The Life and Letters of Charles Darwin, Vol. I., D. Appleton and Company, New York, 1888.
17. James Ridgeway, Blood In The Face, Second Edition, Thunder's Mouth Press, New York, 1995, p.52
18. World Church of the Creator, Frequently Asked Questions, (http://www.wcotc.com/faq)
19. http://www.adl.org/special%5Freports/wcotc/wcotc%2Dintro.html
20. S. Hogan-Albach, D. Pardue, "The Word Misread Klan Twists Bible's Message to Back Racist Beliefs," Knight Ridder Newspaper, June 27, 1996.
21. Matt Sharkey, American Dream, Generation 21, August 1-8, 1999.
22. http://hatewatch.org/research.php?op=readarticle&lid=15
23. Matt Hale's Speech, Illinois, January 14, 2001, (http://www.stop-the-hate.org/wcotc.html)
24. The Explosion of Hate The Growing Danger of The National Alliance, (http://www.adl.org/explosion_of_hate/intro_venomous_voice.html)
25. General Principles of National Alliance, (http://www.natvan.com/what-is-na/na1.html#natural)
26. S. Hogan-Albach, D. Pardue, "The Word Misread Klan Twists Bible's Message to Back Racist Beliefs," Knight Ridder Newspaper, June 27, 1996.
27. David Michaels, Neo Nazi Terrorism, International Policy Institute for Counter-Terrorism, April 21, 2000.
28. Paul Duggon, "From Beloved Son to Murder Suspect," The Washington Post, February 16, 1999.
29. The Explosion of Hate The Growing Danger of The National Alliance, (http://www.adl.org/explosion_of_hate/intro_turner.html)
30. http://www.mayhem.net/Crime/mcveigh.html
30 Announcements of Church of Satan, (http:/www.churchofsatan.com/home.html)
32. Anton LaVey, Birth of Tragedy, Issue No.4, November 86-January 87.
33. Expert On Satanism Sees Terrorism Dangers Ahead, Online Athensnews, February 28, 1999.
34. Expert On Satanism Sees Terrorism Dangers Ahead, Online Athensnews, February 28, 1999.
35. Vexen Crabtree, ADescription of Satanism, (http://simon.crabtree.com/satanism/modern.html)
36. Magister Peter Gilmore, Satanism the Feared Religion, (http://churchofsatan.com/Pages/Feared.html)
37. The Doctor Is In, Shane & Amy Bugbee, (http:www.churchofsatan.com/Pages/MFInterview.html)
38. Magister Peter Gilmore, Satanism the Feared Religion, (http://www.churchofsatan.com/Pages/Feared.html)
39. Vexen Crabtree, ADescription of Satanism, (http://simon.crabtree.com/satanism/modern.html)
40. Magister Peter Gilmore, Satanism the Feared Religion, (http://www.churchofsatan.com/Pages/Feared.html)
41. Magister Peter Gilmore, Satanism the Feared Religion, (http://www.churchofsatan.com/Pages/Feared.html)
42. Church of Satan Youth Communique, (http://www.churchofsatan.com/Pages/Youthletter.html)
43. www.mayhem.net/Crime/cults.html
44. www.mayhem.net/Crime/cults.html
45. Hugh Ross, The Fingerprint of God, p. 50